# ڕۆڵی کۆماری کوردستان لە پێشخستنی ئەدەبدا

هەوار عومەر فەقێ ئەمین

٢٠٠٨

# *ڕۆڵی کۆماری کوردستان لە پێشخستنی ئەدەبدا*

**بابەت: ڕاگەیاندن**

**نوسەر: هەوار عومەر فەقێ ئەمین**

**پیتچنین و هەڵەبڕی: هەوار عومەر فەقێ ئەمین**

**ساڵ: ٢٠٠٨**

**ئیمیڵ:** hawaramen٨٠@gmail.com

**ئەم کتێبە بەشێکە لە توێژینەوەی بەکالۆریۆس لە کۆلێژی زمان / زانکۆی کۆیە بە گۆڕانکارییەوە.**

**پێشکەشە بە:**

- **دایک و باوکم کە لە ژێر بارانی سۆزو خۆشەویستی ئەواندا چرۆی بەهاری ژیان و هەوڵ و خوێندنم گەشایەوە؛**
- **خانەوادەی ئازیزو خۆشەویستم؛**
- **هەمو خوێنەرێکی بەڕێز.**

**هەوار ئەمین**

## ناوو هێما کورتکراوەکان:

ح. قزڵجی: حەسەنی قزڵجی (سەرنوسەری گۆڤاری هەڵاڵە)

س. م. حەمیدی گرشاسپ: سەید محەمەدی حەمیدی (سەرنوسەری ڕۆژنامەو گۆڤاری کوردستان)

ع. بێژەن: عەبدولڕەحمانی زەبیحی (سەرنوسەری گۆڤاری نیشتمان)

ق. م: مەلا قادری مودەریسی (سەرنوسەری گۆڤاری گڕوگاڵی منداڵانی کورد)

خ. خوسرەوی: عەلی خوسرەوی (نوسەری ڕۆژنامەو گۆڤاری کوردستان)

ع. هەژار: عەبدولڕەحمانی شەرەفکەندی (شاعیر)

م. ش. ازەر: محەمەدی شاپەسەندی (نوسەرو وەرگێڕ لە گۆڤاری نیشتمان)

م. ش. هێمن: محەمەد ئەمینی شیخ الاسلامی موکری (شاعیر)

م. ص. قزڵجی: محەمەد سادقی قزڵجی (نوسەری گۆڤاری هەڵاڵەو گڕوگاڵی منداڵانی کورد)

م. نادری: دڵشادی ڕەسووڵی (نوسەری ڕۆژنامەو گۆڤاری کوردستان)

ژ. ک: کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان

ا. ا. ڕژدی: ئەحمەد ئیلاهی

# پێشەکی

ئەم کتێبە توێژینەوەی کۆتایی خوێندنی زانکۆیەو بە هەندێک گۆڕانکاری کەمەوە، ئەم گۆڕانکارییانەم بەسەردا هێناوە بۆ ئەوەی زیاتر بناغەو بنەمای نوسینی کتێبی هەبێت و ڕێکسختن لە ڕیزبەندی بابەتەکاندا بکەم، لە هەمان کاتدا هەڵەچنیم بۆ نوسینەکە کردوە، بەڵام وام بە باشزانی کە ئەو ئاستەی کە لەو کاتەدا هەمبوە لە نوسیندا وەک خۆی بمێنێتەوەو گۆڕانکاری زۆر لە شێوەی داڕشتنی نوسینەکەدا نەکەم.

هەڵبژاردنی ئەو ماوە مێژووییەی ئەدەب و ڕۆژنامەنوسی کوردی سەردەمی بوژانەوەی کلتوری هاوکاتە لەگەڵ دامەزراندنی حیزبێکی کوردی و دامەزراندنی یەکەم کۆماری کورد، کە ڕۆژگارێکی گرنگ و بە بایەخە لە مێژوی کورددا لە ڕوی پەروەردەیی و سیاسی و ڕۆشنبیری و ئەدەبی و کلتوری.

دامەزراندنی کۆمار وەک چرای ڕوناکیدەرو هیوابەخشی هەمو کوردێک بوو، کە وەک مەنزڵگەی ئەویندارانەی ڕوناکبیران و نیشتمانپەروەرانی کوردستانی عێراق و تورکیاو سوریایش دەبینرا، کە ڕویان لە کۆمار دەکرد بۆ

ئەوەی لە ژێر سایەی حوکمێکی کوردی لە کوردستاندا وچانێک بدەن و بحەسێنەوە.

ئەو لێکۆڵینەوانەی، کە پێشتر دەربارەی ئەم بابەتە کراون و ئەو کتێبانەی کە لەم بوارەدا نوسراون زۆرن، بەڵام زۆربەیان لە بواری مێژوی کۆماری کوردستان و شۆڕش و سیاسەتەکانی ئەو سەردەمەیان نوسیوە، ئەوەی لە بواری ڕۆژنامەو گۆڤارەکانی سەردەمی کۆماری کوردستان نوسیویانە کتێبی کەمن، هەر لەبەرئەوەشە سەرچاوە لەم بوارەدا زۆر کەمبوەو تەنها چەند کتێبێک هەیە. ئەمەش هۆیەک بوە بۆ هەڵبژاردنی ئەم بابەتەو نوسین دەربارەی یەکەم کۆماری کوردیی کە بە فەرمی کاری کردبێت و ڕۆڵیکی بەرچاوو کاریگەری لە خستنەڕوی داخوازییەکانی کورد چ لە بواری سیاسی چ لە بواری پەروەردەیی و ڕۆشنبیریدا بینیوە، گۆڤارو ڕۆژنامەکانی سەردەمی کۆمار سەرچاوەیەکی دەوڵەمەندە لە مێژوی کلتورو ڕۆشنبیری کورد ، کە ڕۆڵێکی سەرەکی لە پێشخستنی ئەدەب و ڕۆشنبیری و پەروەردە و هزری تاکدا هەبوە.

ئەوەی لێرەدا مەبەستمە دەرخستنی ئەو ڕەنگدانەوە ڕۆشنبیرییەیە، کە سەرکردەی کورد قازی محەمەد هەوڵی بۆ داوەو نوسەران و شاعیران بونە پێشەنگی کاروان و هەڵگری چرای شۆڕش لە سەردەمی کۆماری کوردستانداو دواتر بوە چرایەک بۆ شۆڕشەکانی دواتری گەلی کورد.

کتێبەکە بە گشتی تیشکدەخاتەسەر مێژوی ئەدەبی و حوکمڕانی کۆماری کوردستان لە نێوان ساڵانی ١٩٤٤-١٩٤٦، کە زیاتر تیشکیخستۆتەسەر چاپەمەنی و بڵاوکراوەکانی سەردەمی کۆماری کوردستان، کە نزیکەی ساڵێکی خایاندو هۆکارە فیکری و ڕۆشنبیرییەکانی پێش سەرهەڵدانی کۆماری کوردستان و چالاکییە ڕۆشنبیرییەکانی سەردەمی کۆمار.

ئەمەش خستنەڕوی لایەنە پڕشنگدارەکانی قۆناغێکی مێژویی حوکمرانی کوردە، کە توانیویەتی قۆناغێکی نویٚ بۆ ڕۆژنامەو ڕۆشنبیری کوردیی بێنێتەکایەوە، ڕۆڵی ئەو قۆناغەی ڕۆژنامەنوسی لە پێشخستن و گەشەکردنی ئەدەبیاتی کوردیدا تا ئێستاش بەرز دەنرخێنرێت، جگە لەمەش بنیادی ڕۆشنبیری و هزری کوردستانی ڕۆژهەڵات و زەمینەی پەیوەندی لەگەڵ کوردستانی باشورو

ڕونکردنەوەی ئەو پەیوەندییە دەردەخات لەگەڵ ڕوداوەکانی کۆمارو ڕەنگدانەوەی لە سەر ناخی هاوڵاتی کوردی لە ڕێگەی ڕۆژنامەنوسی سەردەمی کۆمار خۆیەوە، کە سەرچاوەیەکی سەرەکی و دەستنیشانکردنی تایبەتمەندێتی بزوتنەوەی ڕۆشنبیریی ڕۆژهەڵاتی کوردستان. کتێبەکە بریتییە لە: پێشەکی و سێ بەش و ئەنجام و سەرچاوەکان و پاشکۆ پێکهاتوە.

بەشی یەکەمی ئەم بابەتانە لەخۆدەگرێت: مێژوی دروستبونی کۆماری کوردستان، پەیوەندییەکانی کۆماری کوردستان.

بەشی دوەم ئەم بابەتانە لەخۆدەگرێت: گۆڤارو بڵاوکراوەکانی سەردەمی کۆماری کوردستان و دوای ڕوخاندنی کۆمار، باس و بابەتەکانی نێو ڕۆژنامەو گۆڤارەکانی پێش کۆماری کوردستان و سەردەمی کۆماری کوردستان، چالاکییە ڕۆشنبیرییەکانی سەردەمی کۆماری کوردستان.

بەشی سێیەم پێکدێت لە بیبلۆگرافیایی ڕۆژنامەگەری سەردەمی کۆماری کوردستان و پێش دامەزراندنی کۆمار.

پاشکۆ چەند بەڵگەنامەیەکی وێنەیی لەخۆدەگرێت.

# بەشی یەکەم

## ١-١/ مێژوی دروستبونی کۆماری کوردستان

لە نێو ئەو مێژوە مەزن و پڕ کارەساتانەدا هەوڵ و جموجوڵی کوردەکان لە بوارێکی دیکەدا، کە نیشاندەری بلیمەتی و زیندویی ڕۆحی ئەو میللەتەیە، ئەمەش لە پێناو سەربەخۆیی و ئازادی نەتەوەو ژیانیان تێدەکۆشان، کە وەک ژیانەوەیەکی گەورەی فیکری فەرهەنگی لە هەمو بوارە جیاجیاکاندا دەبینرێت.

لە دێر زەمانەوە کوردستانێکی ئازاد خەونی نەتەوەپەروەرانی کورد بوە، بۆیە کورد هەمیشە هەوڵی ڕزگارکردنی وڵاتیان داوە لە دەست ڕژێمە داگیرکەرەکان، ئەم هەوڵانەش بە پێی قۆناغەکانی مێژو گۆڕاوەو هەوڵەکانیش نەگەیشتونەتە ئەوەی حکومەتێکی کوردی سەربەخۆ پێکبهێنرێت و تەمەنێکی زۆر بخایەنێت، هەر زو داگیرکەران توانیویانە بە هەر هۆیەک بوبێت بە ئاسانی حکومەتە کوردییەکەیان لەناوبردو وڵاتەکەمانیان داگیرکردوەتەوە، هەروەک لە ساڵی ١٩٢٠ لە کوردستانی باشور حکومەتێکی کوردی بە سەرۆکایەتی شێخ مەحمود دامەزراوە، لە کوردستانی ڕۆژهەڵات بە سەرۆکایەتی قازی محەمەد لە کانونی دوەمی ساڵی ١٩٤٥ تا کانونی یەکەمی

ساڵی ١٩٤٦ دا ئەم خەونە هاتەدی و هەر زو پوکایەوە، هەرچەندە ئەو ماوە کەمەی حوکمی کۆماری کوردستان ئاسەوارێکی گرنگ و بە بایەخی بەجێهێشت، کە تا ئێستاش کورد ئەو شێوازە سەرکەوتوەی حوکمڕانی نەدیوەو شانازی بەو حوکمڕانییەی کۆمارەکەی قازی محەمەدەوە دەکات.

هەڵویستی نەرێنی حکومەتی ئێرانی بەرانبەر داواکارییەکانی کورد بە درێژایی ساڵەکانی جەنگی دوەمی جیهانی ئەو کوشت و کوشتارەی فەرماندە سەربازییەکانی شاهەنشا لە ناوەندی کوردستاندا هاندەرێکی گەورە بوو بۆ دروستبونی بزوتنەوەی نەتەوایەتی کورد[١]، لەگەڵ دەستپێکردنی دوەمین جەنگی جیهانیدا (کۆمەڵەی ئازادیخوازی کورد) دامەزرا، بەڵام ژمارەی ئەندامەکانی لە پەنجەی دەست تێپەڕی نەدەکرد، زیاتر گەنجە خوێندکارەکان لە ڕێگەی (مەلا داودی)یەوە، کە دوکانێکی بچوکی هەبو کۆدەبونەوە، ڕێگەخوشکەر بو بۆ بیرورِا گۆڕینەوەو ورياکردنەوەو گەشەپێدانی هەستی نەتەوایەتی

[١] یاسین سەردەشتی (٢٠٠٣:١٤١)

و درێژەدان بە کاری حیزبی بۆ دامەزراندنی کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد، کە بە (ژێ کاف) ناسراوە[1].

کۆمەڵەی ژ.ک یاداشتێکیان بە ناوی دانیشتوانەوە پێشکەش بە (ئاغای فهیمی) کە وەزیری (ڕاوێژکاری حکومەت و ڕاپەرێنەری بەشێکی ئەرکەکانی شاهەنشا بو) کرد، کە مۆرو ئیمزای ژمارەیەکی زۆر خەڵکی پێوەبو، تیایدا داوای مافە نەتەوایەتییەکانی کوردیان دەکردن، هەرچەندە ئاغای فەهیمی کە چوەوە تاران هیچ باسێکی ئەم یاداشتەی نەکردو بە دوایدا نەچو، لەوانە:

١. پێویستە حکومتی ئێران دان بە زمانی کوردیدا بنێت و وەک زمانی فەرمی بۆ (٣) ملیۆن کوردی ناوچە کوردنشینەکان؛
٢. زمانی کوردی بکرێتە زمانی فەرمی خوێندن و بەڕێوەبردن و دادگاکانی کوردستان؛
٣. هەمو ئەو باج و دەرامەتانەی کە لە کوردستان کۆدەکرێتەوە، پێویستە لە بنیاتنانی خوێندنگاو نەخۆشخانەو ئاوەدانکردنەوەی خودی کوردستاندا خەرجبکرێت؛

---

[1] هیمداد حوسێن (٢٠٠٢:٢٢)

٤. دەبێت کارمەندانی دەوڵەتی لە کوردستاندا کورد بن[١].

لە ١٦ی ئابی ١٩٤٣ دا (١٢) لاوی کورد، کە زۆبەیان وردە بازرگان و فەرمانبەری بچوکی ناوشار بون کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردییان دروستکرد، لەبەر پاراستنی نهێنی خۆیان ژمارەی ئەندامانی کۆمەڵەکەیان لە سەد کەس کەمتر هێشتەوە بەشێوەی شانەی ڕێکخراو کۆدەبونەوە، هەفتەیەک هەرگیز لە ماڵێکدا دووجار کۆبونەوە ڕێکنەدەخرا، بەرنامەو دەستوری کۆمەڵە نەتەوەیی بوو، بونە ئەندامیش تەنها بۆ ئەوانە بوو، کە بە تەواوی ڕەسەنن واتە دایک و باوکیان کورد بێت (یەک ڕەگ بن)[٢].

کۆمەڵەی ژێ. کاف بە هۆی بەرنامەی نیشتمانی چەشنی ڕێکخراوەیی و هەڵسوڕانییەوە بە خێرایی لە سەرانسەری کوردستان لقوپۆپی هاویشت و کۆمەڵانی زەحمەتکێش و بازاڕی و کاسبکارو عەشیرەتەکانی کورد لە بزواندنی

---

[١] یاسین سەردەشتی (٢٠٠٣:١٢٨)

[٢] ئارچی ڕۆزفڵد، و. ئەکرەم قەرەداخی (٢٠٠٢:٧)

هەستی نەتەوایەتی و وریاکردنەوەی سیاسی خەڵکدا نەخشێکی گرنگیان هەبو.

دامەزراندنی کۆمەڵە لە مێژوی خەباتی کورد لە کوردستانی ئێراندا دیاردەیەکی نوێ بوو، چونکە یەکەم ڕێکخراوی سیاسی بو، کە لە لایەن خەڵکی ئاساییەوە پێکهات، دامەزرێنەرانی کۆمەڵە لە چین و توێژەکانی ناو خەڵکی مهاباد بون، ئەوان بە دامەزراندنی کۆمەڵە ڕێوڕەسمی کۆنیان شکاند بەوەی ئەمجارە سەرۆکایەتی جوڵانەوەیان نەدایە دەست ئاغا یان شێخ و دەرەبەگ[١].

دەرگای بونە ئەندام لە ژ. ک دا تا ڕادەیەک کراوەو لە سەر بنچینەی کوردبون بوو، شێوەی وەرگرتنیش هەر کوردێک ببێتە ئەندام دەبوایە لە کۆبونەوەیەکی نهێنی و لە بەردەم سێ ئەندام سوێند بە قورئان بخوات کە[٢]:

١- خیانەت بە نەتەوەی کورد نەکات؛

٢- کۆشش بۆ خودموختاری کوردان بدات؛

---

[١] عومەر باڵەکی (٧٨:٢٠٠٤)

[٢] مەحمود مەلا عیزەت (٢٠٠١: ٨٠-٨١)

٣- هیچ نهێنییەکی ڕێکخراو بە زمان و قەڵەم و ئیشارەت ئاشکرا نەکات؛

٤- هەتا ئاخری عومری هەر ئەندام بێت.

پاش پەرەسەندنی کۆمەڵە ژمارەی ئەندامانی بەرەو زیادبون دەچو، کە گەیشتە نزیکەی ١٢٠٠ ئەندام، قازی محەمەد چەند جارێک ویستی بێتەناو ڕیزی کۆمەڵەوەو نەیدەویست لە جوڵانەوەکە داببڕێت بیری لە سەرکردایەتیکردنی کۆمەڵە کردەوە، بۆیە بۆ وەرگیرانی لە ڕیزی کۆمەڵە بێ ئومێد نەبو، پاشان کۆمەڵە بون بە دوو بەشەوە هەندێکیان پێیانخۆش بو بێتە کۆمەڵەوە هەندێکی تر نەیاندەویست بێتەناو کۆمەڵە، بەڵام لە دواییدا کۆمیتەی ناوەندی بێ ئەوەی پرس بە سکرتێری کۆمەڵە بکات قازی بە ئەندام وەرگرت و لە ماوەیەکی کەمدا توانی سەرکردایەتی کۆمەڵە بگرێتەدەست[١]، بونی قازی محەمەد بە سەرۆک کومەڵە ئەوەندەی تر پشتیوانی بۆ پەیدابو، مەلاکانی وڵاتی موکریان لەم ڕووەوە خزمەتێکی گەورەیان پێشکەشکرد[٢]، کەسایەتی قازی محەمەد وایکرد، کە هیواو

[١] بڕوانە سەعید مەموزینی (٢٠٠٧: ٢٤٠-٢٤١)

[٢] حەلائەدین سەجادی ( ١٩٩٦: ١٨٢)

ئاواتەکان و دەرخستنی لە هەموکەس سەرکەوتوتر بێت، هەربۆیەش لەلای خەڵک ئەوەندە خۆشەویست بو، کە بۆ یەکەمجار لە مێژوی خۆیدا سەرکردەیەک خەڵک نازناوی پێشەوای پێدابو[1].

هێمنی شاعیر لە بیرەوەرییەکانیدا لە سەر ئەو ڕوداوانە بەمجۆرە دەدوێت[2]: (پێشەوا قازی محەمەد ئەندامێکی سادەی کۆمەڵە بوو، ناوی نهێنی (بینای) بوو ....، سەرۆکی کۆمەڵە کە پیاوێکی زۆر تیکۆشەرو ئازاو پاک بوو، لە کادری ڕابەریدا نەما.).

یەکێک لە گۆڕانە زۆر گرنگەکان لە مێژوی شۆڕشی کوردیدا لە کۆمەڵەی ژێ کاف ڕەنگیدایەوە ئەوە بو بە کردار مەیلی ناوچەگەری خستەلاوە، شۆڕشەکە قاڵبێکی نەتەوەیی کە دور لە هەر بیرێکی ناوچەگەری لە ناخی تاکەکانی و ئەندامەکانیدا چەسپاندوە، کە هۆیەکی گرنگ بو بۆ بڵاوبونەوەی هەستی نیشتمانپەروەری و نەتەوایەتی، هەربۆیە هەموو ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ژ.ک کە حیزبی

[1] عومەر بالەکی ( ٢٠٠٤: ٨٣)
[2] سەیران حیکمەت، سەردار شەمزاو (٢٠٠٥: ٧٠)

دیموکراتی کوردستانی له سەر بیناتنرا ئەو بناغەیەیان چەسپاند.

دوای ئەوەی قازی محەمەدو چەند کەسێکی تر بانگکران بۆ باکۆ، له پاش گەڕانەوەی لیژنه بۆ سابلاخ هەمو خەڵکی شارو سەرۆکی عەشایەرو خەڵکی موکریان له کۆتایی تشرینی دوەمی ١٩٤٥ دا کۆمەڵەی ژ.ک ناونرا کۆمەڵەی دیموکراتی کوردستان به ئاگاداری هەموان[١].

حیزبی دیموکرات له لایەک پشت ئەستور بو به پشتیوانی خەڵکی کوردستان هێزه دیموکراتییەکان له بەشەکانی دیکەی ئێران و کوردستان، له لایەکی تریشەوه به بەڵێنی پشتیوانی سیاسی و مادی یەکێتی سۆڤیەت پشت ئەستور بون، هەربۆیه به لەبەرچاوگرتنی هەلومەرجی ناوەوەو دەرەوه بۆ به فەرمی ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان زەمینه به تەواوی ئامادەبو[٢]، بەو هۆیەوه له ١٩٤٥/١٢/١٢دا کۆبونەوەیەکی زۆر گەوره له سەرۆکی عەشایەرەکان وخەڵکی ناوشارو قوتابییانی قوتابخانەکان لەناو شاری مهاباد کرا، قازی محەمەد بڵاویکردەوه، کەوا لەم مێژوه به

---

[١] بڕوانه عەلائەدین سەجادی (١٩٥٩: ٢٦٩)

[٢] عومەر بالەکی ( ٢٠٠٤:٩٢)

دواوە مهابادو کوردەکان لە حکومەتی تاران جیادەبێتەوەو لە ئیستە بە دواوە بانگەوازی سەربەخۆیی دەکا، لە ڕۆژی ١٩٤٥/١٢/١٦ ئالآی حکومەتی تاران لە سەر فەرمانگەکان هێنرانەخوارەوەو لەناو چەپڵەڕێزانی خەڵکدا ئالآی کوردستانی پیرۆز لە شوێنی هەڵکرا[١]، دروشمی ئالآکەش بەمجۆرە بو[٢]:

سەرەتا پارچەیەکی سور، پاش ئەو سپی، کە بە ئەندازەی چوار ئەوەندەی سورەکە، پاش ئەو سەوز بە ئەندازەی بەشی لە چوار بەشی سپیەکە لە ناوەڕاستی پارچە سپییەکەدا نیو کورە ڕۆژیک بەسەر ڕۆژەکەوە قەڵەمێک لەملاولای ڕۆژەکەوە دوو گوڵەگەنم بە ڕەنگی زەرد لەسەراوردی هەموانەوە بە شکڵی چەنبەر نوسرابوو (دەوڵەتی جەمهوری کوردستان).

ئەندامانی کۆمەڵە کە (١٤) ئەندام بون بڕیاریاندا کە جمهوری کوردستان بە فەرمی بڵاوبکەنەوە، لە ١٩٤٥/١٢/٢٦ لە پاش کۆبونەوەی هەمو خەڵکی سابڵاخ و سەرۆک عەشرەتەکان و قازی محەمەد بە جۆرێکی فەرمی

---

[١] عەلائەدین سەجادی ( ١٩٩٦: ١٨٤)

[٢] عەلائەدین سەجادی ( ١٩٥٩: ٢٧١)

لەناو دنیای خۆش و شادمانیدا کۆمارە نوێیەکە جمهوریەتی کوردستانی بڵاوکردەوە[1]، دواتر سەیفی قازی و قازی محەمەد بە جلوبەرگی جەنەڕاڵییەوە دەرکەوتن و سەربازان و قوتابییانی کورد نمایشێکیان لەبەردەم پێشەواو خەڵکەکەدا نواند، ئەوی پێویستی بە ڕەسمیاتی دروستکردنی حکومەتێکی تازە بێت، بەجێیانهێنا[2]، پەرلەمانی نەتەوەی کورد لە (١٣) ئەندام پێکهات و لە ٢٢ی کانونی دوەمی ١٩٤٦ قازی محەمەد هەڵبژێردرا بە سەرۆکی کۆمارە نوێیەکە[3].

سوپا بەشێوەیەکی ئارەزومەندانە پێکەوەنرا، کەس بە زۆر نەکرا بە سەرباز، کوردەکانی عێراق لە پێکەوەنانی ئەو سوپایەدا بەشداربون و هەمو دەزگاکانی دەوڵەت لە لایەن کوردەوە بەڕێوەبران، هەر بە دوای ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان نزیکەی لە سەدا ٣٠ی خاکی کوردستانی ڕۆژهەڵات ڕاستەوخۆ بێ هیچ گێرەو کێشەیەک کەوتەژێر دەسەڵاتی کۆماری کوردستان نوێنەرانی ناوچەکان لە

---

[1] بروانە حەسەن ئەرفەغ (٢٠٠١: ١٢٨)

[2] عەلائەدین سەجادی (١٩٥٩: ٢٧٢)

[3] ئارچی رۆزفڵت ( ٢٠٠٢: ٢٨)

ڕێوڕەسمی ٢٢ی ڕێبەندان بە دڵ و بە گیان بۆ دامەزراندنی دامودەزگای حکومەتی کوردستان وەخۆکەوتن[1].

دامەزراندنی کۆماری کوردستان وایکرد هەمو گروپ و حزبە سیاسییەکان ڕو لە کۆماربکەن و پەیوەندییان لەگەڵ خەڵکی شارو ناوچەکەدا دامەزراندو پشتیوانییان لە کۆمارەکە کرد، چونکە کۆماری کوردستانیان بە هی خۆیان دەزانی، جگە لەوەش پێشمەرگە کوردەکانی عێراق کە پەنایانبردبوە ئێران بە هەمان شێوە چونەپاڵ کۆمار، پێکەوەنانی کۆمار گیانی داگیرکەرانەی هێنایەلەرزین. هەروەک غەنی بلووریان بیرەوەری خۆی لە ڕۆژی دامەزراندنی کۆماری کوردستاندا دەگێڕێتەوە[2]: ( سەر لە بەیانی (٢ی ڕێبەندانی ١٣٢٥) مهاباد هەوایەکی خۆش و لەباری هەبو، حەشیمەتێکی زۆر لە ئەو دوو شەقامە گەورەی شار کە تێکەڵی چوار چرا دەبن کۆببونەوە پێشمەرگەی چەکدار ناوەندی چوار چرای دەپاراست ...، قازی محەمەد سەرپۆشی لە سەر قورئان و ئاڵاو نەخشەی کوردستانی لابرد و داب و ڕەسمی سوێند خواردنی بەجێ هێناو فەرمووی: ئەمن بە خودا، بە کەلامی عەزیمی خودا، بە

[1] بروانە حوسێن مەدەنی (٢٠٠١: ٢٧١)
[2] عومەر بالەکی (٢٠٠٤: ٩٢-٩٤)

نیشتمان، بە شەرافەتی میللی کورد، بە ئاڵای موقەدەسی کوردستان سوێند دەخۆم، کە تا ئاخرین هەناسەی ژیانم و ڕژانی ئاخرین تنۆکی خوێنم بە گیان و ماڵ لە ڕێی ڕاگرتنی سەربەخۆیی و بەرزکردنەوەی ئاڵای کوردستان دا تێ بکۆشم و نیسبەت بە جمهوری کوردستان و یەکیەتی کورد و ئازەربایجان موتیع و وەفاداربم.*).

لە پاش ئەوەی جەنگی دوەمی جیهانی ڕادەوەستێت و ڕوسیا پاشەکشە دەکات، ئەمەش سەرئەنجامێکی ئاسایی بو، کە پەلاماری کۆمار بدرێتەوە، کۆماریش بێ پشتیوان دەمێنی و کۆماری ئازەربایینجان دەڕوخێت، قازی محەمەد دوای سەردانەکانی سۆڤیەت زانیویەتی، کە سیاسەتی نێو نەتەوایەتی پێچەوانەی مانەوەی کۆماری کوردستانە[1]، دوژمن ئامادەنەبوو هیچ جۆرێک پێکهاتن و ڕێکەوتنێک بکات، لەم بارودۆخەدا پشتیوانی هۆزەکانیش لە قازی محەمەد کەمدەبوەوە، هۆزەکان تەنیا لەو ڕوەوە پشتگیرییان لێدەکرد، کە یارمەتییە ئابوری و عەسکەرییان بەدەستەوە بوو، ئاشکرابو لەگەڵ بڵاوبونەوەی هەواڵی پەیوەست بە مامەڵەی تاران- تەورێز هۆزەکان پشتیان لە

* دەقە وەرگیراوەکان وەک خۆی بەبێ دەستکاری ڕێنوسی نوسراوە.
[1] بڕوانە حیکمەت محەمەد کەریم (١٩٩٣: ٢١٤)

کۆمار کردو تەنها بیریان لە बارودۆخ و پێگەی خۆیان دەکردەوە ناکۆکی و ڕقەبەرایەتی نێوان خێڵ و تیرەو بەگزادەکان زیادیدەکرد[١].

ئەم هۆیانە وایکرد قازی محەمەد سەیفی قازی و محەمەد حسێن خان (وەزیری بەرگری کۆماری کوردستان) پێشوازییان لە سوپای داگیرکەر کرد، پێش ئەوەی بگاتەسنوری کۆمار بەشێوەیەکی ئارەزومەندانە خۆیان بەدەستەوەدا، هیچ بەرگرییەکیان نەکرد، تەنانەت یەک فیشەکیان بە ڕوی داگیرکەراندا نەتەقاند[٢]، دوای ڕۆشتنی بەرزانییەکان لە مهاباد ئەرتەشی ئێران ڕۆژی ١٩٤٦/١٢/١٧ بێ بەربەرەکانی هاتەنێو شاری مهابادو کۆتایی بە دەسەلاتی کۆمار هێناو هیواو ئاواتی ملیۆنەها کورد لە سەرانسەری کوردستاندا لەگەڵی کۆتایی پێهات، کۆماری کوردستان یەک ساڵیشی تەواو نەکرد بو، هێزەکانی دەوڵەت دەستبەجێ چاپخانەی کوردستانیان داخست و فێرکردنی زمانی کوردییان قەدەغەکردو هەمو کتێبە کوردییەکانیشیان سوتاند، دوای ئەوە کە ئەرتەشی

---

[١] بڕوانە دیڤد مەکداول ( ٢٠٠٣: ٤٠٢)

[٢] عەزیز شەمزینی ( ٢٠٠٦: ٣١٠-٣١١)

شارەکانی کوردستان یەک بە دوای یەک داگیرکرد، لە ١٩٤٦/١٢/١٧ پایتەختی کۆمار بێ هیچ بەرەنگارییەک گیرا[١].

لە ٢٠ی کانونی دوەمی ١٩٤٧ حوکمی لەسێدارەدانی قازی محەمەدو سەیفی قازی و سەدری قازی لە دادگا دەرچو، لە ٣١ی مارتی ١٩٤٧ کاتژمێر سێی پاش نیوەشەو کاتژمێر یکی ترسێنەر بو لەناو شاری مهاباد هەر لەو کاتەدا، قەنارەکانیان هەڵواسیبوو لەو شوێنەی کە ساڵێک پێشتر کۆماری کوردستانیان ڕاگەیاند بوو لەسێدارەدران، بەمەش خەمێکی چەندبارە بە دڵی کورددا درا و بۆ هەمیشە ئەو برینە سارێژنەبو.

قازی محەمەد بەر لەوەی ببرێتە بەرسێدارە دەستنوێژێکی شۆرد، کە بردیانەبەر قەنارەکە بە هەمو دڵفراوانییەکەوە دوو ڕکات نوێژی کردو گەلێک لە خودا پاڕایەوە، مەعنەویاتێکی بەهێزی هەبو، چوەبەر سێدارەکەو وتی: ئێوە ئێستە قازی محەمەدێک ئەکوژن و ئیعدامی ئەکەن، بەڵام شەعبی کوردی هەریەکە قازی محەمەدێکن، بڕوام وایە ئەو قازی محەمەدانە زۆر دڵڕەق ئەبن بەرانبەر ئەو کەسانە کە بون بە جەلادی شەعبی کورد ! ئەمەی وت

---

[١] عومەر بالەکی (٢٠٠٤: ١١٤-١١٦)

و پەتەکەی کردەملی خۆی، محەمەد حسێن خانی سیفی قازی لەو کاتەی کە بردیانە بەر قەنارەکە، وتی: شانازی ئەکەم بەوەی کە لە ڕێگەی نیشتیمانا ڕۆیشتم، بژی حوکمەتی کوردستان. پاش ئەمە ئەویش پەتەکەی کردەملی خۆی[1].

سەرئەنجام کۆماری کوردستان لە بارودۆخێکدا خوڵقا، کە ناوچەکە لە ڕوی ئابورییەوە لە ناو قەیراندا دەژیا، هەرواش مایەوە ئایندەی ئابوری مهاباد یان کوردستان بە گشتی تەنیا بە هاوئاهەنگی و هاوکاری لەگەڵ ناوچەکانی دیکەی ئێران دابیندەکرا، کۆمار ئەگەر چی بۆ نەتەوەپەروەرانی کورد لە هەمو جێگایەکدا ئیلهامبەخش بوو، بەڵام پێگەو بنچینەکەی زۆر ناجێگیربو[2].

دەتوانین بڵێین کۆماری کوردستان یەکێک بو لە ڕوداوە مێژوییە هەرە گرنگ و پڕ لە شانازییەکانی ئەم سەدەیەی مێژوی کوردو کوردستان، یەکێک بوو لە گرنگترین گۆڕانکارییە مێژوییەکانی نەتەوەی کورد لە هەمو مێژوی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستاندا، کە هەتا ئێستا بەو

---

[1] عەلائەدین سەجادی (١٩٩٦: ٢٠٧-٢٠٨)

[2] دیڤید ماکداول (٢٠٠٣: ٤٠٥)

میکانیزمەو بەو دڵسۆزی و لەخۆبردوییە لە ماوەی کەمتر لە ساڵێکدا گۆرانکارییەکی زۆر لە بواری پەروەردەیی و ڕۆشنبیری و نەتەوەیی و یاساییدا لە مێژوی کورددا ڕوینەداوە.

گرنگی ئەو قۆناغە لە چۆنیەتی کەسایەتی میللی و بڵاوبونەوەی فەرهەنگ لە نێو کۆمەڵانی خەڵکداو تێکەڵاوی ئەوان لەگەڵ یەکترو دامەزراندنی پێوەندی لە نێوان ئەوان و ناوەندە فەرهەنگی و فیکری و زانستی و ئەدەبیەکانی ناوچەکانی دیکەی کوردستاندایە، کە سەرجەمی ئەو ئاڵوگۆڕانە بەری ڕەنج و هەوڵدانی بەنرخ و پیرۆزی ڕوناکبیران و زانایان و ئەدیبانی کوردە، کە لە پێناوی بوژانەوەی فەرهەنگی میللەتەکەیاندا بون[١].

کۆمەڵەی ژ.ک هەنگاوێکی گەورەی هاویشت لە بواری بوژانەوەی هۆشی کوردایەتی و سەرخستنی ئاستی ڕۆشنبیری و ڕاکێشانی جەماوەری شارەکان بۆ کۆڕی تێکۆشان لە پێناوی ئازادی کوردستاندا، لە ڕوی کۆمەڵایەتیشەوە کاریگەری خۆی هەبوە، وەک هێمن دەڵێت: (بێجگە لەوەی کۆمەڵەیەکی سیاسی بوو کۆمەڵەیەکی

---

[١] بروانە عومەر بالەکی (٢٠٠٤: ٦٥)

کۆمەڵایەتی و ئەخلاقیش بوو زۆربەی ئەندامانی کۆمەڵە بڕوایان بەو سوێندە هەبوو کە خواردبوویان و دەستیان لە ئاکاری دزێو هەڵگرتبوو، دزی، خراپە، نێوان ناخۆشی لە کزیدا بوو دەتوانم بڵێم لە هەندێ جێگادا نەمابوو.)، هەژاریش ئەم ڕاستییەی لە بیرەوەرییەکاندا درکاندوە، کە دەڵێت: (خەڵکی لەسەر خەرمان نەدەنوستن کە دەیانزانی کەس دزیان لێ ناکا ...)[١].

یەکێک لە خاڵە گرنگەکانی بونی کۆماری کوردستان ئەوەیە، کە لە ڕێگەی چاپ و چاپەمەنی و بڵاوکراوەوە هەستی نەتەوەیی و ئاگایی خەڵک بەرزکرایەوە، پەروەردەو زانست بە خالی سەرەکی پێشکەوتنی نەتەوەو کورد دادەنرا، پێیان وابوو لە ڕێگەی پەروەردەو گەیاندنی زانیاری لە ڕێگەی ڕاگەیاندنەوە بیرو هزری تاکەکان فراوان دەبێت و ڕێگەی ڕزگاری و سەربەخۆیی دەدۆزنەوە، بۆ ئەمەش بڵاوکراوەکان چالاکییە پەروەردەیی و بڕیارە دروستەکان و جێبەجێکردنیان بەڵگەن لە سەر ئەو ڕاستییەو ئەنجامەکان. ئەو هۆکارانەی کە کاریگەری ڕۆشنبیری و فیکرییان لە سەرهەڵدانی کۆماری کوردستاندا

---

[١] یاسین سەردەشتی (٢٠٠٣: ١٢٩)

کرد، چالاکییەکانی کۆمەڵەی ژ.ک بو، کە بە درێژایی تەمەنی سێ ساڵەی خەباتی جگە لە کاری تەشکیلاتی زنجیرە چالاکی و ڕۆشنبیری و سیاسیشی ئەنجامدا، کە کاریگەری گەورەی کردەسەر کۆمەڵگای کوردی لە ڕوی بوژاندنەوەی هۆشی نەتەوەیی و سەرخستنی ئاستی ڕۆشنبیری و سیاسی خەڵک و ڕاکێشانیان بۆ کۆڕی تێکۆشان لە پێناوی ئازادی و دیموکراسیدا.

کوردەکان دەستکاری شێوەی ڕێکخستنی بەڕێوەبردنی جارانیان نەدەکرد، بەڕێوەبەرایەتی ناوچەکە شارەوانی دەزگاکانی دەوڵەت - پۆلیس خانە - بە هەڵبژاردنی ئازاد دیاریکران. کوردەکان خۆیان ئارامی وڵاتیان پاراست، بازرگانیان ڕێکخست و سیستەمی خوێندنیان گۆڕی.

دکتۆر قاسملۆ لە کتێبی کوردستان و کورد، بەم جۆرە باسی کۆمار دەکات: ئەو حکومەتە نیشتمانییە کەمتر لە ساڵێک خۆی ڕاگرت بەڵام هەر لەو ماوە کورتەدا قازانجی زۆری بە گەلی کورد گەیاند، زمانی کورد بۆ یەکەم جار بوو بە زمانێکی ڕەسمی و منداڵانی کورد بە زمانی زگماکی خۆیان قوتابخانەیان بۆ کرایەوەو کتێب و ڕۆژنامەی کورد

به چەشنێکی بێ وێنە بڵاوکرانەوەو ژنی کورد لە ژیانی سیاسی و فەرهەنگی وڵاتدا بەشداربوو.

کریس کوچرا لە کتێبی مێژوی کورد لە سەدەی ١٩ و ٢٠ دا بۆچونی خۆی بەم شێوەیە دەردەبڕێت: کۆماری کوردستان هەرچەند ناوچەیەکی بچووک بوو تەمەنی حکومەتەکەی زۆر درێژەی نەبوو بەڵام لە ڕاپەڕینی نەتەوایەتی کورد لە مێژودا جێگایەکی بەرز و بەنرخی هەیە، ئەوە یەکەم بزوتنەوەی کورد بوو کە دیترا ڕوناکبیران ئەو ڕاپەڕینە بەڕێوەدەبەن[١].

## ١-٢/ پەیوەندییەکانی کۆماری کوردستان

### ١-٢-١/ پەیوەندی کۆمار لەگەڵ حیزبی هیوادا

لەو هەلومەرجە سیاسییەدا پاش ئەوەی مژدەی ڕزگاربونی ناوچەی مهاباد لە سەرانسەری کوردستان ڕەنگیدایەوە، خەڵکی کوردستان هێندە بە تەنگ کۆمارەوە بون بڕیاریاندا بۆ پاراستنی درێغی لە فیداکاریدا نەکەن،

---

[١] عومەر باڵەکی (٢٠٠٤: ٩٦-٩٧)

هەموان وەک خەونی بەدیهاتوی کورد شانازییان پێوەدەکرد.

سەرەتا لە پێش دروستبونی کۆماری کوردستان لە ئابی ١٩٤٢ نوێنەرانی جوڵانەوەی ڕزگاری نیشتمانی کوردستانی ئێران و عێراق لە شاری مهاباد کۆبونەوە، لەم کۆبونەوەیەدا (١١) نوێنەری هەردولا بەشداربون، یەکێک لە بڕیارەکانی کۆبونەوەکە پێکەوەنانی ڕێکخراوێکی سیاسی بوو بە ناوی کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد[١].

کۆمەڵەی ژ.ک لە کوردستانی ئێران و حیزبی هیوا لە کوردستانی عێراق نوێنەری یەک بزوتنەوەی ڕزگاریخواز بون، کە لە پێناوی ڕزگاری کوردستان و سەربەخۆیی نەتەوەییدا تێدەکۆشان، هەر دوو ڕێکخراوەکە هەموو هێزە دیموکرات و پێشکەوتنخوازەکانی لاوان و ڕوناکبیران و نیشتمانپەروەرانی هەردو بەشەکەی کوردستانیان لە ژێر ئالاکەیاندا کۆکردەوە[٢].

پەیوەندی نێوان ژ.ک و هیوا بە پتەوی مایەوە تەنانەت کۆمەڵەی ژ.ک دوو ڕۆژمێری سالانەی بڵاوکردەوە،

---

[١] سەعید مەموزینی (٢٠٠٧:٢٣٨)

[٢] عەزیز شەمزینی (٢٠٠٦:٣١٧)

هەردوکی بە ناوی خۆی و هیواوە بڵاوکردەوە، کە لە سەر دێڕی ڕۆژمێری ساڵی ١٣٢٢ دا نوسراوە: (بژی سەرۆک و کوردو کوردستان و هیوا*)، لە ڕۆژمێری ساڵی ١٣٢٣ دا لە سەر دێڕەکەیدا نوسراوە: (بژی سەرۆک و کوردو کوردستان و هیوا، ئەم ساڵی تازەیە لە هەمو ئەندامانی ژ.ک هیواو هەموو کوردێک، کە لە پێناوی سەربەستی نەتەوەی کورد تێئەکۆشی، پیرۆزبێت)، نوێنەرانی هەردو کۆمەڵە دیدەنی یەکترییان دەکردو ئاڵۆگۆڕی بیروڕاکانیان دەکرد[١].

کۆمەڵە ڕزگاریی و سەربەخۆیی و یەکگرتنەوەی کوردستانی گەورەی کردبوە ستراتیژ، هەروەک نوێنەرانی هەرسێ ناوچە داگیرکراوەکانی کورد کۆبونەوە بە ناوی پەیمانی سێ سنور، کە ( نوێنەری کوردەکانی ئێران و عێراق و تورکیا لە چیای (دڵانبەر)، کە کەوتۆتەسەر سنوری سیاسی (تورکیاو عێراق و ئێران) هەر بە ناوی ئەو شوێنەشەوە کۆبونەوە، کە بە کۆبونەوەی سێ قوڵی ناوبرا، دوای لێکۆڵینەوە گەیشتنە ئەو ئەنجامەی کە پێویستە سەرکردایەتییەکی یەکگرتو بۆ هەر سێ لقەکە دابنرێت، تا ڕابەرایەتی خەباتی نەتەوەی کورد لە هەر سێ پارچەکەدا

---

* هیوا مەبەست لە کۆمەڵەی هیوا بوو.

[١] نەوشیروان مستەفا (١٩٩٣:٧٢)

بکات، هەرچەندە ئەو بیروباوەڕە هەر لەسەر کاغەز بو، بەڵام هەنگاوێکی گرنگی بۆ سەربەخۆیی کوردستاندا، کە ئامانجی کۆمەڵەو هەمو کورد بو[1]).

بەوجۆرە کۆمەڵە لە مەیدانەکانی نوسین و ڕێکخستن و بیروباوەڕەوە پەیوەندی بە نوێنەرانی پارچەکانی تری کوردستان دەکرد و بە پێکهێنانی لقی ڕێکخستن وەک ڕابەری نەتەوەو سەرکردەی بزوتنەوەی کوردایەتی هاتەمەیدانی خەبات، بە چالاکی نهێنی و پارێزگاریکردنی ئەندامەکانی لە شاڵاوی دوژمن کارەکانی ئەنجامدا، هەوڵی بەدیهێنانی ئازادی دەدا.

## ١-٢-٢/ پەیوەندی کۆمەڵە لەگەڵ سۆڤییەتدا

سەبارەت بە یەکێتی سۆڤیەت بەڵگەیەکی مێژویی نییە تا ساڵی ١٩٤٣ پەیوەندییەک لە نێوان کۆمەڵەو لێپسراوانی سۆڤیەت لە ئێراندا هەبوبێت[2]، سەرەتا سۆڤیەت سیاسەتی وابو، کە کورد هیچ ناخۆشییەک دروستناکات لە ناوچەکەدا، لە دوای تەواوبونی شەڕ یەکێتی سۆڤیەت دەبوایە لە ماوەی

[1] یاسین سەردەشتی (٢٠٠٣:١٣٣)

[2] یاسین سەردەشتی (٢٠٠٣:١٣٠)

٦ مانگدا هێزەکانی خۆی لە ئێران بباتەدەرەوە، بەڵام سەرکردایەتی سۆڤیەت نەیدەویست هێزەکانی خۆی بە ئاسانی لە ئێران بباتەدەرەوەو دوای کشانەوە هێزەکانی جێگەی خۆی لەو مەڵبەندە گرنگەدا نەمێنێت و سەرمایەگوزارییەکەی بەفیڕۆبدات، بۆیە هەلومەرجی سیاسی سۆڤیەت وایخواست لەگەڵ گەلانی ناوچەکە پەیوندی هەبێت و گرنگییان پێبدات، بۆ ئەمەش پەیوەندی لەگەڵ پیاوە ناودارەکانی ئازەربایجان و کوردستاندا کرد، ئەمەش وایکرد، کە بەشێوەی ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆ لە دروستبونی هەردو کۆمەڵەدا دەستی هەبێت[١].

لە نیسانی ١٩٤٦ حکومەتی سۆڤیەت چەند خوێندکارێکی کوردی لە کۆماری کوردستان وەرگرت بۆ خوێندن لە بواری سەربازی و بەڕێوەبردن لە خوێندنگەیەکی سەربازی لە باکۆ، یەکەمجار چوار خوێندکار وەرگیران و دوای (١٥) ڕۆژ بیست خوێندکاری تر پەیوەندییان پێوەکردن، دواتر ژمارەی خوێندکارە کوردەکان کە وەرگیران لە کولێژی سەربازی باکۆ گەیشتە (٦٠) خوێندکار، ئەم خوێندکارانە پولێندەکران بە پێی توانای

---

[١] بڕوانە نەوشیروان مستەفا (١٩٩٣:٧٥)

زانستییان، حکومەتی سۆڤییەت هەمو خەرجییەکی دەکێشان و بەڕێوەیدەبردن[1].

### ١-٢-٣/ پەیوەندی کۆمار لەگەڵ بارزانییەکان

دوای تێکشاندنی گفتوگۆی بارزانییەکان لەگەڵ حکومەتی عێراقدا هێزەکانی شۆڕش پاش چەند شەڕێک بڕیاریاندا بکشێنەوە بۆ کوردستانی ئێران لە (١٩٤٥/١٠/١١) بارزانییەکان و خێزانەکانیان کە نزیکەی (١٠٠٠) چەکدار دەبون، چونەناو کوردستانی ئێران، کشانەوەی بارزانییەکان بۆ کوردستانی ئێران هاوزەمان بوو لەگەڵ دامەزراندنی حیزبی دیموکرات و حکومەتی کوردستان[2].

هەندێک لقی کۆمەڵە لە عێراقدا لە شاری موصڵ و کەرکوک و هەولێرو سلێمانی و ڕەواندزو شەقڵاوە دروستبون، لقێکی دیکەی کۆمەڵە لە تورکیا دروستبو، لەگەڵ ئەوەی لەو کاتەدا لە تورکیا هەر چالاکییەکی کوردپەروەری سزاکەی مردن بو[3].

---

[1] خدر سەرمۆردی، نەوزاد مەجید (٢٠٠٤:٩٧)

[2] نەوشیروان مستەفا (١٩٩٣:٨٠)

[3] ئارچی ڕۆزفلت (٢٠٠٢:٨)

# بەشی دووەم

## ٢-١/ بڵاوكراوەكانی كۆماری كوردستان

ڕۆژنامە زمانی كۆزانیاری و بیركردنەوەو تێگەیشتنی تاكەكانی كۆمەڵە، كە بە هۆیەوە زانیاری نوێ و بیروباوەڕو لێكدانەوەكان پێشكەش بە خوێنەرانی دەكات، ڕوخساری گەش و پڕشنگداری وەرچەرخان و مژدەبەخشی نێو شەوەزەنگی نەزانییە، كە وەك بزوتنەوەیەكی كاریگەری بیرو هۆش دادەنرێت و دەبێتە سەكۆی ئازادی و خرۆشانی هەستی نەتەوەیی.

ڕۆژنامە خەونی وەدیهاتوی ئەدەبدۆستان و زانستخوازانە، لە ڕێگەیەوە بەرهەمی زێڕینی ڕەنج و بیریان دەخەنەڕو، كە بە هۆی تیكۆشانی نێو ململانێی سەخت و دژواری ڕۆژگار لە سەردەمانێكدا هاتوەتەدی.

یەكێكە لە ڕێگا گرنگەكانی پێگەیاندنی هزری تاك لە ڕوی ڕۆشنبیری و كۆمەڵایەتی و پەروەردەیی و سیاسییەكاندا ڕاگەیاندنە، كە كاردەكاتەسەر بۆچونەكانی تاك و هەڵویستە سیاسییەكانیان، یەكێك لە سەركردە حكومڕانەكانی پێشوی وڵاتی فەنزویلا دەڵێت: (لەوە ناترسم دەرگای دۆزەخ لە ڕومدا بكرێتەوە، بەڵام لە ترسی جیرەی پێنوسی ڕۆژنامەنوسێک گیانم دیتەلەرزە.)، ناپلیۆن پۆناپەرتی

ئیمپڕاتۆری فەڕەنسا هێندە سڵی لە ڕۆژنامە دەکردەوە زۆرجار بێ سڵەمینەوە دەیگوت: (هێندە ترسم لە زمانی ڕۆژنامەنوس یان لە وتارێکی ڕۆژنامە هەیە، هێندە سڵم لە هەزار تۆپ و هەزار سەرباز نییە).

لە مێژودا هەمیشە چاپخانەو ڕۆژنامەنوسی دەورێکی پێشەنگیان بینیوە لە شۆڕش و بزوتنەوەکاندا بۆ بەرزکردنەوەی ورەی خەڵک و ئاستی زانیارییان، کوردیش وەکو نەتەوەیەکی مافخوراو لە جیهاندا بۆ بەدەستهینانی مافە ڕەواکەی ڕێگای جۆراوجۆری لە خەباتی ڕامیاری، چەکداری، ڕۆشنبیری گرتوەتەبەر، نوسەران پێیانوابوە ئەدەبی بەرهەڵستکاری وبیری بەرهەڵستکاری تاکە چەکێکە بۆ بنیادنانی هەستی نەتەوایەتی و هێزی بەرگریکردن دروستدەکات، بەمەش مرۆڤی ڕوناکبیر لە ژیاندا دژی چەوساندنەوە چەشناو چەشنەکان دریدەبڕێت و دەیکاتە ئامڕازێک بۆ بەرگری لە مافی خۆی و خاک و نیشتمانەکەی. کۆماری کوردستان بەڵگەیەکی زیندوی ئەم ڕاستییەیە، کە بوژاندنەوەیەکی ڕۆشنبیری و فەرهەنگی گەورەیان هێنایەئاراوە، لە ماوەی یازدە مانگی تەمەنی کۆماردا چەندین ڕۆژنامەو گۆڤارو نامیلکەیان چاپکردوەو بڵاویانکردوەتەوە.

پێشەوا قازی محەمەد خۆی ئەوەندە گرنگی بە پەروەردەو ئەدەب و ڕۆشنبیری کوردی داوە، کە (عبدالقادری دەباغی) لە بارەی گرنگی چاپخانەوە دەڵێت[1]: (چاپخانەی کوردستان لەو سەردەمەدا ئەوەندە گرنگ بو، کە زۆربەی ڕۆژان پێشەوای شەهید سەر لە بەیانیان بەر لە گشت کاری دەچوە چاپخانە.)، هەربۆیە چاپخانە لە ژیانی ڕۆشنبیری کۆماردا ئەرکێکی نەتەوەیی گەورەی لە ئەستۆ گرتبو، کە بوە هۆی بڵاوبونەوەو لە چاپدانی چەندین ڕۆژنامەو گۆڤار، بۆ زیاتر ئاشنا بون بەو کاروچالاکییانەو ڕۆژنامەو گۆڤارانەی لەو سەردەمەی کۆماردا دەردەچون، لێرەدا بە کورتی باسیاندەکەم.

## ١- ڕۆژنامەی کوردستان

ژمارە یەکی لە ڕۆژی پێنجشەممە ٢٠ی بەفرانباری ١٣٢٤ بەرانبەر ١١ی کانونی دوەمی ١٩٤٦ لە چاپخانەی کوردستان لە مهاباد چاپکراوە، بە چوار لاپەڕە هەفتەی سێ ژمارە، لە ( شەممەو ٢ شەممەو ٤ شەممە)دا بڵاودەکرایەوە.

---

[1] بڕوانە هیمداد حوسین (٢٠٠٢: ٧٧-٧٨)

## ٢- ڕۆژنامەی هاواری نیشتمان

ژمارە یەکەمی لە ڕۆژی پێنجشەممە (١٩ی بانەمەڕی ١٣٢٥ بەرانبەر ٩ی مەی ١٩٤٦) لە چاپخانەی کوردستان لە مهاباد چاپکراوە، تەنها پێنج ژمارەی بینراوەو (سەدیقی ئەنجیری ئازەر) سەرنوسەرو بەڕێوەبەری ڕۆژنامەکە بوە.

## ٣- گۆڤاری کوردستان

ژمارەی یەکەمی لە ڕۆژی پێنجشەممە ١٥ی سەرماوەرزی ١٣٢٥ بەرانبەر ١٩٤٦/١/٦) لە چاپخانەی کوردستان لە مهاباد چاپکراوە، گۆڤارەکە هەر پانزە ڕۆژ جارێک دەردەچو، پێنج ژمارەی لێبڵاوکراوەتەوە[١]، بەڵام لە ڕۆژنامەی کوردستاندا ژمارە ٢٥٧ دا نوسراوە (١٦) ژمارەی لێبڵاوکراوەتەوە[٢]، گۆڤارێکی (ئەدەبی، کۆمەڵایەتی، سیاسی) بوە، سەرنوسەری گۆڤارەکە (سەید محەمەد حمید)ی بو.

---

[١] کەمال مەزهەر ئەحمەد (١٩٧٨:٨٢)

[٢] ڕۆژنامەی کوردستان.ژ ٢٥٧، ل١٩

## ٤- گۆڤاری هاوار یان هاواری کورد

ئەم گۆڤارە ژمارە یەکی لە مانگی (ڕەزبەری ١٣٢٤ بەرانبەر سەرەتای ئۆکتۆبەری ١٩٤٥) لە چاپخانەی کوردستان لە مهاباد چاپکراوە، لە سەر بەرگی یەکەم تەنها (هاوار) نوسراوە، لە سەر بەرگی دوەمی بە (هاواری کورد) بڵاوکراوەتەوە، تەنها یەک ژمارەی لێدەرچوە.

## ٥- گۆڤاری ئاوات

ئەم گۆڤارە لە ڕۆژی سێشەممە (١ی خەزەڵوەری ١٣٢٤ بەرانبەر ٢٣ی ئەکتوبەری ١٩٤٥) لە چاپخانەی کوردستان لە شاری مهاباد چاپکراوە[١]، گۆڤارێکی (وێژەیی، زانستی، کۆمەڵایەتی) بوە، تەنها سێ ژمارەی لیبڵاوکراوەتەوە، سەرنوسەری گۆڤارەکە (محەمەد ازر/ محەمەد شاپەسەندی) بوە[٢].

---

١ جوتیار تۆفیق (٢٣:٢٠٠٧)

٢ گۆڤاری کاروان، ژ١٢٠، ل٦٢

## ٦- گۆڤاری هەڵاڵە

گۆڤاری هەڵاڵە ژمارە یەکی لە مانگی (ڕەشەمێی ١٣٢٤ بەرانبەر سەرەتای مارتی ١٩٤٦) لە چاپخانەی بۆکان لە بۆکان چاپکراوە، سەرنوسەری گۆڤارەکە (حەسەن قزڵجی) بوەو (٣) ژمارەی لێدەرچوە.

## ٧- گۆڤاری هاواری نیشتمان

گۆڤاری هاواری نیشتمان ژمارە یەکی لە (١ی خاکەلیوەی ١٣٢٥ بەرانبەر ٢١ی مارتی ١٩٤٦) لە چاپخانەی کوردستان لە مهاباد چاپکراوە، گۆڤارێکی (ئەدەبی، سیاسی، کۆمەڵایەتی) مانگانە بوە، سەرنوسەری گۆڤارەکە (ص. انجیری – ازر) بوەو ڕێکخراوی لاوان دەریانکردوە، تەنیا یەک ژمارەی لێدەرچوە.

## ٨- گۆڤاری گڕوگاڵی منداڵانی کورد

ئەم گۆڤارە ژمارە یەکی لە (١ی بانەمەڕی ١٣٢٥ بەرانبەر ٢١ی نیسانی ١٩٤٦) لە چاپخانەی کوردستان لە

مهاباد چاپكراوه، تەنها سێ ژمارەی لێبڵاوكراوەتەوە، (قادری مودەرسی) سەرپەرشتی بڵاوكردنەوەی گۆڤارەكەی كردوە.

## ٩- گۆڤاری زانست

ئەم گۆڤارە لە مانگی پوشپەڕی ١٣٢٥ بڵاوكراوەتەوەو مانگی ژمارەیەكی لێدەرچوە، لە لایەن (دڵشاد ڕەسوڵی)ییەوە سەرپەرشتیكراوە، گۆڤارێكی (زانستی، كۆمەڵایەتی، تربیتی، ئەدەبی) بوە[1].

## ١٠- بڵاوكراوەی دەنگی كورد

ساڵی (١٩٤٦) ئیبراهیم نادری بە هاوكاری مەحمود مەحدود و ساڵح ئیقلیدۆس و چەند كەسی دیكە لە مهاباد ئەم بڵاوكراوەیان دەركردوە، دوا ژمارەی لە كاتی ڕوخانی كۆماری كوردستاندا دەرچوە[2].

[1] ڕۆژنامەی كوردستان، ژ ٦١،ل٢
[2] جوتیار تۆفیق (٢٠٠٧:٣٧)

## ١١- ئاگر

لە چەند سەرچاوەیەکدا ئاماژە بۆ ئەوە کراوە، کە لە سەردەمی کۆماری دیموکراتی کوردستاندا ساڵی ١٩٤٦ گۆڤارێک یان ڕۆژنامەیەک بە ناوی ئاگرەوە بڵاوکراوەتەوە، بەڵام تا ئێستا زانیاری پێویست دەربارەی دەستنەکەوتوە[١].

## ١٢- گۆڤار یان ڕۆژنامەی ژیانی کوێستان

## ١٣- گۆڤار یان ڕۆژنامەی چیا

## ١٤- گۆڤار یان ڕۆژنامەی تروسک

ئەم سێ بڵاوکراوانە لە ڕۆژنامەی (ڕۆژانو) لە (٥ی کانونی دوەمی١٩٤٥) دا ناوی (٧) گۆڤارو ڕۆژنامەی نوسیوە، کە لەو دەمەدا واتە لە ساڵی ١٩٤٥دا لە کوردستاندا بڵاوکراونەتەوە[٢].

---

[١] جوتیار تۆفیق (٢٠٠٧:١٠)

[٢] جوتیار تۆفیق (٢٠٠٧:١٠)

## ٢-٢/ بڵاوكراوەكانی پێش كۆماری كوردستان و دوای ڕوخانی كۆماری كوردستان

چەند بڵاوكراوەیەک پێش كۆماری كوردستان و لە دوای ڕوخانی كۆمار دەردەچون، كە درێژكراوەی بڵاوكراوەكانی سەردەمی كۆمار بون، كە بریتییە لەمانەی خوارەوە:

### ٢-٢-١/ بڵاوكردنەوەی دەنگی ڕاستی

لە ئۆكتۆبەری ١٩٤٤ لە سلێمانی لە لایەن لقی كۆمەڵەی ژ.ک لە باشوری كوردستان بڵاوكراوەتەوە، تەنها دوو ژمارەی لێدەركراوە، ئیبراهیم ئەحمەد كە لێپرسراوی لقی كۆمەڵەی ژ.ک بوە لە باشوری كوردستان بە هاوكاری چەند ڕوناكبیرێكی دیكە دەریكردوە[١].

### ٢-٢-٢/ بڵاوكردنەوەی (٩) ژمارەی گۆڤاری نیشتمان لە نێوان (تەموزی ١٩٤٣ تا مایسی ١٩٤٤) لە (٧) بەرگدا.

ئەم گۆڤارە كاریگەرییەكی مەزنی كردەسەر جوڵاندنی هەستی نەتەوەیی، كە سەراپای وتارو هەڵبەست و

---

[١] جوتیار تۆفیق (٢٠٠٧:٢١)

بابەتەکانی بانگەواز بون بۆ کوردایەتی و برایەتی و ڕزگاریخوازی و بزوتنەوەی ڕۆشنبیری پێشخست بە جۆرێک دەستەیەکی باش لە نوسەران و شاعیرانی کوردی پێگەیاند، کە یەکەمین ئەزمونی ڕۆشنبیری کوردەکانی ئێران بو.

دەربارەی بلاوبونەوەی یەکەم ژمارەی نیشتمان، دەباغی دەڵێت[١]: (زۆری پێنەچو کتێبێکی بە ڕواڵەت بچوک دەرکەوت دەس بە دەس و ماڵ بە ماڵ و دێ بە دێ و شار بە شاری کوردستانی پێواو وڵاتی تامەزرۆی تێراو ڕوناک کردەوە، کۆمەڵانی خەڵک بە خۆشییەوە بە شوێن میرزاو خوێندوارێک دەگەڕان کە کوردی بزانێت ... بە ئیحترامەوە دەستیان بۆ دەبردو ماچیان دەکرد.)

گۆڤاری نیشتمان ئۆرگانی کۆمەڵەی ژ. ک بو بە زمانی کوردی بڵاودەکرایەوە، یەکەم ژمارەی لە ڕۆژی(پێنجشەممە ٣٠ی پوشپەڕی ١٩٤٣) دەرکراوە، ئەم گۆڤارە بە نهێنی لە تەورێز لە چاپخانەی خەلیفەگەری، کە خاوەنەکەی ئەرمەنی بووە چاپکراوە، بە نهێنی هێنراوەتەوە بۆ مهابادو لەوێوە دابەشکراوە، سەرنوسەری گۆڤارەکە

---

[١] یاسین سەردەشتی (٢٠٠٣:١٢٥)

(عبدالرحمن زەبیحی) و نوسەرانی گۆڤارەکە لە کوردستانی ڕۆژهەڵات وباشورەوە نوسین وشیعریان تێدا بڵاودەکردەوە، کە بریتی بون لە: محەمەد شاپەسندی، مەحمود وەلیزادە، هەژار، ع. بێژەن، م. هۆشەنگ، مەولەوی، زێوەر، ع. سامان، هێمن، گیوموکریانی، حەرق، م. ئاریا، م. فەرووخ، م. نادری، قانع، فانی، گرشاسب، ئیرەج.

لە گۆڤاری نیشتماندا وتاری نیشمانپەروەری و سیاسی دەنوسرا، کە داوای یەکگرتنی کوردانی دەکرد بەرەو ئازادی و سەربەخۆیی و پێشکەوتن، وتار لە سەر مێژوی شۆڕشی ئۆکتۆبەرو وێنەی لینین و ستالین و قارەمانەکانی کوردی سۆڤیەت لە لاپەڕەکانی نیشتماندا دەبینران.

لە ژمارە (١)ی گۆڤارەکەدا ئامانجی کۆمەڵەی ڕونکردوەتەوە بە ناوی (امانجی ایمە)وە، هەر لە ژمارە (١)دا پەخشانێکی یەکجار بەرزو بەنرخ و ئاگرینی (ع.بێژەن) بە ناوی (ڕێکەوتن تا سەرکەوتن) بڵاوکراوەتەوە، کە خۆی لە خۆیدا ڕویەکی گیانی ئازادیخوازانی مرۆڤی کوردە، کە دەڵێت[1]:

---

[1] گۆڤاری نیشتمان ژ١، ل٥-٦

(تاریکە شەوێ، لە شەوانی ١٧–١٨ی مانگ لەبەر پەنجەرەی ژوورەکەما، چاوی پێ بڕیبومە ئاسمان، ئاسمانێکی پڕ لە ئەستێرەی سیس و گەش، ئاسمانیکی هەوراوی، ئاسمانێکی شین و ڕەش، چاوەڕوانی دەرکەوتنی مانگم دەکرد، ...

ئەم چیا و کێو و دەشت و شیوانەی لەبەرچاوتن، هەموو کوردستانە ... بەڵام ئەم بێگانانەی تۆ ئەیانبینی، لەبەر دوبەرەکی و خۆخۆری ئێوە، لە هەمو ئەو شتانەی خوا بەخشیویە بە کوردستان، کەڵک ئەسێنن ... ئەگەر پێت ناخۆشە بڕۆ بە نەتەوەکەی خۆت بڵێ: سەرکەوتن لە ڕێککەوتنایە ... ڕێککەوتن تا سەرکەوتن ...).

## ٢-٢-٣/ گۆڤاری نیشتمان – ژمارە ١٠

لە مانگی (جولای ١٩٤٨) لە لایەن (عەبدولڕەحمان زەبیحی، محەمەد شا پەسەندی)یەوە لە گوندی (سیتەک) بە هاوکاری (شێخ لەتیفی حەفید) دەرکراوە، محەمەد تۆفیق وردی لە گۆڤاری ڕوناکیدا نوسیویەتی: ژمارە ١٠ی دوای

تێکچونی کۆماری مهاباد له لایەن نەهزەتی مقاوەمەتی کۆمەڵەی ژ.ک ساڵی ١٩٤٨ دەرچوە[1].

## ٢-٢-٤/ ڕۆژنامەی کوردستان

ژمارە یەکی لە (١٩٤٧/١٢/٦) دەرچوە، لە سەر ڕۆژنامەکە نوسراوە: (ماوەی ڕۆژنامەی کوردستان) کە مەبەست لە ڕۆژنامەی کوردستانە کە لە ساڵی ١٩٤٦ لە مهاباد دەردەچو، ژمارە (١٠)ی لە دەورەی باکۆ لە سەرماوەرزی ١٣٢٦ بەرانبەر کانونی دوەمی ١٩٤٨ لە باکۆ ژمارەیەک ئەندامی حیزبی دیموکراتی وەک لاپەڕەیەک لە چوار لاپەڕەی ازربایجان ئۆرگانی فیرقەی دیموکرات دەرچوە، لە ژێر ناوەکەیدا نوسراوە: ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان[2].

دکتۆر (عەلی گەلاوێژ، ڕەحیمی قازی، ع. شەمزینی) بە ناوی خۆیان بەرهەمیان تێدا بڵاوکردوەتەوە.

---

[1] جوتیار تۆفیق (٢٠٠٧: ٣٨-٣٩)

[2] ڕۆژنامەی کوردستان، ژ ٢٥٧، ل١٩

ئەم ڕۆژنامەیە نزیکەی (١٥) ساڵ بەردەوام بو[١]، بەڵام جوتیار تۆفیق نوسیویەتی[٢]: ١٤ ساڵ بەردەوام بوەو ١٣٣٧ ژمارەی لێدەرکراوە، دوا ژمارەی لە مانگی ئەپریلی ١٩٦١ دەرکراوە.

## ٢-٢-٥/ ڕۆژنامەی ڕێگا

لە خەزەڵوەری ١٣٢٧ لە مهاباد چاپکراوە[٣]، ڕۆژنامەیەکی سیاسی بوەو تەنها یەک ژمارەی لێدەرچوە، (حەسەن قزڵجی) سەرنوسەری ڕۆژنامەکە بوە[٤]، کە بە ناوی نهێنی (پێناو) و غەنی بلووریانیش بە ناوی نهێنی (تەیمو) وتاریان تێدا نوسیوە، لە ژێر ناوەکەیدا نوسراوە: (ئۆرگانی کۆمەڵەی ژیانی کورد)[٥].

---

١ کەمال مەزهەر ئەحمەد (١٩٧٨:٢٢٣)

٢ جوتیار تۆفیق (٢٠٠٧:٣٨)

٣ کەمال مەزهەر ئەحمەد (١٩٧٨:٢٢٣)

٤ گۆڤاری کاروان، ژ ١٢٠، ل١٤٠

٥ ڕۆژنامەی کوردستان، ژ ٢٥٧، ل١٩

## ٢-٣/ باس و بابەتەکانی نێو ڕۆژنامەو گۆڤارەکانی سەردەمی کۆماری کوردستان

لێرەدا ئەو بڵاوکراوانەی کە لەو سەرردەمەدا دەردەچون بەشێوەیەکی ورد لە ڕوی داڕشتن و شێوەو باس و بابەتەکانیان کە بڵاوکراونەتەوە دەخەمەڕو.

### ٢-٣-١/ ڕۆژنامەی کوردستان

یەکێک لە کارە گرنگ و پڕ بایەخەکانی کۆماری کوردستان لە ڕوی ڕۆشنبیری و کلتورییەوە دەرکردنی ڕۆژانەی ڕۆژنامەی کوردستانە، بۆ ڕۆژنامەی کوردی هەوڵێکی سەرکەوتو و بناغەدانانێکی پتەو بو، دەرچونی ڕۆژنامەی کوردستان ئەزمونێکی تازە بو لە ژیانی سیاسی و ڕۆشنبیری نەتەوەی کورد، کە بە زمانی کوردی و ڕۆژانە دەربچێت.

١- ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە یەکی لە ڕۆژی پێنجشەممەی (٢٠ی بەفرانباری ١٣٢٤ بەرانبەر ١٩٤٦/١/١١) دەرچوە، بە چوار لاپەڕە هەفتەی (٣) ژمارەی

لێبڵاوبوەتەوە، تا داخستنی (١١٠) ژمارەی لێدەرچوە[١]، کە ئەمەش ڕای جیاواز هەیە لەو بارەیەوە، جوتیار تۆفیق نوسیویتی: ١١٤ ژمارەی لێدەرچوەو دوا ژمارە لە ناوەڕاستی مانگی دیسەمبەری ١٩٤٦ بوە، عەلائەدین سجادی نوسیویەتی: ڕۆژنامەی کوردستان ١١٣ ژمارەی لێدەرچوە.

ڕۆژنامەی کوردستان لە چاپخانەی کوردستان لە مهاباد چاپکراوەو لە هەر ناوچەیەک کە تشکیلاتی حیزبی دیموکراتی کوردستانی تێدا بوبێت ئەم ڕۆژنامەیەیان بۆ نێردراوە، لە سەرتاسەری قەڵەمڕەوی حکومەتی میللی کوردستان و ناوچە کوردنشینەکانی ئازەربایجان بێگومان بە نهێنی گەیەنراوەتە ناوچەکانی تری کوردستان و کرماشان و دیوی کوردستانی عێراقیش[٢].

٢- ڕۆژنامەی کوردستان هەر لە سەرەتاوە (سەید محەمەد حمیدی) بەڕێوبەرو سەرنوسەری بوە، لە جێژنی ئیدارەی ڕۆژنامەی کوردستاندا بە فەرمی ئەو لێپسراوییەتییەی پێسپێردراوە، تا ژمارە ٨٨ یش سەرنوسەری ڕۆژنامەکە

---

[١] کەمال مەزهەر ئەحمەد (١٩٧٨: ٨١-٨٢)

[٢] ڕەفیق صالح، صدیق صالح (٢٠٠٥:١٣)

بوەو نوسین و وتاری هەبوە، دواتریش سەعید ناکام بۆتە سەرنوسەری ڕۆژنامەکە، هەروەک لە ڕۆژنامەکەدا نوسراوە[1]: لە دوای ئەو اغای سید محمدی طە زادە معاونی حزبی دیموکرات لە لایەن پێشەوای معظمەوە خبر مقدمی بە جنابی حاجی بابا شێخ و سایر محترمین کە لە جلسە حضورات و اظهارو مبار کبادی کردنەوەی ادارەی ڕۆژنامەی لە هەموان هەموار کردو:

١- آغای قادری مدرسی بە سەرۆکی بنگاە چاپخانەو آغای علی خسرەوی بە مدیری داخلی چاپخانە معرفی کرد؛

٢- اغای سید محەمەد حمیدی بە مدیرو سردبیری ڕۆژنامەو گۆواری کوردستان ناساند.

هەرچی دەستەی نوسەرانی ڕۆژنامەکەشە زۆربەیان نەزانراوە کێن، تەنیا ناوی هەندێک نوسەر لە ڕۆژنامەکەدا بڵاوکراوەتەوە، لەوانە: (هاشمی خلیل زادە کە ١٢ وتاری بڵاوکراوەتەوە، حەسەن قزڵجی ١٣ وتاری بڵاوکراوەتەوە، دڵشادی ڕەسوڵی، عەبدوڕەحمان زەبیحی ٩ وتاری بڵاوکراوەتەوە، هێمن ١٥ شیعرو ١٠ وتاری بڵاوکراوەتەوە، هەژار ١٣ شیعرو ٢ وتاری بڵاوکراوەتەوە، ئیبراهیم نادری)،

---

[1] ڕۆژنامەی کوردستان، ژ ٣، ل ٤

که ئەمانە تا ڕادەیەک نوسینیان لە ڕۆژنامەکەدا بڵاوکردوەتەوە.

لە ڕۆژنامەی کوردستاندا ئافرەتیش بێبەش نەبوە لە بڵاوکردنەوەی نوسینەکانیاندا سەرەڕای دواکەوتنی هەلومەرجی ئەوسای ناوچەکەو زۆری نەخوێندەواری لە ڕۆژنامەکەدا وتاری چەند ئافرەتێک کە لە بۆنە سیاسییەکاندا وتویانە بڵاوکراوەتەوە، وەک: (ویلمەی صیادیان، خدیجەی حیدری، عشرت عظیمی، فریدە زندی، ایرانی بلوری)، یان ئەو ئافرەتانەی کە وتاریان نوسیوەو بڵاویانکروەتەوە، وەک نوسەران: (کبری عیمی، حلب سمایلی فرجی، شاە سلطان خانم، فتاحی قاضی)[١].

هەروەها چەند نوسەرێکی عێراقیش بابەتیان نوسیوە، وەک: ( قانع ٩ شیعری بڵاوکراوەتەوە، محەمەد توفیق وردی ١٢ وتاری بڵاوکراوەتەوە، شوان، یحیی چروستانی ... تاد).

٣- شێوەی ڕێکخستنی هونەری بەرگی ڕۆژنامەکە بەم شێوەیە بو: لە سەرەوەی لاپەڕەی یەکەمی ڕۆژنامەکە لە ناوەڕاستدا ناوی ڕۆژنامەی (کوردستان) نوسراوە، لە

---

[١] ڕەفیق صالح، صدیق صالح (٩:٢٠٠٥)

خەتی چەپدا بە بچوکتر لە ژێر ئەودا نوسراوە: بڵاوکەرەوەی بیری حیزبی دیموکراتی کوردستان لە سەرو ناوی کوردستانیش بە نێوی خودای بەرزو بێ هاوتا نوسراوە.

٤- لە هەمو ژمارەکانی ڕۆژنامەکەدا هەواڵی ناوخۆو دەرەوەی تێدا بڵاوکراوەتەوە، کە سەرچاوەی هەواڵەکانی لە گۆڤارو ڕۆژنامەکانی (عەرەبی و فارسی و تورکی و دە نگوباسی ڕادیوکانی تاران و تەورێزو لەندەن و بەیروت و مۆسکۆو ئەنقەرە) وەرگرتوە، جگە لە ١٤٨ هەواڵی ناوخۆ، کە بە پێی بابەت کورت یان درێژ داڕێژراون و نزیکەی ٤٠ ڕاپورتە هەواڵ لەو ماوەیەدا بڵاوکراونەتەوە[١].

ڕاپۆڕتەکان وێنەیەکی هەمە لایەنەی وردی چەند پێشهاتێکی گرنگی وەک: (خوێندن و جەژنەکانی ڕاگەیاندنی حکومەتی میللی کوردستان و چالاکییەکانی ژنان و هەڵکردنی ئاڵاو دەستور) کە بابەتەکان لە دوارۆژدا سودی گەورەی دەبێت بۆ لێکۆڵینەوەی مێژویی سەبارەت بەو سەردەمە، بۆ نمونە[٢]:

---

[١] هیمداد حوسێن (٢٠٠٢:١٤٦)

[٢] ڕەفیق صالح، صدیق صالح (٢٠٠٥:٢٩)، ڕۆژنامەی کوردستان، ژ ١، ل ١،

١- ئامانجی ڕۆژنامەکە وەک ئۆرگانی فەرمی حیزبی دیموکراتی کوردستان و حکومەتی میللی کوردستان ڕونکراوەتەوە؛

٢- ڕوانین لە ئەزمونەکان و پەیوەندی لەگەڵ شورەویداو خودموختاری؛

٣- دیاریکردنی ناوی ئەوانەی کە وەزیفەی حکومەتی و حیزبیان لەو ڕۆژانەدا وەرگرتوە.

٥- بابەتی ئەدەب گرنگییەکی بەرچاوی هەبو لە ڕۆژنامەکەدا، کە زۆربەی لایەنەکانی ئەدەبی گرتبوەخۆ، لەوانە:

ا- شیعر: ئەگەرچی ئەدەبیاتی کوردی بە تایبەتی شیعر نوسین لە ڕۆژهەلاتی کوردستان مێژویەکی کۆنی هەبو، بەلام لەو کەشوهەوا تازەدا پێشکەوتنێکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینی و بە هۆکارێکی گرنگی جولاندن و هاندانی خەڵک بو.

هێمن و هەژار دوو شاعیری میللی و حەقبێژو زمانحاڵی کۆمارەکە بون، کەم و زۆر لە هەمو بۆنەو ڕێوڕەسم و

جەژنەکانی ئەو سەردەمەدا بە شیعری نیشتمانی بەشدارییان کردوەو شاعیرانی تریش هەلومەرجییان بۆ ڕەخسا، کە شیعر بنوسن و بڵاویبکەنەوە، لە ڕۆژنامەی کوردستاندا نزیکەی ٨٢ شیعر بڵاوبونەتەوە[١].

چەند نمونەیەک لەو شیعرانەی کە لە ڕۆژنامەی کوردستاندا بڵاوکراونەتەوە، بریتین لە:

سرودی میللی کۆمار لە نوسینی هەژاری شاعیرە، ئەم سرودە لە زۆر بۆنەو ئاهەنگەکاندا لە لایەن تیپی مۆسیقای سەربازی کوردستان لە پاڵ ئەی ڕەقیب پێشکەشکراوە، لە ڕۆژنامەکەدا بڵاوکراوەتەوە، سەرەتای سرودەکە بەمشێوەیە بو[٢]:

| | |
|---|---|
| نیشتمانم ڕەنگینە | بەهەشتی سەر زەمینە |
| (خاکم وەکو ئاڵاکەم | ڕەنگ سوروسپی و شینە) |
| ڕەنگی وەکو سوری گوڵاڵان | بۆنی سوێسنە و هەڵاڵان |
| (کەویە بەفری نواڵان | سەرچاوەی ئاوی ژینە) |

[١] ڕەفیق صالح، صدیق صالح (٢٠٠٥:٣٥)
[٢] ڕۆژنامەی کوردستان، ژ ١٤، ل ٢

شیعرێکی (محەمەد تۆفیق وردی) کە لە بارەی جێژنی نەورۆزەوە بڵاوکراوەتەوە، کە نوسراوە[1]:

ئەڵێن نەورۆز هات دەشتی کوردەوار

زستانی دەرکرد هات بەرەو بەهار

مزگێنی لە لاو ئەم لاچوو لە ناو

یەکەم نەورۆزە کورد بۆتە دەوڵەت

ب- لە ڕۆژنامەکەدا نزیکەی (٥٥) پەخشانی ئەدەبی و کۆمەڵایەتی و سیاسی نوسراوە، کە بەشێکی زۆری بە قەڵەمی (هێمن و دڵشادی ڕەسوڵی)یە، کە بە شێوازێکی بەرز نوسیویانە.

پ- لە ڕۆژنامەکەدا (٤) چیرۆک بڵاوبونەوە، کە سێ چیرۆکیان وەرگێڕدراون، چیرۆکەکەی تر یەکەم چیرۆکی خۆماڵی (حەسەن قزڵجی)یە، بە ناوی (فیلمی عاسمان لە سینەمای کوردستان)[2].

---

[1] ڕۆژنامەی کوردستان، ژ ٢٥، ل٢

[2] ڕەفیق صالح، صدیق صالح (٢٠٠٥:٣٥)

ت- لایەنی وەرگێڕان سەرچاوەیەکی تری زانیاری ڕۆژنامەی کوردستان بو، کە بابەتی ئەدەبی و سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری گشتی لە زمانەکانی (فارسی و عەرەبی و فەڕەنسی)یەوە وەرگێڕدراون، کە نزیکەی (٥٤) بابەتی وەرگێران بڵاوکراونەتەوە، جگە لە سەرجەم هەواڵەکانی دەرەوە کە لە ڕادیۆو ڕۆژنامەکانی بێگانەوە وەرگێڕدراونەتە سەر زمانی کوردی[١].

د- وتار بە بەشێکی تری ئەدەب دادەنرێت، لە ڕۆژنامەکەدا (١٢٤) وتارو نوسین بە وەرگێڕان و دانانەوە بڵاوکراونەتەوە، کە بابەتی سیاسی و کۆمەڵایەتی بەشی دیاری وتارەکانی پێکهێناوە، کە سەرنوسەر (سەید محەمەد حەمیدی) نزیکەی (٥١) وتاری لە ڕۆژنامەکەدا نوسیوەو بڵاویکردوەتەوە[٢].

٦- گۆشەیەکی تری ڕۆژنامەکە بەشی ئاگاداری و بانگەوازو تکا بوە، کە چەند جۆرێک ئاگاداری

---

[١] بڕوانە ڕەفیق صالح، صدیق صالح (٢٠٠٥:٣٦)

[٢] ڕەفیق صالح، صدیق صالح (٢٠٠٥:١٥)

بڵاوکراونەتەوە، لەوانە: ئاگادای سەربازی، دارایی، گشتی، فەرمی، تایبەتی[1].

٧- لە ڕۆژنامەکەدا ڕیپۆرتاژ هەیە، کە زیاتر بە زمانێکی ئەدەبی پەخشان ئامێز نوسراوە، وشەی ڕازاوەو زمانی شیعری بەکارهاتوە، چونکە نوسەرەکان زیاتر شاعیر یان ئەدیب بون[2].

٨- گۆشەی پیرۆزبایی، کە لە لایەن نامەی هاوڵاتیان و سەرۆک عەشیرەت و بەڕێوەبەری دەزگاکان بە بۆنەی دەرچونی ڕۆژنامەکە ناردویانە بڵاوکراوەتەوە.

٩- گۆشەی سکاڵای هاوڵاتیان بە ناونیشانی (شکایت) یان (ڕجای پێ ڕاگەیشتن) بڵاوکراوەتەوە، کە کێشەو گیروگرفتەکانی خەڵکی تێدا نوسراوە، کە داوای چارەسەریان لە دەزگاکانی حکومەت دەکرد[3].

١٠- ژیاننامەی زانایانی کورد بڵاوکراوەتەوە، لە ڕۆژنامەکەدا دوو ناملیکەی زۆر گرنگی سەبارەت بە مێژوی کوردی وەرگێڕدراوە، کە جگە لە تۆمارکردنی وردە

[1] هیمداد حوسێن (٢٠٠٢:١٤٩)
[2] هیمداد حوسێن (٢٠٠٢:١٥١)
[3] هیمداد حوسێن (٢٠٠٢: ١٥٢-١٥٣)

زانیاری مێژویی، هێنانەوەی ژیاننامەی زانایان و ناودارانی کوردی تێدا نوسراوە[1].

١١- بونی پەیامنێر لە ڕۆژنامەکە بۆ هەواڵی ناوچە کوردییەکان و دەرەوەیدا، ئەوەی زانراوە (ئەحمەد سۆفی زادە)ی موتەسەدی کاری شارەوانی نەغەدە، وەک نوێنەری ڕۆژنامەکە لە نەغەدە ناسێنراوە، هەروەک لە ڕۆژنامەکەدا نوسراوە[2]: نوێنەری ڕۆژنامەی کوردستان - اغای احمد صوفی زادە لە نەغەدە نوێنەر (نمایندە)ی ڕۆژنامە و گوواری کوردستانە لەو مەڵبەندە بەنیوبراو مراجعە بکری، ئەم شەخصە پیشەکی هەزار ڕیاڵ وجهی ڕۆژنامەی پرداخت کردووە.

پەیامنێری مهاباد ناوی نەهێنراوە، هەروەک لە ڕۆژنامەکەدا نوسراوە[3]: (مخبری ڕۆژنامە لە زمان خەڵکی مهاباد وەڵامی داوە ئیجازەی دوکانان، کە هەتا سی - چوار ساڵ لەمەو پێش چل هەتا نەوەد تمەن بوە ایستا لە بەر هیندی پیش هات صاحب مولکەکان لە سیصدتمن هەتا هەزار تمن تەرقیان پیداو...)، زیاتر ئەو نوێنەرانە کاری

---

[1] ڕەفیق صالح، صدیق صالح (٢٠٠٥:٣٨)

[2] ڕۆژنامەی کوردستان، ژ ٥٦، ل٢

[3] ڕۆژنامەی کوردستان، ژ ١٥، ل٤

فرۆشتن و ساغکردنەوەی ڕۆژنامەکەیان ڕاپەڕاندوە، هەروەک لە ڕۆژنامەکەدا ڕونکراوەتەوەو نوسراوە[1]: لە کمیتەی محلی نەغەدەش تکا دەکەین پوولی ڕۆژنامە و گوواری کە لە کنیان هەیە بۆمان بنێرن و ماوەی مطبوعات تحویلی اغای احمد صوفی زادەی نیو براو بدەن.

١٢- لە ٨١ ژمارەی ڕۆژنامەی کوردستان ١٠ وێنە بڵاوکراوەتەوە[2].

## ٢-٣-٢/ ڕۆژنامەی هاواری نیشتمان

١- ڕۆژنامە هاواری نیشتمان ئۆرگانی یەکێتی جەوانانی دیموکراتی کوردستانە، یەکەم ژمارەی لە ڕۆژی پێنجشەممە (١٩ ی بانەمەڕی ١٣٢٥ بەرانبەر ٩ ی مەی ١٩٤٦) بڵاوبوەتەوە لە چاپخانەی کوردستان لە شاری مهاباد لە چاپدراوە.

ئەو (٥) ژمارەی ڕۆژنامەی هاواری نیشتمان بەڵگەن کە دوای (٤٩) ڕۆژ لە دەرچونی بەشێوەی گۆڤار، بەشێوەی

---

[1] ڕۆژنامەی کوردستان، ژ ٦٠، ل٢

[2] ڕەفیق صالح، صدیق صالح (٢٠٠٥:١٤)

ڕۆژنامە بڵاوبونەوە، بەڵام نەزانراوە لە بەر چ هۆیەک گۆڕدراوە بە ڕۆژنامە.

ئەم ڕۆژنامەیە وەک زمانحاڵی یەکێتی جەوانانی دیموکراتی کوردستان بوە، کە دەبو زیاتر بایەخی بە مەسەلەکانی تایبەت بە کاروبارو گیرگرفت و ئامانجەکانی جەوانان بدایە، بەڵام لەبەرئەوەی حیزب دایمەزراندوە سەربەخۆیی و کاری وەک پێویست نەبو[١].

٢- سەرنوسەرو نوسەرانی ڕۆژنامەی هاواری نیشتمان پێکهاتبو لەم نوسەرانە: سەدیقی ئەنجیری ئازەر/ مودیرو مسئولی ڕۆژنامەکە بوە، ئەنوەر دڵسۆز، مەلا عەبدوڵڵا داودی، دڵشادی رەسولی، س. نانەوا زادە، محەمەد توفیق وردی، محەمەد شا پەسەندی، م. ئازەر) نوسەرانی دیاری ڕۆژنامەکە بون، جگە لە هەندێک نوسەری تریش کە ناویان دیارینەکراوە.

٣- شێوەو ڕێکخستنی هونەری ڕۆژنامەی هاواری نیشتمان بەمشێوەیە بوە: لە سەرەوەی لای ڕاستەوە نوسراوە (ئۆرگانی یەکێتی جەوانانی دیموکراتی کوردستان)، پاشان لە ژێریدا (هاواری نیشتمان) نوسراوەو لە خوار هاواری

[١] ڕەفیق صالح، صدیق صالح (٢٠٠٥:٣٣٧)

نیشتمانەوە نوسراوە (لە لایەن هەیئەتی نوسەران وەدەردەکەویّ)، لە لای چەپیشەوە هەر جارەی وتاریّکی کەم یان وتەیەک یان پارچە شیعریّک نوسراوە، دواتر هیلّیّک کراوەو لە ژیّریدا ژمارەو سالّی دەرچون و ڕۆژو مانگ و سالّی هەتاوی و زاینی نوسراوە[١].

٤- لە ژمارەکانی ڕۆژنامەکەدا مەسەلە گرنگەکانی ناوچەکەو جیهان بە چەند وتاریّک کە نزیکەی ١٣ وتار دەبیّت بلاّوکراونەتەوە، کە زیاتر وتاری سیاسی و کۆمەلاّیەتی بون.

٥- لە ڕۆژنامەی هاواری نیشتماندا بیر لە چاککردنی کۆمەلاّیەتی و بلاّوکردنەوەی هەست و هۆشی نەتەوەیی و هاوچارەنوسی لە ناو تویّژی جیاجیای کوردەواریدا کراوەتەوە، خیلّ کە ئەو دەمە برِبرِەی پشتی پەیکەری کۆمەلاّیەتی بوە، هاندراوە بۆ تەبایی هاودەستی و وەلانانی ناکۆکی و دوبەرەکی[٢]، وەک دلّشاد ڕەسولّی لە شەهامەتی عەشائری ولاّتی کوردەواریدا بەم شیّوەیە نوسیویەتی[٣]: (برِو بەهیّزبە ئەگەر سەربەرزیت دەویّ چونکە لە پەیرووی

---

[١] ڕۆژنامەی هاواری نیشتیمان

[٢] ڕەفیق صالح، صدیق صالح (٢٠٠٥:٣٣٨)

[٣] ڕۆژنامەی هاواری نیشتیمان، ژ١، ل ١

خورسکا وصعیف پاماله، ئەی سەرانی عشائری وڵاتی کوردەواری ... ئەی ڕۆڵە گوردانی بە شەهامەتی کورد ... ئەی گەنجانی تازە پێ گەیشتوی شار ئەی بیچوه شیرانی عشائری کە بو قرانی دوشمن بە گیان بە ماڵ امادی فیداکاری بون داغی دڵی خوتان لە دشمنی خوین مژی چەند هەزار سالە دەستیننەوە...).

محەمەد تۆفیق وردی لە یەکەم بەشی زنجیرە وتاری (چمان دەویٚ؟)دا هەر جارەی یەکێک لە کەموکورتییەکان و چارەسەرەکەی دەخاتەڕو، هەروەک لەم وتارەیدا ڕەخنە لە سیستەمی پەروەردەو خوێندن دەگرێت، نوسیویەتی[١]: (ماموستاکانمان بە زۆری بی سەوادن گەلیکیان پولی شەشەمی ابتدائیان تەواو کردوە دەرس بە پولی شەشیش دەڵین و هەندێکیشیان پولی سییەمیشیان تەواو کردووە، ئەوەش هیچ بەڵام مدیری نەخویندەواریشمان هەیە !!! تا ایستا شتی وەها لە هیچ فەرهەنگی دنیا نەدیتراوە.)، هەروەها محەمەد تۆفیق وردی بە پێویستی زانیوە بایەخ بە دەرسەکانی وەرزش و سرود بدرێت و داوای کردنەوەی خانە پێگەیاندنی مامۆستایان و ئامادەکردنی کتێبی

---

[١] ڕۆژنامەی هاواری نیشتیمان ژ٣، ل ١

تازەیکردوە، کە لە کۆتایی نوسینەکەیدا نوسیویەتی[١]: (جنابی وزیری معارف و یاریدەدەری دەبی هەرگیز لە وضع و مواد و بەرنامەی قوتابخانەکان خافل نەبن و زوو زوو سەریان بدەن ئەمن بە پیویستی دەزانم کە دار المعلمین یک لە پایتەخت بکریتە وە ... دەبیرستانیکی شەوانەشی سودی زۆرە).

٦- لە ڕۆژنامەکە هەواڵی وەرگێڕدراو بڵاوکراوەتەوە، وەک بابەتی وەرگێڕدراوی (لندنی پرو کاتو! ڕادیوی لندن شەوی ٥ شەممە[٢])، (تازەترین خبری ڕادیو[٣])، کە وەک هەواڵ لە رادیۆکەدا بڵاوبوەتەوەو وەرگێڕدراوە بۆ ڕۆژنامەکە.

٧- لە بواری ئەدەبیشدا چیرۆک و پەخشان لە ڕۆژنامەی هاواری نیشتماندا بەرچاودەکەوێت، بەڵام تەنها یەک پارچە شیعر کە لە لایەن شاعیر م. ووردییەوە بڵاوکراوەتەوە، کە نوسراوە[٤]:

---

[١] ڕۆژنامەی هاواری نیشتیمان ژ٣، ل ٢

[٢] ڕۆژنامەی هاواری نیشتیمان ژ٢، ل ١

[٣] ڕۆژنامەی هاواری نیشتیمان ژ ٤، ل ٢

[٤] ڕۆژنامەی هاواری نیشتیمان ژ٣، ل ٢

ڕیگەی آزادی

ڕیگەی آزادی دەرد و ماتەمە

ماندیەتی و خەم و سەختیو ئەستەمە

آزادی و ڕوتی دەرد و چەلەمە

نەخوشی و مردن گریان تەمە

٨- لە (٥) ژمارەی ڕۆژنامەکەدا تەنها یەک وێنە (کالنین) بڵاوبوەتەوە.

٩- لە کۆتایی ڕۆژنامەکەدا ناونیشان و ابونە نوسراوە، بەمشێوەیە[١]:

ادرس مهاباد ڕۆژنامەی هاواری نیشتمان

مهاباد سابڵاغ چاپخانەی کوردستان

مدیر مسئول: ص (ئە نجیری- ازەر)

[١] ڕۆژنامەی هاواری نیشتیمان

## ٢-٢-٣/ گۆڤاری کوردستان

١- دەرچونی ئەم گۆڤارە بە ماوەیەکی زۆر کەم بەر لە دەرچونی ڕۆژنامەی کوردستان دەرچوە، گۆڤارەکە گرنگییەکی تایبەتی بە لای کۆماری دیموکراتی کوردستان و خەڵکی کوردستان هەبوەو چەژنی تایبەتی بۆ سازکراوە، پێشەواش خۆی بەشداری لەو ئاهەنگەدا کردوە.

یەکەم ژمارەی گۆڤارەکە لە ڕۆژی پێنجشەممە (١٩٤٥/١٢/٦) لە مهاباد دەرچوە، هەر پانزدە ڕۆژ جارێک بڵاوبوەتەوە، تا ئیستا پێنج ژمارەی ئەم گۆڤارە دەستکەوتوەو بە تەواویش ڕوننەبوەتەوە، کە چەند ژمارەی لێدەرچوە، بۆ ئەم مەبەستەش بیروڕای جیاواز هەیە، وەک عەلائەدین سجادیساڵی ١٩٥٢ لە کتێبی مێژوی ئەدەبی کوردیدا نوسیویەتی: کوردستان گۆڤارێکی ئەدەبی و پیلانی بوە، لە پایزی ١٩٤٥ تا کانونی دوەمی ١٩٤٦ بە ناوی کۆمەڵەی دیموکراتی کوردستانەوە لە سابڵاخ ١٨ ژمارەی لێدەرچوەو ئیتر پەکیکەوتوە، محەمەد تۆفیق وردی نوسیویەتی: ١٨ ژمارەی لێبڵاوکراوەتەوەو لە کانونی یەکەمی ١٩٤٦ دوای تێکچونی کۆماری کوردستان

پەکیکەوتوە[1]. ئەم گۆڤارە بە زمانی کوردی و فارسی دەرچوە.

دکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد دەربارەی ئەم گۆڤارە نوسیویەتی: گۆڤاری کوردستان ژمارە ١ ی لە (١٥ ی سەرماوەرزی ١٣٢٤ بەرانبەر ٦ ی کانونی یەکەمی ١٩٤٥) بڵاوکراوەی بیری پارتی دیموکراتی کوردستان بوە تاکو کۆتایی ١٩٤٦، چەند ژمارەیەکی لێدەرچوە، ژمارە یەک و دوی هەریەکەیان (٣٠) لاپەڕەیە ژمارە سێ و چوار هەریەکەیان (٣٨) لاپەڕەیە، ژمارە ٦-٧ پێکەوە دەرچون بەسەریەکەوە (٦٠) لاپەڕەن.

دەرچونی گۆڤاری کوردستان هاوزەمان بو لەگەڵ هەڵچونی بزوتنەوەی نەتەوەیی کورددا هەستی نەتەوایەتی و داواکردنی ئازادی کوردستان، هەربۆیە لەو ماوەیەدا ڕوداوی مێژوی ڕویدا، هەوڵدرا ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانە بڵاوبکرێتەوە بۆ هۆشیارکردنەوەی خەڵک کە بوە هۆی دەرکردنی ڕۆژنامەی کوردستان، هەربۆیە ژمارە ٣ی گۆڤاری کوردستان دواکەوت تا مانگی خاکەلێوە[2].

---

[1] جوتیار تۆفیق (٢٠٠٧: ٢٧-٢٨)

[2] نەوشیروان مستەفا (١٩٩٣:١٥٦)

٢- ژمارەیەکی زۆر لە نوسەران و شاعیرانی کورد بە وتارو شیعر لە گۆڤارەکەدا بەشدارییانکردوە، زۆربەی ئەو نوسەرانە هەمان ئەو نوسەرانەن کە لە ڕۆژنامەی کوردستاندا نوسین و بەرهەمیان هەیە، نوسەرانی کوردستانی باشوریش کە ئەو ڕۆژگارە لە کۆمارەکەدا بەشداربون، بەرهەمیان لەو گۆڤارەدا بڵاوکردوەتەوە[١].

سەرنوسەری گۆڤارەکە سەید محەمەدی حمیدی بوە، دیارترین نوسەرانیش پێکهاتبون لە: محەمەد عەطری گلولانی، هێمن، هەژار، دڵشادی ڕەسوڵی، م. عیشقی، م.ص.قزڵجی، مەناغی کریمی، خاڵەمین، محمد شاپەسەندی).

نوسەرانی کوردستانی باشوریش پێکهاتبون لە: محەمەد تۆفیق وردی، سەعید ناکام بە شیعر، یەحیا چروستانی بە وتار، مەغدید سۆران بە وتار، قانع بە شیعر، ... .

٣- شێوەو ڕێکخستنی هونەری بەرگی گۆڤاری کوردستان بەمشێوەیە بوە: سەرەتا ڕیزە گوڵێکی وردی ڕەش وەکو هێڵێک لە سەر بەرگەکەی کراوە، لە ناوەڕاستی سەرەوەی بەرگەکە (کوردستان) نوسراوە، لە ژێر ناوەکەیدا نوسراوە (بڵاوکراوەی بیری حیزبی دیموکراتی کوردستان)، دواتر

---

[١] هیمداد حوسێن (٢٠٠٢: ١٣٣-١٣٤)

(گووارێکی ئەدەبی، کۆمەڵایەتی، سیاسی، کوردییە)، پاشان نوسراوە هەر پانزدە ڕۆژ جارێک بڵاودەکرێتەوە، دواتر ژمارەو ساڵی یەکەم و مانگ و ساڵی دەرچونی گۆڤارەکە نوسراوە، لە کۆتایشدا (مهاباد چاپخانەی کوردستان) نوسراوە[١].

٤- گۆڤاری کوردستان لە یەکەم ژمارەی خۆیدا ئامانج و نیازی خۆی بڵاودەکاتەوە، هەروەک نوسیویەتی[٢]: (خۆمان گەلێک خوشبەخت دەزانین کە بە یارمەتی خودا یەکەم ژمارەی (کوردستان)تان پێشکەش دەکەین و هیوامان هەیە بە دڵیکی خوش لیمان وەرگرن و لە حدودی دەسەڵاتی خوتاندا بۆ بڵاوکردنەوەو ژیاندن و پێشخستنی ئەو گووارە یارمەتیمان بدەن تا ئەی گەیینە ڕیژەی گووارە هەرە چاکەکانی گیتی چونکە ئەو هوشولیکدانەوەو گەرمییەی کە ایمەی خستوتە سەر دەرهینانی ئەم گووارە لە دڵی ئیوەدا گەرمترو بە تین ترە ...).

٥- لە گۆڤارەکەدا هەواڵ و دەنگ و باسی گەرماوگەرم بڵاوبونەوە بە تایبەتی کێشەکانی دادگایی و دزی و کوشتن.

---

[١] گۆڤاری کوردستان

[٢] گۆڤاری کوردستان ژ١، ل ١

٦- زمانی كوردی له گۆڤارەكەدا به شێوەزاری موكریانییه، وشەو زاراوەی عەرەبی و فارسی كەم و زۆر تێیدا بەدیدەكرێت[١].

٧- له گۆڤارەكەدا ڕیپۆرتاژ بەدیدەكرێت، بۆ نمونه: له یەكێ له ڕیپۆرتاژەكانی گۆڤارەكەدا به بۆنەی هەڵكردنی ئاڵای موقەدەسی كوردستان له نەغەدەدا نوسراوه[٢]: هەروەكو له پیش دەرهاتی كوردستان دا عەرض كرا ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەز تەواوی نوێنەرەكانی اهالی كوردستان له شاری مهاباد كوبونەوه له كاتژمێر ١٠ی بەیانی له كانگای حزب الآی كورد به حضوری ده هەزار نفر هەلگیرا.

٨- له گۆڤاری كوردستان نزیكەی ٣٨ وتاری هەمه لایەنه بڵاوكراوەتەوه، به زمانی فارسیش وتار بڵاوبوەتەوه.

٩- له گۆڤارەكەدا بابەتی وەرگێڕان لەگەڵ چەند چیرۆكێكی تێدا بڵاوكراوەتەوه، كه یەكێك له چیرۆكەكان بۆ منداڵانه به ناونیشانی (بۆ منداڵان)[٣].

---

[١] هیمداد حسین (٢٠٠٢:١٣٨)

[٢] گۆڤاری كوردستان ژ٢، ل٢٢

[٣] گۆڤاری كوردستان

١٠- له هه‌مو ژماره‌كانی گۆڤاره‌كه‌دا بایه‌خێكی زۆر به بواری شیعرو ئه‌ده‌ب دراوه‌، كه‌ نزیكه‌ی ٢٢ شیعر له گۆڤاره‌كه‌دا بڵاوكراوه‌نه‌ته‌وه‌، وه‌ک ئه‌م نمونانه‌:

اوات و تێبینی                    ع. هه‌ژار[١]

اخ چه‌نده خوشه له سه‌ر آزادی

توشی خه‌م ببی له ده س ده‌ی شادی

اخ چه نده له ری وه‌طه‌ن دا

برات ببینی پی له په‌یوه‌ندا

هه‌ڵ ده‌كه‌م                    هێمن[٢]

من كه بیده نگم ئه‌وێستا چاوه نۆڕی هه‌ڵ ده‌كه‌م

هه‌ڵ كه بۆم هه‌ڵكه‌وت ئه‌نجا باسكمی لی هه‌لده‌كه‌م

زۆر به ئومیدی خودا له‌و خاكه پاكه‌ی ده‌رده‌كه‌م

دوژمنه بێگانه چون له‌گه‌ڵ وی هه‌ڵده‌كه‌م

[١] گۆڤاری كوردستان ژ١، ل ١٤

[٢] گۆڤاری كوردستان ژ٢، ل١٧

سۆزەی دەرون            محەمەد گلولانی عطری[1]

خەراجانی دوو زولفی تو ئەری ماچینە یا چینە ؟

دو کوڵمەی کە ش لە بن چین دا دەکا دیاری کە ماچینە

دڵم سەودای هرزەی کرد لە بیستونی جفا، یارم

دەزانم دڵ کە فەرهادە لە دووی سەودای شیرینە

وطن            محەمەد مجدی[2]

وەتەن گیانو دڵم قوربانی تو بی

سەرو ماڵم بەلا گەردانی تو بی

لە بەر تیغی جەفای بیگانە یا خوا

هەمیشە سینگی من قە ڵغانی توبی

١١- لە گۆڤاری کوردستاندا گۆشەی (ئەزانیت، قسەی پیاوانی گەورە، بەشی دینی، بۆ زانین) بەشێوەیەکی زۆر جوان و هونەری لە ژمارەکانی گۆڤارەکەدا بڵاوکراونەتەوە.

[1] گۆڤاری کوردستان ژ ٣، ل ٣٢

[2] گۆڤاری کوردستان ژ ٤، ل ٣٦

١٢- له ژمارەکانی گۆڤارەکەدا دو وێنە بڵاوکراوەتەوە.

١٣- له کۆتایی گۆڤارەکەدا ناونیشان نوسراوە بەمشێوەیە[١]:

مهاباد - شه قامی وەفایی چاپخانەی کوردستان - گوواری کوردستان

له پاشاندا (ابونەمان) نوسراوە.

## ٢-٣-٤/ گۆڤاری هەڵاڵە

١- یەکەم ژمارەی له ڕەشەمێی ١٣٢٤ بەرانبەر مارتی ١٩٤٦ دەرچوە، دەربارەی ژمارەی دەرچونی بیروڕای جیاواز هەیە، هەژاری شاعیر دەربارەی ژمارەی دەرچونی گۆڤارەکە نوسیویەتی: چوار ژمارەی لێدەرچوە، دکتۆر کەمال مەزهەر ئاماژە بۆ سێ ژمارەی گۆڤاری هەڵاڵە کردوەو مێژوی دەرچونیانی بە دروستی نوسیوە، بەمشێوەیە ژمارە ١ی له مانگی ڕەشەمێی ١٣٢٤، ژمارە دوی مانگی خاکەلێوەی ١٣٢٥، ژمارە سێی مانگی بانەمەڕی

[١] گۆڤاری کوردستان

١٣٢٥ چاپکراون. گۆڤاری هەڵاڵە لە چاپخانەی بۆکان لە بۆکان چاپکراوە.

٢- گۆڤاری هەڵاڵە بە پلەی یەکەم بە هەوڵی ڕۆشنبیری کورد حەسەن قزڵجی هاتۆتەبەرهەم و هەر خۆشی سەرنوسەری بوە، نوسەرە دیارەکانی پێکهاتبون لە: هەژار، هێمن، سەید کامیل ئیمامی، حەسەنی مدەرسی، حەقیقی، عەبدولڕەحمان ئیلغانی زادە، ئەبوبەکر ئیلڵغانی زادە، مەلا مەحەمەد سادقی قزڵجی بە نازناوی م. ص. قزڵجی.

شاعیران و نوسەران لە کوردستانی باشور بەرهەمیان بۆ گۆڤارەکە ناردوە، وەک لە ژمارە ٣ دا سوپاسی شاعیرێکی گەرمیان دەکات، کە ئەو شیعرەی بۆ ناردون بە ناوی (بۆ خزمەتی ئاڵا) کە شاعیر نوسیویەتی[١]:

خۆم پیرم و دڵ تازە خەریکی گڕوو گاڵە

عمرم کە لە شصتایە الّین گەنج ومناڵە

ئەو خوێنە لە سەرچاوەی چاوم کە لەمەوبەر

تک تک دەتکا ایستە شکور اوی زەلاڵە

[١] گۆڤاری هەڵاڵە ژ ١، ل ٨

٣- شێوەو ڕێکخستنی تەکنیکی گۆڤاری هەڵاڵە بەمشێوەیە بوە: لە سەر لاپەڕەی یەکەم ڕوی ناوەوەیدا نوسراوە (بسم الله الرحمن الرحيم) و لە ژێریدا نوسراوە (امانجی ایمە بە پشتیوانی خودا سەرخستن و ڕوناک کردنەوەی بیری هەمووانە)، پاشان (هەڵاڵە) لە ناوەڕاستیدا بە گەورەیی نوسراوەو لە ژێریدا نوسراوە (لە لایەن دەستەی نوسەران وەدەردەکەوێ)، پاشان بە ئایەتی (الله لا اله الا هو الحی القیوم) پاشان لە نوسینی حەسەن قزڵجی نوسراوە. لە سەر دوا لاپەڕەی و لە چوارچێوەیەکی تایبەتدا دیسان ناوی گۆڤارەکە چاپکراوەو لە سەری نوسراوە[١]:

با بەرێ بۆنی (هەڵاڵە) و بەیبون

ئابڕوی عەتری گوڵی کاشان

٤- لە ژمارەکانی گۆڤارەکەدا وتاری سیاسی و کۆمەڵایەتی و مێژویی گرنگییەکی زۆری پێدراوە، نزیکەی (٢٢) وتار لە هەر سێ ژمارەکەدا بڵاوبونەتەوە، بەڵام هەواڵ گرنگی کەمتری پێدراوە، وەک لە سەر وتاری یەکەم کە بە قەڵەمی

---

[١] گۆڤاری هەڵاڵە

ڕەحمان ئاغای ئیلخانی زادە بە ناونیشانی (سەربەخۆیی وەک ئەستاندنی زەحمەتە ڕاگرتنیشی زەحمەتە) نوسراوە[1]:

واقعا وایە چونکە زۆر تاقی کراوەتەوە هەر شتێکی تازە کە پەیدادەبی خەڵکی تێدا دوو دەستەن هندیک بە پیریەوە دەچن هیندک لە بەری هەڵدین خطابی من دە گەڵ دەستەی هەوەڵییە ئەوانیش دیسان دوو جورن بعضیک هەر لە هەوڵێڕا بە بیریکی ڕووناک براوردی کارەکەی دەکەن و لە ڕووی لێک دانەوەییکی قوڵ و وردەوە صوری کارەکە دیننە بەر چاویان.

٥- لە گۆڤاری هەڵاڵەدا چەند ڕیپۆرتاژێک بەرچاودەکەوێت، وەک لە ژمارەی یەکەمی گۆڤارەکەدا ڕیپۆرتاژێک سەبارەت بە هەڵکردنی ئاڵای پیرۆزی کوردستان لە مەیدانی چوارچرای مهابادا بڵاوکراوەتەوە، کە دەستنیشانی شوێن و کورتەیەکی پێشهاتی مێژویی و پاشان وتەی پێشەوا لەو ڕۆژەدا باسکراوە، کە نوسراوە[2]: (پێشەوای بەرزو مەزنی کوردستان جنابی قاضی محەمەد پیرۆزبایی لە ملتی کورد کردو فەرموی: مێژونیشان نادا هیچ ملتیک توانیبیتی بی

---

[1] گۆڤاری هەڵاڵە ژ ١، ل١

[2] گۆڤاری هەڵاڵە ژ ١، ل ١٠-١٢

خوین ڕێزی الّای ڕزگاری خوی هەڵکا بەلام ملتی کورد توانی بە بی ئەوەی خوین لە کەپووی کەس بیت بە هوی لیاقت و کارزانیەوە الای آزادی هەڵکاو خوی بە دنیای تمدن بناسینی.). لە کۆتایی ڕیپۆتاژەکەدا ئەم هۆنراوەیەی هەژار نوسراوە:

نیشتمانی خۆشەویست شەوگاری ڕەش نەیما ئەسەر

ڕۆژی بەختت موژدەی ئەمڕو لە اسۆ هاتە دەر

ئەی وەتەن ئەمڕو کە ڕۆژیکە کە منداڵانی تو

داری ئومیدیان چروی دەرکردوە و هاتوتە بەر

٦- لە هەر سێ ژمارەکەی گۆڤاری هەڵاڵەدا خشتەی ڕۆژەکانی مانگی کوردی بڵاوکراونەتەوە، وەک لە ژمارە یەکدا ڕۆژمێری مانگی خاکەلێوی ساڵی ١٣٢٥، لە ژمارە دودا ڕۆژمێری مانگی بانەمەڕی ساڵی ١٣٢٥، لە ژمارە سێدا ڕۆژمێری مانگی جوزەردانی ساڵی ١٣٢٥ نوسراوە.

٧- لە هەمو ژمارەکاندا گرنگییەکی زۆر بە بواری ئەدەب دراوە، بۆ نمونە لە هەر سێ ژمارەکەدا (١٣) شیعر بڵاوکراوەتەوە، کە (٥) شیعری شاعیر هەژارە، لەگەڵ باسێک دەربارە هەژارو چەند نمونەیەکی شیعری کە لە

لایەن حەسەن قزڵجی نوسراوە، شیعرێکی هێمن و قەسیدەیەک بە ناوی (شینی ژنە کوردێک) بڵاوکراوەتەوە، چەند نمونەیەک لەو شیعرانەی کە لە گۆڤارەکەدا بڵاوکراونەتەوە:

گوڵە میلاقەو وەنەوشە[1]

هاتە دەر مانگی ئەوەڵی بەهار

گوڵە مێلاقێک لە لێوی جۆبار

هێندێک لەوێ دوور، وەنەوشێک بوو شین

وەنەوشێکی چۆن، ملکەچ و سەرشین

قەدیان وەکو بلورە برۆیان وەکو هلال        حقیقی[2]

چاویان مثالی نرگسە مست و خمار و کال

دم چەشنی غنچەیی گولەباغی بەری بەیان

ڕومەت دەڵیی شهیدە لە خوین دابوە شەلال

---

[1] گۆڤاری هەلاڵە ژ ١، ل١٨

[2] گۆڤاری هەلاڵە ژ ٣، ل١٤

به بۆنەی بڵاوکردنەوەی گۆڤاری هەڵاڵە (سید کامیل ئیمامی) دڵخوشی و پیرۆزبایی خۆی بە شیعر ڕوانەکردوەو نوسیویەتی[1]:

مەحبوبی نەوبەهاری من ئەورۆ هەڵاڵەیە

عقیدەی دڵم بەپشکوتنی وی حەواڵەیە

یا ڕەب گرێی دڵم بکەوە گوڵ بپشکوێ

لەم مانگی نیوە ڕاستی بهار لەم محالەیە

٨- گۆڤاری هەڵاڵە گرنگی بە بابەتی وەرگێڕان داوە، نزیکەی (٨) بابەتی وەرگێران بڵاوکراوەتەوە.

٩- هەبونی (خشتە، پێشبڕکێ، بابەتی مێژویی، زانستی) لە گۆڤاری هەڵاڵەدا ئاستی بەرز پیشاندەدات، لە گۆشەی پێشبڕکێدا خەڵات پێشکەشدەکرا، کە بریتی بوە لە وەرگرتنی ژمارەکانی گۆڤارەکە بە خۆڕایی.

[1] گۆڤاری هەڵاڵە ژ٢، ل٥

١٠- گۆشەی وتەی گەورە پیاوان لە گۆڤارەکەدا بڵاوبوەتەوە، کە لە لایەن نوسەرێکی کوردستانی باشور بە ناوی (شوان) بڵاوبونەوە، وەک ئەم نمونانە[١]:

- دەروازەی بەختیاری لە سەر ملت بە کلیلی تەقەلاو تێکۆشین هەڵ ئەگیرێ نەک بە وتەی بێ کەڵک و جێ نەگر.
- مەبەرە هاوڕێی ئەوانە لە کاتی پیویستدا پشتت تێ ئەکەن و ئەڵێن: اگرە سوری لە خومان دوری.
- وەک دەڵێن ملت فروشتن و نوکەری بیگانە لە گەڵ ناموس فروشتنا وان لە تای تەرازویەکدا.

١١- ئەم گۆڤارە گرنگی بە بڵاوکردنەوەی وێنە داوە، وەک وێنەی: هەڵکردنی ئاڵای پیرۆزی کوردستان لە مهاباد[٢]، هەڵکردنی ئاڵای پیرۆزی کوردستان لە بۆکان[٣]، وێنەی پێشەوای مەزنی کوردستان جەنابی قازی محەمەد[٤]، وێنەی مەرحومی ئەبولحەسەنی سیفی قازی شاعیری بەناوبانگی

---

[١] گۆڤاری هەلاڵە ژ٣، ل٢٨

[٢] گۆڤاری هەلاڵە ژ١، ل١٣

[٣] گۆڤاری هەلاڵە ژ١، ل٢٣

[٤] گۆڤاری هەلاڵە ژ٢، ل١٠

موکریان[1]، وێنەی عەزیزخان سەرداری موکری[2]، وێنەی شاعیری میللی و بەناوبانگی کورد هەژار[3]، بڵاوکراونەتەوە.

١٢- لە کۆتایی گۆڤارەکەدا گۆشەی سوپاس هەیە، کە سوپاسی ئەو کەسانە دەکات، کە یارمەتییان پێشکەش بە گۆڤاری هەڵاڵە کردوە.

دواتریش ناونیشانی گۆڤارەکەو مودیری ئیدارەو ئابونە بەمشێوەیە نوسراوە[4]:

نیو نیشانی هەڵاڵە: بوکان - کمیتەی محلی حزبی دیموکرات کوردستان لکی بوکان گوواری هەڵاڵە

مدیری ادارە ح- قزڵجی

## ٢-٣-٥/ گۆڤاری گڕوگاڵی منداڵانی کورد

دنیای منداڵان دنیایەکی ڕەنگین و پڕ لە ئومێدە، ڕۆژنامەی منداڵان خاوەنی کۆمەڵی یاساو دەستوری تایبەتییە کە

---

[1] گۆڤاری هەڵاڵە ژ٢، ل٩

[2] گۆڤاری هەڵاڵە، ژ٢، ل٢٣

[3] گۆڤاری هەڵاڵە ژ٣، ل١٦

[4] گۆڤاری هەڵاڵە

دەبێت لەگەڵ ئامانج و ئەو پەیمانە پەروەردەیەی هەڵیگرتوە بگونجێت.

١- لە مێژوی ڕۆژنامەنوسی کوردیدا ئەم گۆڤارە یەکەمین گۆڤاری کوردییە، کە بۆ منداڵان تەرخانکراوە، یەکەم ژمارەی ئەم گۆڤارە لە ١ی بانەمەڕی ١٣٢٥ بەرانبەر ٢١ی نیسانی ١٩٤٦ بڵاوکراوەتەوە، تەنیا سێ ژمارەی لێدەرچوە، ئەم گۆڤار لە شاری مهاباد دەردەچو، بە سەرپەرشتی عەبدولقادری مودرس، کۆمەڵێک نوسەرو شاعیری کوردستانی ئێران و عێراق بەشدارییان تێداکردوە، کە نوسەری لێهاتو ناسراوبون، لەوانە: وهاب بلوریان، پیرەمێرد، هەژار، هێمن، زێوەر، دڵشادی ڕەسولی، حاجی قادری کۆیی، ق. مدرسی، م. ص. قزڵجی، محمد عطری گلولانی، محمد ازر.

٢- گۆڤاری گڕوگاڵی منداڵانی کورد هەر جارەی ژمارەیەکی پێشکەش بە کەسێک یان شەهیدی کراوە، ژمارەی یەکەم پێشکەش بە ڕۆڵەی قازی پێشەوا (عەلی) کراوە، ژمارەی دوەم پێشکەش بە گیانی پاکی شەهیدانی ڕێگای ڕزگاری کوردستان کراوە[١].

[١] گۆڤاری گڕوگاڵی منداڵان

٣- شێوەو ڕێکخستنی هونەری بەرگی گۆڤارەکە بەمشێوەیە بوە: لە سەرەوەی بەرگی پێشەوەی گۆڤارەکە لە دەستەی ڕاستدا نوسراوە: (بە نێوی خودای بەرزی بێ هاوتا)، لە دەستە چەپدا نوسراوە (بژی کورد و کوردستان)، پاشان ناوی گۆڤارەکە (گڕوگاڵی منداڵانی کورد) نوسراوەو تەنیا وشەی (کورد) بە بچوکتر لە ژێرەوەیدا نوسراوە، پاشان (بیری کارگەرانی چاپخانەی کوردستان) نوسراوە، ژمارەی گۆڤارو ساڵی یەکەم نوسراوە، دواتر هیلێکی ڕاست کراوە لە سەر هێڵەکە ڕۆژو مانگ و ساڵی دەرچون و لە ژێر هێڵەکەدا (مهاباد-چاپخانەی کوردستان) نوسراوە[١]، بەڵام لە ژمارە ٣ دا گۆڕانی بە سەردا هاتوەو وێنەیەکی سەلاحەدیینی ئەیوبی لە بەرگی یەکەمدا بڵاوکراوەتەوەو لە هەردوو لای وێنەکەدا دوو دێڕ شیعر بڵاوکراوەتەوە، کە نوسراوە:

هەر بژی ئەی فخری قەومی کورد و سوڵتانی عرب

تۆ نەمەردوی ئەی صلاح الدین ایوبی نسب

٤- وتار لە بواری پەروەردەو گرنگی خوێندن و دەرسەکانی ڕێزمان و زانیاری بەسود بە خوێندکاران

---

[١] گۆڤاری گڕوگاڵی منداڵان

دەبەخشێت، وەک لە وتارێکدا دەرسی نیشتمانپەروەری و خۆشەویستی میللەت و نەتەوە بۆ مندالآن ڕوندەکاتەوەو کە وتاری (ایمە ڕولەی کوردین) لە نوسینی محەمەد ازەر، کە نوسیویەتی[١]: (ایمە ڕولەی کوردین. کوردستانی مە زن نیشتمانی ایمیە، سەرنوشتی ئەو نیشتمانە خوشەویستە لە دوارۆژدا دەکەویتە بەردەستی ایمە، ...)، بەم دێرە کۆتایی بە وتارەکە دێت، (بۆ ئەوەی بەو امانجە پاکە بگەین هر لە ایسەوە خومان بە زانست و هونەر امادە دە کەین، تا هیزی نیشتمان پەروەری و گیانبازیمان قەویترو بە هوی زانست و فیداکاری بتوانین لە دوارۆژدا بە سەر وظیفەی مقدسی خوماندا زالّ بین.).

وتاری (کوردستان مالّ کوردە) لە نوسینی وهاب بلوریان بڵاوکراوەتەوە، کە نوسیویەتی[٢]: کورد بە هەموو هیزی خوی دەچڕیکێنێت دەڵی: کوردستان ماڵی خۆمە بە کەسی نادەم، وەڵاتی بۆ کەس بەجێ ناهێڵم. لە کوردستان ژیاوم و دەژیم، دەبێت هەر لە کوردستان و ڕیگای کوردستانیش دا بمرم.

---

[١] گۆڤاری گڕوگاڵی مندالآن ژ٣، ل٩

[٢] گۆڤاری گڕوگاڵی مندالآن ژ١، ل١-٢

٥- لایەنی سەرکەوتویی گۆڤارەکە لەوەدایە، کە گەلێک بابەتی جۆراوجۆری تیدایە، یەکێک لە بابەتەکان وانەی دەستوری زمانی کوردی کە لە هەر سێ گۆڤارەکەدا هەر جارەی وانەیەکی گرنگ بڵاوکراوەتەوە، بۆ نمونە: لە گۆڤارەکەدا وانەی جوگرافیا بەرچاودەکەوێت کە بەشێوەی دیالۆک لە نێوان مامۆستاو قوتابیدا نوسراوە، بەمشێوەیە[١]:

مامۆستا: لە یەک لە شاگردەکان دەپرسێ، ڕۆڵە لە سەروی (شمالی)ی کوردستان چی هەیە؟

شاگرد (نەریمان): ئەرمەنستان و دەریای ڕەش و تورکیا ...؟

لە ژمارە (٣) دا وانەی دوەمی جوگرافیای کوردستان باسی (چۆمەکانی کوردستان) دەکات، دیارە ئەمەش بۆ ناساندنی سنوری جوگرافیای کوردستان و ناساندنی چۆمەکان بە منداڵانی کورد کە لەو دوو وانەدا باسکراوە.

٦- گۆڤاری گڕوگاڵی منداڵانی کورد بابەتی زانستی پزیشکی بۆ وەرگرتنی زانیاری منداڵان بڵاوکراوەتەوە،

---

[١] گۆڤاری گڕوگاڵی منداڵان ژ٢، ل٤

وەک لە بابەتی (لە خوێندن و زانست چم دەست دەکەویٚ) کە لە نوسینی (ق. مدرسی)یە، نوسیویەتی[١]:

- (لە هەر نەفەسێکدا ٣ لیتر هەوا داخلی سیپەلاک دەبی و لە هەر دقیقە ٦٠ لیتر و هەر ٢٤ سعات ٨٦ هەزار لتر داخلی سیپەلاک دەبی.)

لە بواری پزیشکیدا بۆ ئاشنای منداڵان لە هەندێک نەخوشی چەندین وتاری کورت بڵاوکراونەتەوە، لەوانە[٢]: (بەشی زۆری میکروبی کەوتویی بە هۆی اوەوە بڵاوئەبیتەوە چۆن جلک و بەرگی نەخوش لەناو اودا دەشوین میکروبەکە دەچیتە ناو او ، ئەوجا لە خواردنەوەی ئەو اوە انسان توشی نەخوشی دە بی.) ئەمەش بۆ ئەوە بو کە ڕێنمایی منداڵان دەکات، لە کاتی گرتنی کۆکەڕەشە چی بکەن.

٧- لە گۆڤارەکەدا گرنگی بە بواری وەرگێڕان دراوە، وەک: (دادگای حیوانات) کە نوسەر (ق. مدرسی) وەریگێڕاوە.

٨- لە هە موو ژمارەکانی گۆڤارەکەدا گرنگییەکی زۆر بە شیعرو چیرۆک دراوە، کە بەشێوەیەکی سادەو ساکار

[١] گۆڤاری گڕوگاڵی منداڵان ژ٣، ل١١
[٢] گۆڤاری گڕوگاڵی منداڵان ژ١، ل٦-٧

بابەتی بەسودو ناسک بڵاوبوەتەوە، وەک لە شیعرێکی پیرەمێردی شاعیر کە لە سلێمانییەوە بۆی ناردون لەگەڵ بابەتێکی ئاینیدا لە ژێر ناوی (گوێزەبانە حەوتوی پێغەمبەری ئیسلام ص) کە نوسراوە[١]:

قوبانی نیوت، نیوت چەند خوشە

ارەقت گوڵاو بونت وەنەوشە

نیرگس ارەقی ئەندامی تویە

بویە پەسەندە ئەو ڕەنگ و بویە

شیعرێکی زێوەر کە لە گۆڤاری گەلاوێژەوە وەرگیراوەو دواتر بڵاوکراوەتەوە، کە نوسراوە:

بالورەی کچە کوردێک[٢]

کیژولەی کوردستانم    بە رەزای سەربەردانم

کە نیزەی نیو شاخانم    لە خواوەیە من جوانم

---

[١] گۆڤاری گڕوگاڵی منداڵان، ژ١، ل٣

[٢] گۆڤاری گڕوگاڵی منداڵان، ژ١، ل٩

شیعری (کوڕی کوردم لە بو ژێردەستی نابم) شاعیر سعید زەرگەیی (هومید)، کە نوسراوە[١]:

دەخوینم من بە آزادیی سەربەست

کە چاک تی بگەم حەقی خوم بینمەوە دەست

کوڕی کوردم لە بو ژێردەستی نابم

لە بەرچی من دەبی زنجیر بە پابم

گۆڤارەکە نزیکەی (٦) چیرۆکی تێدا بڵاوکراوەتەوە، وەک (کوڕە شوانی ڕەشید) کە کورتە چیرۆکێکی زۆر شیرین و جوانە بە قەڵەمی (م. ص. قزڵجی) نوسراوە، چیرۆکی (آزادی کیهەیە)ی (ص.ب) نوسیویەتی.

٩- لە هەمو ژمارەکاندا پێشبڕکێیەک بڵاوکراوەتەوەو وەڵامەکەی لە ژمارەی دواتر نوسراوە.

١٠- لایەنیکی تر لە گۆڤارەکە (وتەی پیاوە زاناکان، گۆشەی بۆ زانین) بڵاوکراوەتەوە.

---

[١] گۆڤاری گڕوگاڵی منداڵان، ژ٢، ل٥

١١- له گۆڤارەکەدا وێنه بڵاوکراوەتەوە، وەک (وێنەی کوڕو کچێکی کورد به جلی کوردییەوه[1])، (وێنەی صلاح الدینی ئەیوبی[2]).

١٢- لەم گۆڤارەدا گۆشەی ئاینی و وتاری ئاینی بڵاوکراوەتەوە.

١٣- له سەر ڕوی بەرگی کۆتایی گۆڤارەکەدا له ژمارەی ٢-٣ دا نرخ و ناونیشانی گۆڤارەکه نوسراوە، بەمشێوەیه[3]:

ادرس – مهاباد: چاپخانەی کوردستان

مدیری ایداره - قادری مدرسی

## ٢-٣-٦/ گۆڤاری هاواری نیشتمان

١- گۆڤاری هاواری نیشتمان بڵاوکراوەیەکی بیری یەکێتی جەوانانی دیموکرات بووە، تەنها یەک ژمارەی لیدەرچوە له ١ی خاکەلێوەی ١٣٢٥ بەرانبەر ٢١ی مارسی ١٩٤٦ له چاپخانەی کوردستان له شاری مهاباد چاپکراوە، گۆڤارەکه

[1] گۆڤاری گڕوگاڵی منداڵان ژ٢،ل١

[2] گۆڤاری گڕوگاڵی منداڵان، ژ٣، ل١

[3] گۆڤاری گڕوگاڵی منداڵان

مانگانه بووه، بیروڕای جیاواز دەربارەی ژمارەی دەرچونی هەیە، وەک فەهمی عزیز کاکە سور لە گۆڤاری کاروان نوسیویەتی: چەند ژمارەیەکی لێدەرچوە.

٢- ناوی هەندێک نوسەرانی گۆڤاری هاواری نیشتمان نوسراوەو هەندێکی تر نەنوسراوە، دیاریترینیان بریتین لە: صدیق.ا، ازر، م.عیشقی، ص. ازر، م. مجدی، م. مولائی، محەمەد شاپەسندی، هێمن، بەڕێوەبەری بەرپرس ص. انجیری ازر بوە.

٣- شێوەو ڕێکخستنی بەرگی گۆڤارەکە بەمشێوەیە بوە: لەسەر بەرگی گۆڤارەکە نوسراوە (بڵاوکراوەی بیری ییکەتی جەوانانی دیموکرات)، لە خوارەوەی نوسراوە (با سەواد بیخونیتەوە بو بی سوادان)، پاشان نوسراوە (مدیر مسئول: ص. انجیری ازر)، لە ناوەڕاستی بەرگی پێشەوەی گۆڤارەکەدا (هاوار) بە گەورەیی نوسراوەو بە بچوکی لە پاڵیدا وشەی (نیشتمان) نوسراوە، لە ژێر ناونیشانەکەیدا لە نێو چوارچێوەیەکدا وتەیەکی (لینین)ە کە نوسراوە: وەختایەکی ایمە پیرۆز دەبین کە ملیونەها کومەلی زەحمەت بە موبارەزە بخوازین ... لەنین گەورە پیش انقلاب.

له خوار وتەکەدا له ناو دو هیڵی ئاسۆییدا ژمارەو ساڵ و ڕۆژ و مانگ و ساڵی هەتاوی و زایینی نوسراوەو له ژێر هێڵەکەشدا نوسراوه (له ژێر چاوەدیری هەیئەتی تحریریه دەردەچی)[1].

٤- له سەروتاری گۆڤارەکەدا که ڕێکەوتی سەری ساڵی کوردییه به ناونیشانی (ساڵی تازه) م.عیشقی نوسیویەتی[2]: ژەنگی غەمان لەسەر دڵان لاچوو کوردی هەژار له ظلمی ڕۆژگار نەجاتی بو، چەلەمەی زیندەگی له مل هاتەدەرو باغی سعادەتی له زستاندا هاتەبەر صفحاتی تاریخی چارەرەشی تەواوبو.

٥- لایەنێکی گرنگ له گۆڤارەکەدا لایەنی وتاره، که نزیکەی (١٠) وتار بڵاوبونەوه، که پێکهاتوه له وتاری سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕەوشتی.

٦- وەرگێڕان بایەخی خۆی هەبوه له گۆڤارەکەدا به هۆی ئەوەی زۆربەی ڕۆژنامەنوسان به زمانی فارسی خوێندویانه، دەبینین زۆربەی بابەتەکان له ڕۆژنامەو گۆڤارەکانی ئەو سەردەمەدا زیاتر له فارسییەوه

---

[1] گۆڤاری هاواری نیشتیمان

[2] گۆڤاری هاواری نیشتیمان ژ١، ل١

وەرگێڕاون، ئەو بابەتە وەرگێڕدراوانەش بریتین لە: (من لە مەدرەسە هیچ فیرنەبووم) لە (برنادشۆ فیلەسوفی کمونیستی ئینگلیسی) وەرگیراوەو لە لایەن ص. ا. ازر وەرگێڕدراوە[1]، (فرمانفرمانی بریتانیای گەورە لە هندوستان لە لایەن کارل مارکس) نوسراوەو (ص. ا ) لە فارسییەوە وەریگێڕاوە[2]، (لەنین دانشجو قلمی پروفسو ولین) لە وەرگێڕانی محەمەد شا پەسندی[3] بڵاوبونەتەوە.

٧- لە گۆڤارەکەدا چاوپێکەوتنێکی کورت لە گەڵ مەلا مستەفا بارزانیدا کراوە.

٨- گۆشەی بۆ پێکەنین کە نوکتەیەکی سیاسی بەشێوەی گاڵتەئامێزی ڕەخنەیی بڵاوکراوەتەوە.

٩- لە گۆڤاری هاواری نیشتماندا وەک هەموو لایەنەکانی تر گرنگی بە بواری ئەدەبی داوە، بە تایبەتی بواری شیعر لە یەک ژمارەدا نزیکەی (٣) شیعر بڵاوکراوەتەوە، بۆ نمونە

[1] گۆڤاری هاواری نیشتیمان ژ١، ل ١٦
[2] گۆڤاری هاواری نیشتیمان ژ١، ل ٢٣
[3] گۆڤاری هاواری نیشتیمان ژ١، ل ٢٨

شیعری (نەمردین و بەهار هات)، کە ناوی شاعیرەکەی نەنوسراوە[1]:

بحمد اله نەمردین و بەهار هات

بەهارێکی گەلێک خوشو لەبار هات

چروی دەرکردوە دار: گوڵ پشکوتەوە

دەمی چەقلی سەمای سەرو چنار هات

شیعری (جەوانانی دیموکرات وات) لە نوسینی شاعیر م. مجدی نوسراوە[2]:

ئەمن ڕوڵیکی پاکی نیشتمانم

لە بو خزمت وەطن حاضر بە گیانم

حقیقت هەر دەڵێم شیرین بی یان تاڵ

موظف خۆم بە گوتنی حق دەزانم

[1] گۆڤاری هاواری نیشتیمان ژ١، ل١٠

[2] گۆڤاری هاواری نیشتیمان ژ١، ل٣٢

هەروەها (دەمەتەقەی دو خوین مژ: سراج اوغلور نوری سعید) لە نوسینی شاعیر هێمن نوسراوە[1].

١٠- لە گۆڤارەکەدا یەک وێنەی (ولادمیر اولیانوف لەنین) بڵاوکراوەتەوە[2].

١١- لە دوا لاپەری گۆڤارەکەدا (اگاداری) یەک بڵاوکراوەتەوەو نوسراوە[3]:

ای لاوان و گنجان کورد ئەو مجلەیە ئینگویە، بە پولی ئەنگو بلاودەکریتەوەو بیری ئەنگو بلاودەکاتەوە کاریکی وا مەکەن کە وە پاش کەویە.

## ٢-٣-٧/ گۆڤاری هاواری کورد

ئەم گۆڤارە یەکێکە لەو گۆڤارانەی کە لە کاتی هێرشی خەڵکی مهاباد بۆ سەر شارەوانی مهابادو سەرکوتکردنی

---

[1] گۆڤاری هاواری نیشتیمان ژ١، ل ٣٦-٣٨

[2] گۆڤاری هاواری نیشتیمان ژ١، ل ٢٤

[3] گۆڤاری هاواری نیشتیمان ژ١، ل ٤٠

دەسەڵاتی حکومەتی ئێران و سەروبەندی یەکەمین کۆنگرەی دامەزراندنی حیزبی دیموکراتی کوردستان[1].

١- گۆڤاری هاواری کورد لە ڕەزبەری ١٣٢٤ بەرانبەر ئەیلول و تشرینی یەکەمی ١٩٤٥ لە مهاباد دەردەچو. تە نیا یەک ژمارەی لبڵاوکراوەتەوە.

٢- شێوەی تەکنیکی گۆڤاری هاواری کورد بەمشێوەیە بووە: لە ناوەڕاستی لای سەرەوەدا (هاوار) نوسراوەو لە ژێریدا وێنەی گوڵێک کێشراوە، لە ژێر ئەودا نوسراوە ژمارە (١) پاشان گوڵبژێرێک بە هێڵێکی ئاسۆیی بچوک کێشراوەو مانگ و ساڵی دەرچونی بە هەتاوی تیادا نوسراوە، بەڵام لە بەرگی دوەمدا لە جیاتی (هاوار) کراوە بە (هاواری کورد)و بڵاوکراوەتەوە.

٣- گۆڤاری هاواری کورد نزیکەی (٥) وتاری دەرونی و کۆمەڵایەتی بڵاوبونەوە، بۆ نمونە: لە وتاری ترس، کە وتارێکی سید جمال الدین افخانییەو نوسەر م. ح وەریگێڕاوەو نوسیویەتی[2]: ترس چی یە؟ ترس گەڕانەوەی نفسە لە دفع کردنی هەموو بە سەرهاتیک دە گەل نەسازی،

---

[1] خدر سەرمۆردی، نەوزاد مەجید (٢٠٠٤:١١٢)

[2] گۆڤاری هاواری کورد ژ١، ل ٢-٦

ترس نەخوشیکە لە نەخوشایانی (ڕووحی/ هیزی اگر/ قوە حافظە) کە یکیکە لە ئەرکانی ژیان لە انسان لادەبا بو ترس ئەسباب زۆرە هەمویان لە حەقیقتدا راجح دەبن بە خوف لە مردن، مردن وەخت و ساتی دیاری نیە.

٤- جگە لە بابەتی نوسراوی نوسەران بایەخیان بە بواری وەرگێڕان داوە، لە تەنیا ژمارەیەکی گۆڤارەکەدا (٢) بابەتی وەرگێڕدراوی تێدایە بە ناوی (دەرمانی خوێندن لە قوتابخانە وەرگرە، بۆ پیاو لە کوللی دەردی: نەزانی خراپترە) کە لە ئەدەبی فارسی وەرگیراوە بە دەستکارییەوە، بەڵام ناوی نوسەرەکەی نەنوسراوە[1]، بابەتی (آزادکەرەکان) کە لە گوواری المجلە وەرگیراوەو لە لایە ن ب. پرشنگییەوە کراوە بە کوردی[2].

٥- بابەتەکانی گۆڤارەکە هەموی بە زمانی کوردییە تەنیا بابەتێک بە زمانی فارسی بڵاوکراوەتەوە، کە لە لایەن م. ح کە کورتکراوەی ناوی نوسەر سید محمدی حمیدییەو نازناوی (گرشاسب)ی بۆ خۆی هەڵبژاردوە، بابەتەکەش بە

---

[1] گۆڤاری هاواری کورد ژ١، ل ٦-٧

[2] گۆڤاری هاواری کورد ژ١، ل ٢٩-٣٠

ناوی (زمان و ادبیات کردی) کە باس لە ئەدەبیاتی کوردی دەکات بە زمانی فارسی[1].

٦- گۆڤارەکە گرنگی بە بواری شیعر داوە، لەو ژمارەیەدا (٩) پارچە شیعری شاعیران بڵاوکراوەتەوەو هەندێک لە شاعیران ناوی نەنوسراوە، بۆ نمونە:

تاکەی وەکو دیوانە ئەژی؟!          فانی[2]

کووردە تا کەی وەکوو دیوانەی و دیوانە ئەژیی

نە معارف نە ئەدەب نافرو بیگانە ئەژی

گوناهم چی بوو؟!          بێ کەس[3]

بەم دەردەت بردم

بیست و حەوت ساڵە من ڕەنجبەری توم

بە نان و اوو جل و بەرگی خوم

---

[1] گۆڤاری هاواری کورد ژ١، ل ١٨-٢٤

[2] گۆڤاری هاواری کورد ژ١، ل ١٠

[3] گۆڤاری هاواری کورد ژ١، ل ١١

خزمەتم کردووی لە ایران و ڕوم
لە پیناوی توم شکاوە ئەستوم
کە چی هیشتا هەر دیل و ڕەنجەڕوم
گوناهم چی بوو بەم دەردەت بردم
بو چی بە ناحەق وا سوکت کردم

ڕەنجبەر        ناوی شاعیرەکەی نەنوسراوە[1]

هاوار –        من ڕەنجبەریکم بە ڕەنجی بازوو
ارەق ئەڕیژم ڕۆژ و شەو ماندوو
زستان دارکەر و بەهار شووانم
پاییز جوتیار و هاوین سەپانم
پاییز –        هاوار ئەزانم کە تو ڕونجبەری
کوریکی ازاو ژییرو ایش کەری

[1] گۆڤاری هاواری کورد ژ١، ل ١٤-١٥

### قەت نابەزم هێمن[1]

گەر چی توشی ڕەنجەڕوییو حەسرەتوو دەردم ئەمن
قەت لە دەس ئەم چەرخە سپڵە نابەزم مەردم ئەمن
عاشقی چاوی کەژاڵوو گەردنی پڕ خاڵ نیم
عاشقی کیو تەلارو بەندەلوو بەردم ئەمن

### عەقڵ و بەخت هەژار[2]

دویشەوی بی خەوی سەری لیدام
زۆر وەرەز بوم لە عاجزی هەستام
چوومە لای پییرە عەقلی ئازارم
دییم لە گەڵ بەخت و طبعی سەر شارم
سی بە سی وەک برا بە دەستی چەم
کۆڕیان کرد بوو لە دەوری شەم

[1] گۆڤاری هاواری کورد ژ١، ل ١٨
[2] گۆڤاری هاواری کورد ژ١، ل ٢٤

٧- گۆشەیەکی تری گۆڤارەکە گۆشەی (ئەزانیت، بۆزانین) بڵاوکراوەتەوە.

٨- لە کۆتایی گۆڤارەکەدا هەندێک هەڵەی شیعری دیاریکراوە، کە وشە ڕاست و هەڵەکان نوسراوە، بەمشیوەیە[١]:

غلط نامە: ١- شعری ١٠ لە صفحە ١٦ شیعری چوارەمی بمندی سی یە.

## ٢-٣-٨/ گۆڤاری ئاوات

١- ئەم گۆڤارە لەسەر وەختی گۆڕانی کۆمەڵەی (ژ.ک) بە حیزبی دیموکراتی کوردستان دەرچووە، پاش دەرچوونی ئەم ژمارەیەی ئاوات چەند کەس لە بەرپرسانی حیزبی دیموکراتی کوردستان محەمەد شاپەسەندیان بانگکردووەو ڕەخنەیان لێگرتوە، کە چۆن لە خۆیەوە گۆڤارێکی دەرکردووە، ئەویش مەبەستەکەی خۆی بۆ باسکردون و ڕەخنەکەیان قبوڵکردوە، ئیدی نەیتوانیوە لە سەری بەردەوام بێت و ژمارەی دیکەی لێدەربکات، هاوکات

---

[١] گۆڤاری هاواری کورد

پێیانڕاگەیاندوە کە بەو نزیکانە لە یەکێتی سۆڤییەتەوە ئامێری چاپی پێشکەوتو دێت ئەوکات بە بڕیاری حیزب دەستدەکەین بە دەرکردنی گۆڤارو ڕۆژنامەو محەمەد شاپەسەندی لەو بوارەدا دەبێت ڕۆڵی هەبێت.

محەمەد شاپەسەندی سەبارەت بەم گۆڤارە وتویەتی[١]: نێوەڕۆکی نوسراوەکانی بریتی بوو لە (بە یادی دۆستی دوورم) کە یەک لاپەڕەم بۆ باسی دەوری زەبیحی و ئیشەکانی ئەو تەرخان کردبوو، بە ناوی ڕەمزی دەمنووسی. مەوزوعێکی دیکەی تێدابوو لە فارسییەوە وەرگیرابوو (ژنێکی نیقابدار) هەروەها (محاکەمەی هیتلێر): ئەوسا ئەوەندە ئەقڵم پێ دەشکا خولیای ئەوەم هەبوو مجەللەیەکی وەک (خواندنیها) سازبکەم. (خواندنیها) شتی کەم دەنووسی بەڵام باسی هەموو جەریدەکانی (ئێران و دەرەوە)ی تێدابوو.

حەسەن قزڵجی لە گۆڤاری هەڵاڵەدا ئاماژەی بۆ ئەوە کردوە کە هەژار شیعری لە گۆڤاری ئاواتدا بڵاوکردوەتەوە[٢].

---

[١] ڕۆژنامەی کوردستان ژ ٢٥٧، ل ٩

[٢] گۆڤاری هەڵاڵە ژ ٣، ل ١٨

هێمن له بیرەوەرییەکانیدا نوسیویەتی[1]: کۆمەڵە گوواری ئاواتیشی چاپدەکردو من لەوێ نوسینم هەبوو. دڵشاد ڕەسوڵی له وتاری (کورد شایانی شانازییه[2]) تێیدا ناوی گۆڤاری نیشتمان، هاوار، ئاوات، کوردستان، ڕۆژنامەی کوردستان، گۆڤاری هەڵاڵە، گڕوگاڵی منداڵانی کوردی هێناوە.

٢- شێوەی هونەری بەرگی گۆڤارەکە بەم شێوەیە بوە: له ژێر ناوی گۆڤارەکەدا نوسراوە (گوارێکی ادبی و تاریخی و کۆمەڵایەتی کوردییه)، دواتر نوسراوە (خاوەن امتیاز و مدیری مسئول: محەمەد ازر)، پاشان نوسراوە: له ڕۆژی ٣ شەممە ١ی خەزەڵوەری ١٣٢٤ بەرانبەر ٢٣ی ئۆکتوبەری ١٩٤٥، به کوردی و فارسی له شاری مهاباد به ئامێری چاپەکەی کۆمەڵەی ژ.ک دەرکراوە، وێنەی شێخ عبدالقادری شەمزینی له سەر بەرگەکەی چاپکراوە[3].

---

[1] سەیران حیکمەت سەردار شەمزاو (٢٠٠٥:٢٧)

[2] ڕۆژنامەی کوردستان ژ٤١، ل٤

[3] جوتیار تۆفیق (٢٠٠٧: ٢٣-٢٤)

٣- زۆربەی بابەتەکان محەمەد شاپەسەندی بە ناوی (محەمەد اڕر یان اڕر یان م. ا)وە نوسراوە نوسینی وتارێکی فارسی لە لایە ن م. ح لەم گۆڤارەدا بڵاوکراوەتەوە.

٤- لە گۆڤارەکەدا چوار شیعر بڵاوبونەوە کە دو پارچە شیعری هێمن و شیعرێکی هەژار بە نازناوی (ر. ه) و شیعرێکی اشکەی.

٥- ئەم گۆڤار تەنها یەک ژمارەی لێدەرچوە[١].

## ٢-٤/ چالاکییە ڕۆشنبیرییەکانی سەردەمی کۆماری کوردستان

نەمانی چەوسانەوی نەتەوایەتی لەو بەشەی کوردستاندا سەربەخۆییان ئەگەر چی بۆ ماوەیەکی کەمیش بوو، دەرفەتێکی لە باری بۆ گەشەکردنی ئەدەبی کورد پێکهێناو بۆ جیهانی سەلماندەوە، کە کورد وەک گەلانی تری سەر ڕوی زەمین بەهرەو توانای تایبەتی هەیە، دەزگا کوردییەکانی بەڕێوەبردن دەریانخست، کە حکومەتی کۆماری کوردستان و قازی محەمەدی سەرۆک دڵسۆزانەو

---

[١] جوتیار تۆفیق (٢٠٠٧:٢٤)

لەخۆبوردوانە بۆ خزمەتی خاک و نەتەوەو بەرەوپێشبردنی پەروەردەو زانست و زانیاری هەوڵی لێبراوە دەدەن و لەو ماوە کەمەدا پێشەوا سەلماندی کە سەرکردەیەکە بە تەواوی خۆی بۆ بەرەوپێشبردنی نەتەوەکەی تەرخانکردوەو بە گیان و بە ڕۆح هەمو هەوڵێک دەدات تا نەتەوەکەی سەربکەوێت،

هەربۆیە ڕاگەیاندنی کۆمار بونی خۆی لە بوارەکانی پەروەردەیی، ڕۆشنبیری، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی، ئابوری، سیاسیدا سەلماندوەو چاکسازی بێ وێنەی لە هەمو بوارەکاندا کردوە، کە بە بەهێزکردنی بناغەی پەروەردەو ئابوری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری دەستیپێکرد[1].

کۆماری کوردستان بایەخێکی تایبەتی بە کاروباری ڕۆشنبیری و خوێندەواریدا، منافی کریمی بە وەزیری فەرهەنگ و صدیقی حیدری بە وەزیری تەبلیغات لە هەیئەتی رەئیسەی میللیدا دانا، هەر دوو وەزارەت لەو ماوە کورتەی تەمەنیاندا کاری گرنگ و نرخدارییان ئەنجامدا[2].

---

[1] حوسێن مەدەنی (٢٠٠١:٢٧٣)

[2] نەوشیروان مستەفا (١٩٩٣:١٤٣)

کۆمەڵە چەند چالاکییەکی ئەنجامدا، گرنگترین چالاکییەکانی کۆماری کوردستان لە بواری پەروەردەیی و ڕۆشنبیری و فیکریدا لە مێژوی گەلی کوردی کوردستاندا نمونەی نەبوە، کە لەم خاڵانەدا دیاریدەکەم:

## ١- خوێندن و بە فەرمی کردنی زمانی کوردی:

لە بواری پەروەردەدا خودی قازی محەمەد بۆ خۆی گرنگی زۆری بە خوێندن و خوێندەواریداوە، یەکێک لە داواکارییەکانی کۆمار هەر لە سەرەتاوە زمانی دایک/ کوردی بوو بە زمانی فەرمی خوێندن، تەنانەت لە بڕگەی ١٣ بەشی سێیەم لە مەرامنامەی حیزبدا هاتوە[١]: لە نێو دانیشتوانی کوردستان دا بۆ بڵاوکردنەوەی عیلم و مەعریفەت خوێندنی ئیبتیدایی و ناوەنجی ئیجبارییە، لە مەدرەسەکان دا خوێندن بە زمانی کوردی دەبێت.

بۆ ئەم مەبەستە لە پێشدا لە پڕۆگرامی خوێندنی سەرەتاییەوە دەستپێکرا، هێمن موکریانی دەڵێت[٢]: لە دەستەیەک دا کە بۆ دانانی کتێبی کوردی بۆ فێرگەکانی کوردستان کاریان دەکرد، ئەندام بون، ئەندامە ئەسڵییەکانی

---

١ هیمداد حوسێن (٢٠٠٢:٣٦)

٢ سەیران حیکمەت سەردار شەمزاو (٢٠٠٥:٧٨)

ئەو لیژنەیە وەک بیرم مابێ زەبیحی و هەژار و برایمی نادری و دڵشاد ڕەسوڵی و من بوین، پێشەوا بۆ خۆی و چەند مامۆستای شارەزاش یارمەتییان دەداین.

هەیئەتی فەرهەنگی کوردستان وەک لایەنی لێپسراوی گورجوگوڵییەکی زۆری لە خزمەتکردنی ئەم بوارەدا نیشاندا، علی خوسرەوی و ڕەحیم لەشکری بە پشکنێر دانران و داوا کرا کوڕان و کچان بە زویی بخرێنە قوتابخانە[1]، بۆ ئەم مەبەستەش لە سەر بودجەی کۆمار قوتابیان یەک ڕەنگ جلوبەرگیان لەبەردا بو بۆ نەهێشتنی فەرق و جیاوازی[2].

ئەو دەمە شارو شارۆچکەکانی تریش خوێندن و قوتابخانەیان تێدا بوژایەوە، ناوی قوتابخانەکان کرانەکوردی وەک: دەرسخانەی (شاپور) لە بۆکان گۆڕدرا بە دەرسخانەی (کوڕانی پێشەوای کوردستان)، (پەهلەوی) لە مهاباد کرایە (کرمانجی)، قوتابخانەکانی (گەلاوێژ، کوردستان، کرمانجی، سەعادەت، پەروین، پەروانە، خوسرەوی) لە مهاباد هەبون. هەر بە فەرمانی پێشەوا

[1] ڕەفیق صالح صدیق صالح (٢٠٠٥:٢٩)
[2] عومەر بالەکی (٢٠٠٤:٩٩)

دەرسی کوردی بە زنجیرە لە ڕۆژنامەی کوردستان لە ژمارە ٣٢ ەوە بڵاوکرایەوە بۆ دەستپێکەرانی فێربونی کوردی.

مەدرەسەی کوردستان لە شەوی ١٩٤٦/٤/٥ پێنج پۆلی بۆ گەورەو نەخوێندەواران تەرخانکرد، کوردی و ڕوسی تێدا دەخوێندرا، هەمان مەدرەسە لە ١٩٤٦/٥/٢ بە دواوە پاشنیوەڕوان قوتابییانی لێکۆدەبونەوە بۆ نوتق و وتاردان[١].

مەدرەسەی (ئەکابری یایان)یش لە ناو مەدرەسەی کچاندا کرایەوە بۆ خوێندنی کچان و ژنانی نەخوێندەوار، مەدرەسەی (گەلاویژ) لە خانوی حاجی ئەحمەدی گادانی لە گەڕەکی قولەقەیران لە کۆتایی کانونی یەکەمی ١٩٤٥ ڕۆژانە ٥٠٠ و شەوانە ١٠٠ شاگردی هەبو، دو پۆلی شەوانیش بۆ فێرکردنی ڕوسی هەبو، جولەکەکانی مهابادیش قوتابخانەیەکی تێکەڵی کوردی و عەرەبییان کردەوە، لە شنۆش مەدرەسەی کچان کرایەوە[٢]. کۆمەڵە بە مەبەستی فێرکردنی منداڵانی کورد بە نوسین و خوێندنەوەی زمانی زگماکییان و بڵاوکردنەوەی زمانی

---

[١] ڕەفیق صالح صدیق صالح (٢٠٠٥:٢٩)

[٢] ڕەفیق صالح صدیق صالح (٢٠٠٥:٣٠)

کوردی هەستا بە دامەزراندنی دوو خوێندنگای شەوانە یەکێکیان بە ناوی (گەلاوێژ)، کە لە گەڕەکی قولەقەبرانی شاری مهاباد بو، لە سەرەتادا لە ماڵی حاجی ئەحمەد گادانی بو، دواتر بۆ ماڵی سەید عەبدوڵڵا تەها زادە گوێزرایەوە، لە لایەن مەلا حەجۆکی دەبرا بەڕێوە، خوێندنگەکەی تریش بە ناوی (ئازادی) لە گەڕەکی ئەرمەنییان دامەزرابو.

هەر ئەو ماوەیە هەیئەتی کاری یەکێتی جەوانانی دیموکراتی کوردستان سێ پۆلی نەخوێندەوارانی یەکێتی، خوێندنی وانەی ڕوسی و وانەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوری کردەوە. هەر لە سەرەتای دەرچونی بە کوردیکردنی زماندا هەوڵی بێ شومار دەدرا بۆ ئەوەی پەروەردەو فێرکردنی کوردی لە سەر بناغەیەکی پتەو دابڕێژرێت، لە سەرەتادا مامۆستا کوردەکان تێکستە فارسییەکانیان تەنها بە زارەکی لە پۆلەکانی خوێندندا دەکرد بە کوردی، بەڵام پێشکەوتنی دەوڵەتە کوردییەکە بە ماوەیەکی کەم کتێبی قوتابخانەی قۆناغی سەرەتایی بە زمانی کوردی چاپکرا[١].

---

[١] ئارچی ڕۆزفلت (٢٠٠٢:٤٢)

ئەم هەوڵەی کۆمەڵە دوای هەوڵەکەی عەبدلڕەزاق بەدرخان و سمکۆ دێت لە ساڵی ١٩١٣دا دوەمین ئەزمونی فێرکردنی منداڵانی کوردو ئاشنابونیان بە زمانی کوردی خزمەتێکی گەورە بو لەو کاتەدا[١].

هەر بە هۆی بە کوردیکردنی زمانی ڕەسمی خوێندن و نوسین و قوتابخانەو دائیرەکان قازی محەمەد لە وتارەکەی ڕۆژی ٢ی ڕێبەندانیدا بە شانازییەوە دەڵێت[٢]: چەند مەدرەسەی کچان و کوڕانمان کردەوە، مەدرەسەی شەوانمان دایرکردو کتێب بە زمانی کوردی تەرجەمەکران، ... کوڕو کچ و پیاوی گەورە لە مەداریسی شەوانەو ڕۆژانە بە زمانی کوردی دەخوێنن لە جیاتی ئەوەی شەش حەوت ساڵ خەریکی خوێندن و فێربونی فارسی بن لە مانگێک و دوو مانگدا دەبنەخویندەوارو هەمو شتێک دەخوێنن و دەنوسن. لە (ڕۆژنامەی کوردستان)دا ژمارە (١١) ناوی بەشێ لە دەستەی یەکەم و دوەمی قوتابیان هاتوە[٣].

---

[١] یاسین سەردەشتی (٢٠٠٣: ١٢٥-١٢٦)

[٢] نەوشیروان مستەفا (١٩٩٣: ١٤٤-١٤٥)

[٣] حومەر باڵەکی (٧٩:٢٠٠٤)

کارێکی گرنگی تری کۆماری کوردستان ناردنی قوتابی کورد بۆ درێژەپێدانی خوێندن لە باکۆو تەورێز[1]، کە ئەمەش لەو ماوە کەمەدا مێژویەکی پڕ شانازی خزمەتکردن بوە، کە لە ئێستادا لەم ماوەی ساڵانەدا ئەو کارە ئەنجامنەدراوە بەو تۆکمەییە.

## ٢- دامەزراندنی کتێبخانەی میللی کوردستان

وەکو پێویستییەکی شارستانی و هەستکردن بە گیانی لێپرسینەوە لە بەرانبەر زانست و زانیاری سەردەم بۆ ئەوەی ئاستی زانیاری لە کوردستان بەرزبکاتەوە بڕیاردرا هەرچی کتێب و چاپەمەنی و دۆکۆمێنتێک هەبێت لە یەک شوێندا کۆبکرێتەوە ببێتەسەرەتایەک بۆ دامەزراندنی کتێبخانەیەکی گەورەی میللی[2]. لە ڕۆژنامەی کوردستان کە بۆ دامەزراندنی کتێبخانەی میللی نوسراوە[3]: کەسانیکیش آمادەن یەک یا چەند کتیب بەم کتیبخان ملیە بە بخشن لە ڕۆژنامەدا نیویان دەنوسری و تقدیریان لێدەکری. جگە لەو

---

[1] عومەر باڵەکی (٩٩:٢٠٠٤)

[2] هیمداد حوسێن (٢٠٠٢: ١٤٤-١٤٥)

[3] ڕۆژمانەی کوردستان ژ ٢٥، ل ٣

کتێبخانەیە لە ڕۆژنامەی کوردستاندا کردنەوەی کتێبخانەی فەرهەنگی بڵاوکردوەتەوە، کە نوسراوە[1]: کتیب خانەیەک بە نیوی (کتیب خانەی فەرهەنگ) لە تەنیشت مدرسەی گەلاوێژ کراوەتەوە تکا لە برایانی خۆشەویست دەکەین چە بە کتێب چە بە میزو صندلی یاریدەی ئەم کتێبخانە کە قازانجی بۆ هەمووان هەیە بدەن.

## ٣- دامەزراندنی ڕادیۆ

کۆماری کوردستان بە ڕۆژنامەو گۆڤارەوە نەوەستا بەڵکو وشەو ئاوازی دەنگ لە ڕادیۆی تایبەتی کۆماردا بڵاودەکردەوە، کە هونەرەکانی ئەدەب و ڕاگەیاندن و مۆسیقاو ئاوازیان پێکەوە دەخستەمەیدانی خزمەتی میللەتەوە. ڕادیۆی دەنگی کوردستان کە یەکێتی سۆڤیەت لە ڕێگەی پەیوەندی فەرهەنگی ڕوسیەو ئازەربایجاندا پێشکەشی کوردستانی کردبوو، سودی زۆری هەبو، چونکە ڕادیو وەکو کەناڵێکی ڕاگەیاندنی جەماوەری کاریگەری ڕاستەوخۆی هەبو، کە دەیتوانی ورەی جەماوەر بەرزبکاتەوەو هەواڵ و ڕوداوەکان لە ساتێکی کەمدا بە

[1] ڕۆژمانەی کوردستان ژ ٦٤، ل ٣

ئاگاداری هەمو لایەک بگەیەنێت، بە تایبەتی کورد ئەو سەردەمە کە زۆربەیان نەخوێندەوار بون و ئاشنای خوێندن و نوسینی کوردیش نەبون، بۆیە ڕادیۆ دەیتوانی بگاتەنێو هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵ بێ جیاوازی، هەروەک لە ڕۆژنامەی کوردستاندا نوسراوە[1]: ڕۆژی ١٣٢٥/٢/١٢ ساتی ٦ی پاش نیوەڕۆ حضرەتی محمد قاضی پێشەوای معظمی کوردستان نطفی ژیروی بە هۆی ڕادیو بە گوی دانیشتوانی کوردستان گەیاندو بە بڵندگۆ بڵاوکرایەوە.

ئەم ڕادیۆیە هەمو ڕۆژێ بەرنامەی بڵاودەکردەوە، بەڵام دەنگەکەی ئەوەندە بڕی نەدەکرد، کە بگاتە سنورەکان و پەیامی کوردەکان بۆ هاونەتەوەکانی عێراق و تورکیا بگەیەنێت. جگە لە ڕادیۆی دەنگی کوردستان لە تەورێزیش (استگای ڕادیۆی تەورێز) پەخشدەکرا، هەروەک لە ڕۆژنامەی کوردستاندا نوسیویەتی[2]: استگای ڕادیوی تەورێز: هەموی شەو ساتی ٩-٤٥ دقیقە بە وەختی موسکۆ بە زمانی کوردی قسە دەکا.

---

[1] ڕۆژمانەی کوردستان ژ ٤٤، ل٢

[2] ڕۆژمانەی کوردستان ژ ٤٠، ل٤

### ٤- چاپ و چاپخانەو بڵاوکراوە

کۆمەڵەی ژ.ک کە پێویستی ئەو ڕۆژگارە دروستیکرد، یەکێک لەو خاڵانەی دەیانویست جێبەجێیبکەن، ئەوە بوو لە ڕێگەی چاپ و چاپەمەنی و بڵاوکراوە هەستی نەتەوایەتی بەرزبکەنەوە، چونکە دەیانویست لە ڕێگەی خوێندن و خوێندەواری کۆمەڵی دواکەوتوی کورد بەرەوپێشببەن، چاپخانە یەکێکە لە نیشانەکانی پێشکەوتنی وڵات و بەرەوپێشەوەچونی لە مەیدانی شارستانێتیدا.

سەرەتا چاپخانەیەکی دەستکرد کرِدرا لە لایەن (ڕەحمان)، کە توانرا لە ڕێگەی ئەو چاپخانە دەستییە بچوکە چەند نامیلکەیەک و گۆڤاری نیشتمانی دەربکەن[١]، لە سەردەمی کۆماردا دوو چاپخانە هێنرایە ناوچەکە، کە یەکێکیان بۆ مهابادو ئەوی تر بۆ بۆکان.

دامەزراندنی هەردوو چاپخانەکە لە کوردستانی ئێراندا لە مێژوی ڕۆشنبیری و سیاسیدا بە ڕوداوێکی گرنگ دادەنرێت، بەگەڕخستنی چاپخانەکەو چاپکردنی ڕۆژنامەی کوردستان بە لای تێکۆشەرانی حیزب و گەورە پیاوانی کوردەوە بە ڕوداوێکی گەورە دانرا، هەربۆیە لەو ڕۆژەدا

[١] سەیران حیکمەت سەردار شەمزاو (١٩٩٧:٧٥)

ئاهەنگیان بۆ گێڕا، لە ١٩٤٦/١/١٠ بەرانبەر ٢٠ی بەفرانباری ١٣٢٤ ئاهەنگ بۆ بە ڕەسمی ناساندنی بەرپرس و کارمەندان ئیدارەخانەی ڕۆژنامەو گۆڤاری کوردستان سازکرا[١]. لەو ئاهەنگەدا قادری مودەریسی کرا بە سەرۆکی چاپخانەی کوردستان، کە گرنگترین دەزگای تەبلیغاتی سەردەمەکەی خۆی بو، عەلی خوسرەوی بە مدیری داخلی چاپخانەکە دانرا[٢].

چاپخانە بوەهۆی بڵاوبونەوەی چەند ڕۆژنامەو گۆڤار، کە لەو سەردەمەدا کاری خۆی لە ڕێڕەوی ئەدەبی کوردیدا کرد. ڕویەکی گەشی ئەو ئەزمونە کەم تەمەنەی حوکمی کوردی چاپ و بڵاوکردنەوەی ژمارەیەکی باشی کتێب و گۆڤارو ڕۆژنامە بوە، کە لە بەشەکانی تردا باسکراوە، جگە لەو گۆڤارو ڕۆژنامانە هەندێک بابەتی تر چاپکراوە، لەوانە[٣]:

١- ڕۆژمێری باخەڵی ڕەسمی دەوڵەتی جمهوری کوردستان لەچاپدراوە؛

٢- جزمی یەکەمی (دیوانی قانع) لە بۆکان لەچاپدراوە؛

---

[١] بڕوانە نەوشیروان مستەفا (١٩٩٣: ١٥٣-١٥٤)

[٢] یاسین سەردەشتی (٢٠٠٣:١٣)

[٣] ڕەفیق صالح صدیق صالح (٢٠٠٥:٣١)

٣- جەعفەر خەندان دیوانی (ئاڵەکۆک)ی کردوە بە ئازەری و لە تەورێز لەچاپدرا؛

٤- هێمن شیعرەکانی لە دوو جزمدا کە (بڵێسە – فرمێسک)ی کۆکردوەتەوەو ئامادەی چاپبون.

بەمشێوەیە چاپخانە لە ژیانی ڕۆشنبیری کۆماردا ئەرکێکی نەتەوەیی گەورەی لەئەستۆگرتبو، توانییان بەو ئامێرە گەلی کورد قۆناغێک بەرەوپێشەوە ببەن.

**٥- بڵاوکردنەوەی نامیلکە**

چەند نامیلکەیەک بڵاوکرانەوە، کە بریتی بون لە:

١- هەر دوو مانگ دوای دامەزراندنی کۆمەڵە، واتە لە تشرینی یەکەمی ١٩٤٢ کۆمەڵە شیعرێکی نیشتمانی و نەتەوەیی لە نامیلکەیەکی سەربەخۆدا بە ناوی (دیاری کۆمەڵەی ژ.ک بۆ لاوانی کورد) بڵاوکرایەوە.

ئەم نامیلکەیە لە لایەن (زەبیحی)یەوە لە تەبریز لە چاپخانەی کلێسیا چاپکراو پێشکەشکرابوو بە گیانی ئەندامی

ژماره (١٣ م. س) (محەمەد سەلیمی)، کە بە نەخۆشی تیفو گیانی لەدەستدابوو[١].

٢- لە ساڵی ١٩٤٣ کۆمەڵەی ژ.ک چەند کۆمەڵە شیعرێکی دیکەی بڵاوکردەوە، بەم ناونیشانانە: (دیاری مەلا محەمەدی کۆیی) کە لە سەرەوەی بەرگەکەی نوسراوە (بژی سەرۆک و کورد و کوردستان و هیوا) لە دەوری دروشمەکەی ژ.ک ( لا اله الا الله محمد رسول الله) نوسراوە، پاشان نوسراوە ( بە پارەی کۆمەڵەی ژ.ک بۆ هەڵساندنی ئاغاوات و سەردارو عەشیرەتەکانی کورد لە خەونی نەفامی چاپ کرا".

لە سەرەتای نامیلکەکەداو لە سەر بەرگەکەی نوسراوە دیاری مەلا محەمەدی کۆیی ژمارە (١) بەم شیعرە دەستپێدەکات:

حە ز ئەکەی پێت بڵێم چیە کوردی

عاقڵی و چاپکی و جەوان مەردی

---

[١] یاسین سەردەشتی (٢٠٠٣:١٢٤)

یەک شیعری ئەم نامیلکەیە شیعرێکە بە ناوی (ارەزو) کە نوسراوە[1]:

زۆر بووە بەرخێکی لەڕو لاواز

بۆتە خەرتێکی دوگ زەلام و قەڵەو

یا منالێکی سیس و مردوخە

بۆتە پیاوێکی گورج و گۆڵ و پتەو

گەلی ملت وەها وە سەرکەوتون

کە نەییتە خەیاڵ و وەهم و خەو

٣- نامیلکەی (گوڵبژێرێک لە دیوانی حاجی قادری کۆیی بلبلی نیشتمانی کورد) کە لە سەر بەرگەکەی نوسراوە (بە پارەی کۆمەڵەی ژ.ک بۆ وشیاری ئاغاوات و سەردار عەشیرەتەکانی کورد لە چاپ درا).

---

[1] دیاری مەلا محەمەدی کۆیی ژ١، ل ١

له لاپەڕەی ١-٢ دا کورتەیەک لە مێژوی ژیانی حاجی قادر نوسراوە، لە لاپەڕە (٣)دا یەکەم شیعری تێدا بڵاوکراوەتەوە، کە نوسراوە[١]:

هەر کوردە لە بەینی کلی ملت

بێ بەهرە لە خوێندن و کتابەت

بێگانە بە ترجمەی زمانی

ئەسراری کتێبی غەیری زانی

٤- نامیلکەی (دەستە گوڵێکی جوان و بۆنخۆش لە باغی نیشتمان) لە سەر بەرگەکەی نوسراوە (بە پارەی کۆمەڵەی ژ.ک بۆ بەهێزکردنی هەستی نیشتمان پەرستی لە ناو ئاغاوات و سەردار عەشیرەتەکانی کورد لەچاپدرا)، لە سەر بەرگی (دەستە گوڵێکی جوان و بۆخۆش لە باغی نیشتمان) ژمارە (٣) ئەم پارچە شیعرە نوسراوە:

هەر ملتی لەلاوە حەقی خۆی بە دەستەوە

کوردیک ئەگەر سەری هەلینی دەڵێن بۆتە سەر بزێو

---

[١] گوڵبژێرێک لە دیوانی حاجی قادری کۆیی ٣

دواتر له لاپەڕه (١)دا پێشەکییەکی کورت نوسراوە، کە دەڵێت: (لاوێکی کوردی موکریان له تەمەن ٢٦-٢٧ ساڵیدا خاوەنی دڵێکی کە بە بریسکەی نیشتمان پەروەری هەر بەرەو ڕوناکی ئەچێت ئەم هەڵبەستانەی خوارەوەی بۆ ناردوین بەڵام ویستویەتی نیوی نەنوسین.) سەرەتای نامیلکەکەش ئەم شیعره دەستپێدەکات، کە بە ناونیشانی (ستایشی خوا وەکو حاجی قادر)، کە نوسراوە[١]:

ئەی بی مکان و تەنها خلاقی هەر مکانی

بی باب و ئەهل و ئەولاد بی مثل و بی نیشانی

دەرمانی دەردە داران خۆشی دڵی هەژاران

شوق و صەفای بەهاران ویشک و تەری خەزانی

٥- جگە لەم نامیلکانە، چەند نامیلکەیەکی تر له چاپدران، وەک: (عەقڵ و بەخت)، (گفتوگۆی دوباز)، (کارخانەی قەندی یا سلسلەی مەشایەخی نەقشبەندی).

[١] دەستە گوڵێکی جوان و بۆنخۆش له باغی نیشتیمان ژ٢، ل ٣

هەروەک لە (ڕۆژنامەی کوردستان)دا نوسراوە[1]: (ڕۆژی ٢٤-١١ هەوەڵ دەرکەوتنی چاپخانەی بوکان سلسلەی مەشایەخی نەقشبەندیمان دەس کەوت، کە بوو بە مایەی چاو ڕوونی و دڵخۆشی کارگەرانی ئیدارەی ڕۆژنامەو چاپخانە.).

ئەم نامیلکە شیعرییانە لە وروژاندنی سۆزی نەتەوایەتی و هۆشیارکردنەوەی خەڵکیدا بایەخی خۆی هەبو، بە جۆرێک کون بە کون بە دوایدا دەگەڕان و بەدەیەها بەرانبەری نرخەکەی خۆی دەفرۆشرایەوە[2]، لەبەر کەمی ژمارەی دەستاودەست بڵاودەبونەوەو خەڵکێکی زۆر کڕیبویان و بە چاوی ڕێزەوە لێیاندەڕوانی، هەروەک نوسراوە[3]: (کۆمەڵانی خەڵک بە خۆشییەوە بە شوێن میرزاو خوێندەوارێکی وادا دەگەڕان کە کوردی بزانێ، ئەو کتێبە هەموی شیعر بو، چونکە شیعرو هەڵبەست لە گیانی کورددا هەست دەبزوێنێ ژن و پیاو دەیانگوت زۆر بە کەڵکە، بە تایبەتیش ڕوپەڕەو سەرجڵدەکەی پیرۆزو دڵڕفێن بوو،

---

[1] هیمداد حوسین ( ٢٠٠٢:٧١)

[2] یاسین سەردەشتی (٢٠٠٣:١٢٥)

[3] هیمداد حوسێن (٢٠٠٢: ٧٣)

چونکه ڕۆژی کوردستانی تێدا نەخشا بو و دوو پیتی ژ. ک به لاتینی له ناوەڕاستەکەی دا بوو.).

له بارەی (کارخانەی قەندی یا سلسلەی مەشایەخی نەقشبەندی) هەژار که نوسەرەکەیەتی دەڵێت[1]: (ناوی مەشایەخی نەقشبەندیم به شیعر هۆنیبوه، له بۆکان چاپمان کرد هەزار نوسخه به دوو سێ ڕۆژ فرۆشرا، لام وا بوو شیعرەکانیان لاپەسەند کردوە: دوایی دەرکەوت و وەک نوشته کڕیویانەو ده بەرگییان کڕیوەو به کڵاویانەوه دروە!)

ئەو نامیلکەیه بەمشێوه باسی مەولانا خالیدی نەقشبەندی دەکات:

که سەر دەستەی هەموو مەستانه خالید

نەمامی باخی کوردستانه خالید

فیدات بم نیشمان بۆ شارەزوورت

ڕوناکه شام و ئەستەنبوڵ له نوورت

[1] عبدلڕەحمان شەرەفکەندی (هەژار)

## ٦- بڵاوکردنەوەی ڕۆژمێر بە کوردی

کۆمەڵەی ژ.ک دوو ساڵ لەسەریەک (١٣٢٢-١٣٢٣) بەرانبەر (١٩٤٣-١٩٤٤) دوو ڕۆژمێری کوردی چاپ و بڵاوکرایەوە، ئەم ڕۆژمێرە هەمان ساڵ و مانگی هەتاوی، کۆچی ئێرانییەکان بو، کە ناوی مانگەکان وەرگێڕدڕابون بۆ زمانی کوردی بە پێی دیاردە سروشتییەکان و وەرزەکانی ساڵ لە کوردستاندا دیاریکرابون، ئەم ڕۆژمێرە پەیامی ژ.ک بۆ لاوان و خوێندەوارانی کورد دەربارەی شارستانیەت و تێکۆشان لە ڕێگەی ئازادی کوردستاندا بڵاودەکردەوە، لە هەمان کاتدا بیروباوەڕی کۆمەڵەی ژ.ک بە هۆی ئەو ڕۆژمێرەوە دەچوە زۆرماڵی کوردەوە.

ئەم ڕۆژمێرانەی بە شیعری نەتەوەیی و دینی ڕازێنرابونەوە، هەندێک لە بیرەوەرییە گرنگەکانیشی تێدا نوسرابوو، وەک[1]:

١- ٢٥ی گەلاوێژ چێژنی سەری ساڵی کۆمەڵەی ژێ- کاف؛

٢- ٣٠ی پوشپەڕ سەری ساڵی گوڤاری نیشتمان؛

---

[1] عومەر باڵەکی (٢٠٠٤:٨١)

٣- ١٤ی ڕەشەمێ ڕۆژی بنیادنانی چاپخانەی ژێ-کاف.

لە سەرەتای ڕۆژمێری ساڵی (١٣٢٢)دا لە ژێر ناوی (پەیامی کۆمەڵە بۆ دایکی نیشتمان) نوسراوە:

ئەی دایکی نیشتمان دڵنیابە ئەندامەکانی کۆمەڵەی ژ.ک، کەناڵەی دەروونی و سکاڵای تایبەتی تو بە هەموو ناوچەکانی کوردستانا بڵاوئەکەنەوەو لاوەکان بۆ خزمەتی تۆ هان ئەدەن ...

لە ڕۆژمێری ساڵی (١٣٢٣)یشدا لە ژێر ناوی (پەیامی کۆمەڵە بۆ دایکی نیشتمان) نوسراوە:

ئەی دایکی نیشتمان ! ئێمە لە نەورۆزی ڕابرودا وەعدمان پێ دای کە بۆ ڕزگارکردنی تو لە هیچ تاڵی و ناخۆشییەکی ژین نەپرینگینەوە بە یارمەتی یەزدان و ناردراوی خۆشەویستی ئەم پەیمانەشمان بە جێ گەیاند بۆ گەیشتن بە ئامانجی پاکی خۆمان ... ئیتر پەنا بە یەزدان.)

ڕۆژمێرەکە هەموو سەری ساڵی تازە لە ڕۆژی (٢١ی مارت بەرانبەر ١ی خاکەلێوە) واتە لە یەکەم ڕۆژی نەورۆزەوە دەستپێدەکات، (٦) مانگی نیوەی یەکەمی ساڵ هەموی یەکی ٣١ ڕۆژەو (٦) مانگی نیوەی دوەمی ساڵ

یەکی ٣٠ ڕۆژ بوو، کە ئەمە یەکەمین جار بو بە ڕێکوپێکی ناوی کوردی مانگەکانی ساڵ بنوسرێت[١].

## ٧- بژارو بڵاوکردنەوەی وشەی کوردی

بژارو پاککردنەوەی کوردی لە وشەو زاراوەی بیانی و بەکارهێنانی کوردییەکی پەتی و ڕەوان دەستپێکرا، سەرەتا ناوو زاراوە عەسکەرییەکان بە فەرمان و بڕیاری پێشەوا کرانەکوردی و لە ڕۆژنامەی کوردستاندا بڵاوکرانەوە، تا لە ناو هێزی پێشمەرگەدا جێگیرببن و بەکاربهێنرێن، ڕۆژنامەوانی کوردی کوردستانی عێراق بە تایبەت گۆڤاری گەلاویژ لەم ڕوەوە کاریگەری هەبوە، نزیکەی ١٦٢ زاراوە بە پێنج ئەڵقە بۆ هەر شتێک کە پەیوەندی بە کاروباری عەسکەری و جوگرافیای عەسکەرییەوە هەبێت بڵاوکراوەتەوە لەوانە هەرە دیارترین و گونجاوترینیان زاراوەی پێشمەرگە لە جیاتی سەرباز بەکارهێنراو دواتر جێیی خۆی کردەوە[٢].

---

[١] نەوشیروان مستەفا (١٩٩٣: ٦٩-٧١)

[٢] ڕەفیق صالح صدیق صالح (٣٥:٢٠٠٥)

## ٨- شانۆ

جوڵانەوەی شانۆ گڕوتینێکی تازەی بە خۆوە بینی لەو ماوە کورتەدا شانۆگەری کوردی نمایشکران و هەست و هۆشی هونەری جەماوەری ناوچەکەیان بەرەو ژور برد، ئەو شانوگەییانەی پێشکەشکران بریتی بوو لە:

١- شانۆگەری (صلاح الدین) لە نوسینی پێشەوا قازی محەمەد، کە لە شاری مهاباد پێشکەشکراوەو سەرکەوتنێکی گەوری بە دەستهێنا لە ساڵی١٩٤٢دا[١].

٢- بۆ یەکەمجار بەردی بناغەی هونەری شانۆیی و شانۆی سیاسی - نیشتمانی لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا بریتی بوو لە پێشکەشکردنی شانۆگەری (دایکی نیشتمان) لە نوسینی پێشەوا (قازی محەمەد) بوو لە شاری مهاباد پێشکەشکرا، کە دەنگ و سەدایەکی زۆری دایەوە، شانۆگەرییەکە باس لە ژنێک دەکات بە ناوی دایکی نیشتمانەوە، وا پیشاندەدرا کە دایکەکە لە لایەن سێ کەسی دڕندە (عێڕاق، ئێران، تورکیا) ئازار دەدرێت و سوکایەتی پێدەکرێت، لە پاشدا کوڕە ئازاکانی خۆی لە دەست ئەو دڕندانە ڕزگاییدەکەن، ئەم دیمەنانە لە قوڵاییەوە بینەرەکانی هەژاند، بینەرانی

[١] کمال مظهر احمد ل ٢٥٩

شانۆکە ئازارەکانی خۆیان بۆ یەکەمجار بە نواندن دەبینی بە چاوی پڕ فرمێسکەوە چەپڵەیان بۆ ڕۆڵەکانی نیشتمان لێدەدا، کاتێک دایکیان ڕزگاردەکرد[1].

هەروەها هێمن لە بیرەوەرییەکانیدا، دەڵێت[2]: (دایکی نیشتمان گەورەترین تەبلیخاتی بۆ کۆمەڵە کرد، ئەو تیئاترە کە زوریش ساکار بو و دەتوانم بڵێم لە باری هونەری و تەنانەت فیکرەوە ناتەواویش بو، سێ چوار مانگ لە مهابادو شارەکانی تری موکریان لە سەر شانۆ مایەوە، کەم کەس هەبو نەچوو بێ و هەر کەسیش چوبا دەگریاو هەستی کوردایەتی دەبزوت ...)

٣- شانۆگەرییەک لە شاری سەقز ساڵی ١٩٤٦ لە دەبیرستانی شاهپور بە ناوی (تەبیبی ئیجباری) لە نوسینی مولێر پێشکشکراوەو داهاتی شانۆگەرییەکەش بۆ خوێندکارو هەژارەکان دانرا[3].

---

[1] بڕوانە هیمداد حوسین (٢٠٠٢:٣٩)، ئارچی ڕۆزفلت (٢٠٠٢:١٤)، یاسین سەردەشتی (٢٠٠٣:١٢٦)

[2] سەیران حیکمەت سەردار شەمزاو (١٩٩٧:٧٣)

[3] هیمداد حوسێن (٢٠٠٢:٣٩)

**٩- سینەمای کوردستان**

یەکێکی تر لە هەوڵەکانی کۆماری کوردستان دامەزراندنی سینەما بوە، دیارە سینەما وەکو هۆیەکی ڕاگەیاندنی بینراو بۆ گەشەپێدانی هۆشی سیاسی و کۆمەڵایەتی خەڵک بە تایبەتی نەخوێندەواران گرنگییەکی زۆری هەیە، کە پیشاندانی فلیم بیروهۆشی تاکەکان دەجوڵێنێت.

سەرەتا وەکو پڕۆژەیەکی تایبەت جەعفەر ئاغای کەریمی لە حیزبی دیموکراتی کوردستان داوایکرد کە ئیمتیازی سینەمایێکی بە ناوی سینەمای کوردستان بدرێتێ پێشەوای کوردستان ئیمتیازی داوەتێ و دەستور دراوە ئاغای حەسەن ئەرجومەندی مودیری سینەمای کوردستان خەریکی سازکردنی ئەسباب و بەجێهێنانی کارەکەی بێت[١].

هەروەک لە ڕۆژنامەی کوردستاندا نوسیویەتی[٢]: صحنەی سینەمای کوردستان کە چەندی لەوەی پێش لە لایەن وەزارەتی بەرزی تەبلیغاتەوە دەست بە سازکردنی کرا.

---

[١] ڕەفیق صالح صدیق صالح (٢٠٠٥:٣٢)

[٢] ڕۆژنامەی کوردستان ژ ٦٢، ل ٣

## ١٠- به كوردیكردنی وتاری نوێژی هەینی

له ١٣٢٤/١١/١٢ بەرانبەر ١٩٤٦/٢/١ وتاری نوێژی هەینی به فەرمانی پێشەوای كوردستان كرایەكوردی، كه ئەمەش وایكرد هەموو خەڵك لەو وتارانه تێبگەن كه له ڕۆژانی هەینیدا دەخوێنرانەوه، هەست و هۆشی جەماوەری زیاتر بەرەو پێشبردو زانیاری خەڵك زیاتر دەبو، چونكه هەمو چین و توێژەكان له وتارەكه تێدەگەیشتن، هەروەک له ڕۆژنامەی كوردستاندا ئاماژەی بۆ دەكات له ژێر (ناوی كوردستان به ناوی هەوەڵ جاره كه خطبەی جمعه به كوردی دەخوێندرێتەوه) نوسراوه[١]: ١٣٢٤/١١/١٢ امام پاش بسمله، حمدله، تصلیه، ایه. خطبەكەی به كوردی خویندەوەو دڵی هەموو كوردێكی پێ ڕون بوو.).

## ١١- چالاكی ژنان

ژنان لەو سەردەمەدا بەشدارییان له چالاكی كۆماردا كردو توانیان خۆڕێكبخەن و چالاكی كۆمەڵایەتی

[١] ڕۆژنامەی كوردستان ژ ١٠، ل٣

ئەنجامبدەن، گرنگترین چالاکی ژنان بون کە لە سەردەمی کۆماری کوردستان ئەنجامیانداوە، لەوانە[1]:

١- کۆنفرانسی یایان لە ئەنجومەنی فەرهەنگی کوردو شورەوی کە ١٣٢٤/١٢/١٧ بەسترا؛

٢- سازکردنی حیزبی دیموکراتی لە لایەن ژنانی کوردستان کە ڕۆژی هەینی ١٩٤٦/٤/١٣ دامەزرا؛

٣- مەدرەسەی ئەکابری یایان کە لە ١٩٤٦/٣/٢١ بە فەرمانی پێشەوا لە جێی مەدرەسەی کچان دامەزراوە، بۆ خوێندنی کچان و ژنانی نەخوێندەوار لەو مەدرەسەدا (٤٠) کچ و ژنی نەخوێندەوار ناویان لێنوسیوە؛

٤- دامەزراندنی یەکێتی ژنانی دیموکرات؛

٥- کۆنفرانسی سوخەنرانیی یایان.

## ١٢- دامەزراندنی سوپای میللی

دامەزراندنی سوپای میللی لە کۆماری کوردستانداو چەکدارکردنی بەشێکی بەرچاو لە خەڵک و عەشیرەتەکان

---

[1] ڕەفیق صالح صدیق صالح (٢٠٠٥: ٣٠-٣٢)

و ڕاهێنانیان له بواری نیزامیدا بۆ بەرگریکردن له خاك و نەتەوە کرد.

## ١٣- هەڵکردنی ئاڵای کوردستان

ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەز خەڵک به هاندانی هەندێک له سەرکردەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان هەڵیانکوتایەسەر شارەبانی مهاباد، که دوایین نیشانەی ڕواڵەتی دەسەڵاتی تاران بو، پاش تەقەیەکی کەم گرتیان و ئاڵای حکومەتی ئێران هێنایەخوارەوەو ئاڵای کوردستان له جێگەی هەڵکرا[١]، ئاڵای کوردستان لەم شوێنانەدا هەڵکران:

١- هەڵکڕدنی ئاڵا له مهاباد

له ١٦ی سەرماوەز تەواوی نوێنەرەکانی خەڵکی کوردستان له شاری مهاباد کۆبونەوە له کاتژمێر ١٠ی بەیانی له کانگای حیزب ئاڵای کورد به حوضوری ده هەزار نەفەر هەڵکراو له سەرتاسەری شەقامی وەفایی، له کاتێکدا دەستەی موزیک مارشی میللی لێدەدا. پێشەوای موعەظەمی کوردستان جەنابی قاضی محەمەد وتارێکی بەتینی له

[١] نەوشیروان مستەفا (١٩٩٣:٩٠)

بابەت ئاڵای موقەدەسی کوردستان خوێندەوە[1]، هێمنی شاعیر لە کاتی هەڵکردنی ئاڵای کوردستان لە مهاباد ئەم پارچە شیعرەی خویندەوە[2]:

ئێمە نەزان و ئەوان خوێندەوار

ئێمە نۆکەرین و ئەو ئاغاو سەردار

ئەو بە عیلمی خۆی وا بە حەواوە

ئێمە لە جەهلا سەرمان سوڕماوە

٢- هەڵکردنی ئاڵا لە نەغەدە

١٣٢٤/٩/٢٧ جۆش و خرۆشێکی بێ پایان لە دانیشتوانی نەغەدەو دەوروپشتی پەیدابوو، ڕۆژی چوارشەممە کاتژمێر ٩ی بەیانی چەژن دەستپێکراو قوتابییانی کوردو ئەرمەنی و ئاسوری بە سرود خوێندنەوە لە شوێنی جەژنەکەدا ئامادەبون، لە پاشدا ئاڵای موقەدەس هەڵکراو سڵاوی ئاڵا

[1] نەوشیروان مستەفا (١٩٩٣: ٩٠-٩١)

[2] ڕۆژنامەی کوردستان ژ ٥، ل ٢

خوێنرایەوە، دواتر سرودی ئەی ڕەقیب لە لایەن دەستەی لاوانەوە خوێنرایەوەو کوردەکانی عێراقیش بەشداربون[1].

٣- هەڵکردنی ئاڵا لە بۆکان

کاتژمێر ١ی پاش نیوەڕۆ ڕۆژی چوارشەممە ١٣٢٤/١٠/٥ هەیئەتی هەڵکردنی ئاڵا لە حەساری کانگای حیزب مارشی میللی کوردستان خوێنرایەوەو موزیک لێدرا[2].

## ١٤- پەیوەندی کۆمار

دامەزراندنی پەیوەندی لەگەل حیزب و ڕێکخراوە ئێرانییەکان و بەهێزکردنی پەیوەندی لەگەڵ کوردی بەشەکانی دیکەی کوردستان[3].

---

[1] بڕوانە نەوشیروان مستەفا (١٩٩٣: ٩١-٩٢)

[2] بڕوانە نەوشیروان مستەفا (١٩٩٣:٩١)

[3] عومەر بالەکی (٢٠٠٤:٩١)

**١٥- دانانی فەقیرخانەو هەتیوخانە**

یەکێک لە کارە گرنگەکانی خەمخۆری کۆمار بۆ هەمو چین و توێژەکانی دامەزراندنی خانەی فەقیرو بێسەرپەرشتان بوو، کە ئەمەش بەڵگەی دڵسۆزی و پێشەوا بوو بۆ هەمو خەڵک و بایەخدان بە پیدانی ژیانێکی باشتر بۆ هەموان.

لە کۆتاییدا هەمو ئەو چالاکییانەی کە لە سەردەمی کۆماردا ڕویدا لە ئەنجامی دڵسوزی و نیشتمانپەروەری بەڕێوەبەرانی و سەرۆکی کۆمار بو بۆ پێشکەوتن و بەرەو پێشچونی هەموو لایەنەکانی ژیان لە ئاستی هۆشیاری و ڕۆشنبیری و فکری ئابوری و خزمەتگوزاری خەڵک، هەروەک سەرۆکی کۆماری کوردستان لە دوای ڕوخانی کۆمارەکەش هەر بە تەنگ گەلەکەیەوە دەبێت و لە کۆتایی ژیانیدا وەسیەتنامەیەک بۆ گەلەکەی دەنوسێت و چەندین ئامۆژگاری بەنرخیان بۆ بەجیدەهێڵێت و یەکێک لە داواکانی

بريتییه له (خوێندن و زانست و پلەی زانیارییتان بەرنەسەرەوە، بۆ ئەوەی کەمتر فریوی دوژمنان بخۆن[1].

[1] ڕۆژنامەی یەکگرتو ژ ٦٣٣، ل ٥

# بەشی سێیەم

## بیبلۆگرافیای ڕۆژنامەگەری کۆماری کوردستان

### ٣-١/ بیبلۆگرافیای ڕۆژنامەگەری پێش دامەزراندنی کۆماری کوردستان

### گۆڤاری نیشتمان

ژمارە ١ - ساڵی یەکەم – پوشپەڕی ١٣٢٤/ جولای ١٩٤٣

| لاپەڕە | بابەت | ناوی نوسەر |
| --- | --- | --- |
| ١-٢ | امانجی ایمە | |
| ٣-٤ | تەماع | |
| ٤-٥ | دەردی دەرون: دەمەتەقێکی دوو کەسی | ع. هەژار |
| ٥-٦ | رێک کەوون تا سەرکەون | ع. بێژەن |
| ٦-٧ | مێجەرسۆن دەرهەق بە کورد چی دەڵێ | لە کتێبی کوردو کوردستانی ئەمین زەکی بەگەوە. |
| ٨ | سەرکەوتن بە زۆر و کەمی نی یە | ع. بێژەن |
| ٩-١٠ | شیعر | م.م.هۆشەنگ |
| ١١-١٢ | شیعر | مەولەوی |
| ١٢-١٣ | شیعر | زێوەر |

| | | |
|---|---|---|
| ١٣-١٤ | شاعیر بەناوبانگ وەفایی | ع. بێژەن |
| ١٤-١٥ | بە شی طبی جیگارە جۆن ئەکێشریت | |
| ١٦ | بۆ گەنم کڕ | |
| ١٧-١٩ | کورد و عصبە الامم | لە کتێبی عێراق وعصبە الاممی مامۆستا ڕەفیق حیلمی یەوە |
| ١٩-٢١ | شیعر | |
| ٢١-٢٢ | کوردستانماڵی کوردە | ع سامان |
| ٢٢-٢٣ | پەلامارەکەی ئەوساڵی ئەلەمان لە ڕوسیا | م. فەرروخ |
| ٢٤ | دە سیاوی بۆ چاپ | |

## گۆڤاری نیشتمان

ژماره ٢/ ساڵی یەک/ خەزەلوەری ١٣٢٢ / تشرینی یەکەمی ١٩٤٣

| لاپەڕە | بابەت | ناوی نوسەر |
|---|---|---|
| ١ | بۆ خوێنەرە خۆشەویستەکانمان | |
| ٢-٣ | لە ناو کۆمەڵەدا چە باسە | |
| ٤-٨ | مایەی ڕزگارنەبوونی ئێمە لە زنجیرو کەلەمەی دوژمن چیەو کێ یە؟ بۆچی پێش ناکەوین؟ | |
| ٨-٩ | ئێمە و مەردم | بیژەن |
| ٩-١٠ | دەردی دەرون: دەمەتەقێکی دوو کەسی | |
| ١١ | خوت بناسە | م. ش. هێمن |
| ١٢ | مەحکەمەی مەنحوسی استقلال | |
| | گەنجینەی ئەدەبیات(شیعر): | |
| ١٣-٢٠ | مەحکەمەی استقلال<br>حور بژی | م. ش. هێمن<br>فانی |

| | | |
|---|---|---|
| | نادەم بە فەلەک<br>منالێکی بویژ کوردمو<br>ئیمرو مەوقیعی ئازادیە | گیو موکریانی<br>م. ش. هێمن<br>م حەریق |
| ٢١-٢٢ | ضایعەییکی گەورە بۆ کۆچی دوایی مەلا محەمەدی کویی | |
| ٢٢-٢٣ | ئەی لاوی کورد | م. ئاریا |
| ٢٤ | انقلابی گەورەی اوکتوبر | م. فەرروخ |
| ٢٤-٢٥ | دەمی ڕاپەڕینە (شیعر) | لە ئیستگای لە ڕادیوی کوردستان |

## گۆڤاری نیشتمان

ژماره ٣-٤/ ساڵی یەک/ سەرماوەز/ ڕێبەندانی ١٣٢٢


| لاپەڕە | بابەت | ناوی نوسەر |
|---|---|---|
| ١-٢ | بەهەشتی بەختیاری | م. نادری |
| ٣-٤ | ئیستگەی ڕادیوی کوردستان | |
| ٥-٩ | کوردی دەبی چون بنوسری برای راست | |
| ٩-١٠ | لە ناو کۆمەڵەدا | |
| ١١ | شیعار بۆ هەمو کوردیک | |
| ١٢-١٣ | دەمە تەقییکی دو کەسی | |
| ١٣-١٥ | بەشی طبی ئالکول | |
| ١٥-٢٤ | گە نجینە ی ئەدەبیات(شیعر)<br>پاییزی نیشتمان<br>دەڵیم بیڵیم و ناویرم<br>کومەڵی هیوای حەرفی ژ.ک، شاعیرێکی بەناوبانگ<br>مەرامی کومەڵەکەم دینگە<br>ئاخافتنی خوشک و برایان | <br>قانع<br>فانی<br><br>هەژار<br>م. ش. هێمن |
| ٢٤-٢٦ | بوچی نەگریم؟ | ع. بیژەن |

| | | |
|---|---|---|
| ٢٦-٢٧ | ئەستێرەیەکی تازە لە ئاسمانی چاپەکانی کوردیدا | |
| ٢٧-٢٨ | وتارێکی فەلسەفی: هیزی بیر لە ڕەوانی میللەتان دا | م. بەیان |
| ٢٩-٣٠ | ژنیکی بویژی کورد | م. لاو |
| ٣٠-٣٣ | تاران - ئانکارا | |
| ٣٤ | کوردستان | |
| ٣٥-٣٦ | انقلابی گەورەی اوکتوبر | م. فەرروخ |

## گۆڤاری نیشتمان

ژماره ٥/ ڕێبەندانی ١٣٢٣/ کانونی دوەم- شوباتی ١٩٤٤


| لاپەڕە | بابەت | نای نوسەر |
|---|---|---|
| ١-٥ | کورد لە حەیات ئەنسیکلۆپیدیاس دا | ع.بێژەن |
| ٥-٨ | پیاوی چاک بەو مەیخوێنەوە | م. نادری |
| ٨-١٠ | دەمە تەقییکی دووکەس | |
| ١٠ | لە ناو کۆمەڵەدا | |
| ١١ | قسەی نەستەق | م نادری |
| ١٢-١٤ | ڕۆژی کارە | م.ش.هێمن |
| ١٤-١٦ | فەلسەفەی ژیان | ع. بیژەن |
| ١٦ | قەڵای نیشتمان (شیعر) | م.ش.هێمن |
| ١٧ | ناڵەیی دڵ (شیعر) | مەلا حەسەنی قازی هەڵەبجە |
| ١٨ | چوار (شیعر) | قانع |
| ١٩ | بیکەین بە جەمهوری (شیعر) | شاعیرێکی بەناوبانگ |
| ٢٠ | جوجەلەی نیشتمان (شیعر) | هەژار |

| | | |
|---|---|---|
| ٢١-٢٣ | ئەمن دەیڵێم و بێ باکم (شیعر) | هێمن |
| ٢٣-٢٤ | بەغدا | |
| ٢٤ | انقلابی گەورەی اوکتوبر | م. فەروخ |

## گۆڤاری نیشتمان

ژماره ٦ / ساڵی یەک/ ڕەشەمێ/ ١٣٢٣/ شوبات و ئاداری ١٩٤٤

| لاپەڕە | بابەت | ناوی نوسەر |
|---|---|---|
| ١-٤ | بۆچی گەورەکانی قریش مسلمان نەدەبوون | ع. بێژن |
| ٥-٦ | سکاڵایەک لە گەڵ نیشتمان | م.ش.هێمن |
| ٧-٩ | خۆشبەختی چیە؟ | م.ش.ازەر |
| ٩-١٠ | دەردی دەروون: دەمەتەقەیەکی دوکسی | |
| ١١-١٢ | تکا لە کوردە ناودارەکانی ئێستا | پشتیوان |
| ١٣-١٤ | کوردستان (وەرگێڕان) | م نادری |
| ١٥ | عەشایری کورد | ع. راد |
| ١٦ | لە ناو کۆمەڵەدا | |
| ١٧ | گەنجینەی ئەدەبیات(شیعر) | |
| ١٧-١٨ | ئەگەر مردم | قانع |
| ١٨ | ناڵەی دڵ | |
| ١٩ | دڵی دایک (شیعری ئیرەج میرزا) | و. هەژار |

| | | |
|---|---|---|
| ٢٠ | کەمی ماوە بویژێکی ناودار (شیعر) | |
| ٢١ | خەوی غەفڵەت بەسە (شیعر) | ع.هونەر |
| ٢٢ | تیفۆس | م. ئیرەج |

## گۆڤاری نیشتمان

ژماره ٧،٨،٩/ ساڵی ١/ خاکەلێوە، بانەمەڕ، جۆزەردانی/ ١٣٢٣/ شوبات و ئازاری ١٩٤٤

(پێکەوە لە بەرگێکدا)

| لاپەرە | بابەت | ناوی نوسەر |
|---|---|---|
| ١-٢ | کوردستان قوت نادریت | ع. بێژەن |
| ٢ | گوواری نیشتمان | م. نادری |
| ٣ | ڕاسپیری شەماڵ بۆ کورد (شیعر) | ئاواز |
| ٤ | وتارێکی شێخ سعید پێشوای انقلابی میللی کورد | |
| ٥-٦ | موسکوا - واشنگتون - لوندون | ع. مرو |
| ٦-٧ | شیخ یوسف شمس الدین البرهان | م.ش.هێمن |
| ٧ | قەومی کورد لایقی ژیانە ئاریا | |
| ٨ | هاوار | م.ش.ازەر |
| ١٠ | دوو کچە کورد لە تورکیەدا لە داری سیاست دران | |

| | | |
|---|---|---|
| ١٢ | ئاشتی | رژدی |
| ١٣ | برۆن: برۆن | م. فەرروخ |
| ١٤ | دەردی دەرون: دەمەتەقەییکی دووکەس | هەژار |
| ١٥-١٨ | یا سەربەستی یا مردن | م. نادری |
| ١٨-١٩ | سەربەستی نادری دەستێنری | بێستون |
| ٢٠-٢٦ | گەنجینەی ئەدەبیات(شیعر) | |
| ٢٠ | خەوی غەفڵەت بەسە (شیعر) | ع. هونەر |
| ٢٠ | کوردە گیان خەونم دیت | م.ش.هێمن |
| ٢١ | وەطەن | م.م. عشقی |
| ٢٣-٢٦ | دەمەتەقەی دوباز پێکەوە | ع. هەژار |
| ٢٧-٢٩ | خۆشبەختی | م. نادری |
| ٢٩-٣٠ | کورد چی دەوی | هێمن |
| ٣١ | مەلا علی اشنوی - شیخانی | گرشاسب |
| ٣٢ | بەشی پزیشکی: تیفوس | ئیرەج |

## ٣-٢/ بیبڵۆگرافیایی ڕۆژنامەگەری سەردەمی کۆماری کوردستان

### ٣-٢-١/ ڕۆژنامەی هاواری نیشتمان

ژمارە ١/ ساڵی یەکەم/ ٥شە ممە/ ١٩ی بانەمەری ١٣٢٥ – ٩ی مەی ١٩٤٦

| لاپەڕە | بابەت | ناوی نوسەر |
| --- | --- | --- |
| ١-٢ | آقای قوام السلطنه | ص.ا |
| ١-٢ | شەهامەتی عەشائری وڵاتی کوردەواری | دڵشاد ڕەسولی |
| ٢ | توتنیش بو کوردان بەڵایە! | م. ووردی |
| ٢ | ادرس | |

**ڕۆژنامەی هاواری نیشتمان**

ژمارە ٢/ ساڵی یەکەم/ اشە ممە/ ٢٩ی بانەمەری ١٣٢٥ – ١٩ی مەی ١٩٤٦

| لاپەڕە | بابەت | ناوی نوسەر |
|---|---|---|
| ١–٢ | دەستوراتی سواحلی تایمزو ایران | دڵشاد ڕەسولی |
| ١–٢ | ای برایانی ازربایىنجان | ص. ا |
| ١–٢ | لندنی پروو و کاتورا! | |
| ٢ | شورای امنیت | محمد ازر |

## ڕۆژنامەی هاواری نیشتمان

ژمارە ٣/ساڵی یەکەم/ ٥شە ممە/ ٧ی جوزەردان ١٣٢٥ – ٣٠ مایس ١٩٤٦

| لاپەڕە | بابەت | ناوی نوسەر |
|---|---|---|
| ١ | تاران مە نووە! | |
| ١–٢ | گفتوگۆیەک لە بەینی لوندرە و ئەنقەرە! | |
| ١–٢ | چمان دەوی؟ | ووردی |
| ١–٢ | زەبری بیدادی | ووردی |
| ٢ | ڕیگەی آزادی (شیعر) | م. ووردی |

## ڕۆژنامەی هاواری نیشتمان

ژمارە ٤/ ساڵی یەکەم/ ٥ شەممە/ ١٧ی جوزەردان/ ١٣٢٥ – ٣٠ مایس ١٩٤٦

| لاپەڕە | بابەت | ناوی نوسەر |
|---|---|---|
| ١ | کالنین مرد .... !! | |
| ١ | چاومان لە کویە ؟! | س. نانوازادە |
| ٢ | آمریکایی و شەرقی ! | |
| ٢ | نطق بیوین تەواو نەبووە | |
| ٢ | لە مطبوعاتی دییکە (بیروگراسی) تەواو نەبووە | |
| ٢ | تازەترین خەبەری ڕادیو | |
| ٢ | ابونمان | |
| ٢ | ادرس | |

## ڕۆژنامەی هاواری نیشتمان

ژمارە ٥/ ساڵی یەکەم/ ٢ی پوشپەڕ ١٣٢٥ - ١٩٤٦

| لاپەرە | بابەت | ناوی نوسەر |
|---|---|---|
| ١-٢ | ڕێگای اصلاحات کراوە | ص. ا |
| ١-٢ | قضیەی فلستین | |
| ١ | مرگی خوشەوی خلیل ! | |
| ١-٢ | دموکراسیمان دەوی لە هەر کوی بی | انور – دڵسوز |
| ١-٢ | معلم و سپور | س. ن |
| ٢ | دیسان فرهنگ ... تەواو نەبووە | مەلای داودی |

### ٣-٢-٢/ گۆڤاری کوردستان

ژماره ١/ سەرماوەرز ١٣٢٤ – ٦ی دیسامبەری ١٩٤٥

| لاپەڕە | بابەت | ناوی نوسەر |
|---|---|---|
| ٢-٤ | استالین | |
| ٥-٨ | پەیامی من به ملتی کورد | ع. خ |
| ٨ | وطن (شیعر) | م.م. عیشقی |
| ٨ | ئەزانیت | |
| ٩-١٠ | بۆ پەیدا نەبونی جەنگی سێیەم | ا. ع. دڵسۆز |
| ١٠ | دوژمنی کەمالی اخلاقی | |
| ١١-١٢ | حزبی دیموکراتی کوردستان | |
| ١٢-١٣ | دیموکراتمان دەوێ (شیعر) | هەژار |
| ١٤-١٥ | ئاوات و تێبینی (شیعر) | ع. هەژار |
| ١٥-١٦ | شیعری خاڵەمین (شیعر) | خاڵەمین |
| ١٦-١٧ | شیعری کوکەی پانی | |
| ١٧ | خەبەرێکی گەوره ئەری ڕاسته | |
| ١٨-٢٠ | دیموکراسی چی یە. (وەرگێڕان) | جێمس برایه |
| ٢١ | بۆ زانین | |
| ٢١ | ناوونیشان | |

**گۆڤاری کوردستان**

ژماره ٢/ ساڵی یەکەم/ ٣٠ سەرماوەرز ١٣٢٤ – ٢١ دیسامبەری ١٩٤٥


| لاپەڕە | بابەت | ناوی نوسەر |
|---|---|---|
| ١-٦ | زبان و ادبیات کردی | م. حمیدی |
| ٦ | شیوەنم بۆ وەطەنە | خالد حسامی (شیواو) |
| ٧-٨ | بژی دیموکرات | هێمن |
| ٨ | دە نگ وباس | |
| ٨ | تکای تایبەتی | |
| ٩-١٠ | ئەی دایکی نیشتمان | ع. ح |
| ١٠-١١ | دەورە دەورەی هونەر و کار دە بی (شیعر) | م.م. عیشقی |
| ١١-١٣ | نامە کچێکی دییل | شیعری ارکاد، وەرگێڕانی هێمن |
| ١٤ | فەرمێسکی هەتیو لە ئەدەبیاتی فارسی یەوە | وەرگێڕانی هەژار |

| | | |
|---|---|---|
| ١٤-١٦ | ديموكراسى چيه (پاشماوەى ژمارەى پێشوو) | |
| ١٧-١٨ | هەڵ دەكەم (شيعر) | هێمن |
| ١٨-٢٠ | ژنراليسموس استالين | س. م. حميدى |
| ٢٠-٢١ | بۆ زانين | |
| ٢١ | ناونيشان | |
| ٢٢ | هەڵكردنى الاى مقدسى كوردوستان لە نەغەدە | |

## گۆڤاری کوردستان

ژماره ٣/ ساڵی یەکەم - مانگی خاکەلێوە – مارسی ١٩٤٦

| لاپەڕە | بابەت | ناوی نوسەر |
|---|---|---|
| ١ | شیعر (خالەمین) | خاڵەمین |
| ٢ | ابن خلکان | سید محمدی حمیدی |
| ٣-٨ | سوسیالیستی چیە؟ وەرگێڕان | و: ب. شیرین |
| ٩-١٢ | فلد مارشال کوتوزوف | محمد شاپسەندی |
| ١٣-٢٦ | لاڵ بم نابینم مەیلی جارانت (شیعر) | سیف القضاة |
| ٢٧-٣١ | سەرگوزەشتی من | دڵشادی ڕسولی |
| ٣١-٣٢ | یا وطن یا مردنم (شیعر) | محمد گلولانی عطری |
| ٣٣ | ابن دیصان | سید محمدی حمیدی |
| ٣٤-٣٥ | سوزەی دەرون (شیعر) | محمد گلولانی عطری |
| ٣٥ | وەرگەراو لەو دوو شعره عربیوه به کوردی | |
| ٣٦-٣٨ | دیاری خیرویژ (شیعر) | |

## گۆڤاری کوردستان

ژماره ٤/ ساڵی یەکەم - مانگی بانەمەڕ ١٩٤٦

| لاپەڕە | بابەت | ناوی نوسەر |
| --- | --- | --- |
| ١-٢ | زانایانی کورد | سید محمد حمیدی |
| ٢-٤ | بۆ ملتی ضعیف هومید و هەناویە | سیف القضاة |
| ٥-٨ | سوسیالیستی علمی مارکس | انور دڵسوز |
| ٩-١٠ | کتێب | ع. مولوی |
| ١٠ | قسەی پیاوانی گەورە و تێ گەیشتو | ع. مولوی |
| ١١-١٤ | منو ئەو | دڵشاد ڕسولی |
| ١٤-١٨ | سەرەدای نووسەر: وەرگێر | و. سید محمد حمیدی |
| ١٦-١٨ | چە ند سەرەدایەک | |
| ١٨-٢٠ | بو جێژنی سیدان (شیعر) | شێواو |
| ٢٠ | جوتیاری بە مشور (شیعر) | هەژار |
| ٢٠-٢١ | (بێ ناونیشان) شیعر | هێمن |

| | | |
|---|---|---|
| ٢١-٢٢ | تیشكی سەربەستی و دەرخست | محەمەدگلولانی عطری |
| ٢٢-٢٣ | دەكا پیرۆزی سەربەستی | محەمەدگلولانی عطری |
| ٢٣-٢٦ | لە ڕێگەی نان پەیداكردن (قەوماوێكی ڕاستە قینە) | |
| ٢٦-٢٧ | بۆ زانین | ووردی |
| ٢٧-٢٨ | لەشساغی هەتاو | ع. مولوی |
| ٢٨-٣٠ | زلیلی پیشوت وەبیربیتەوە (شیعر) | |
| ٣٠-٣١ | بمبی اتمی لە زمانی معاویە (ر.ض) كورری ابوسفیان | و. سید محمدی حمیدی |
| ٣١-٣٥ | مێژونوسانی عرب | |
| ٣٥ | ڕاپراندن لە خوی خوشی بهاری (شیعر) | |
| ٣٥ | غەزەلی وەفائی (شیعر) | |
| ٣٦ | وطن (شیعر) | محمد: مجدی |

## گۆڤاری کوردستان

ژمارە ٦،٧ / ١٩٤٦


| لاپەرە | بابەت | ناوی نوسەر |
|---|---|---|
| ١-٢ | ابن صلاح | و. سید محمدی حمیدی |
| ٢-٤ | ابن شداد | و. سید محمدی حمیدی |
| ٤-٦ | با ئەمنوتۆش | مەناخی کەریمی |
| ٦-٩ | مایەی ژیانمی | دڵشاد ڕسولی |
| ٩-١١ | جوتیاری کورد چۆن ئەژی و چی ئەوی؟ | مەغدید مامە |
| ١١ | پاڕانەوە لە پیغەمبەر (شیعر) | م. ص. قزڵجی |
| ١١-١٢ | دەکەن داوای حقوقی کورد (شیعر) | ع. هەتاو |
| ١٢-١٥ | ئازادیم دەوێ (شیعر) | ناکام |
| ١٥ | وتاری زانایان | |
| ١٦-١٨ | بەهار ڕۆیشت | دڵشاد ڕسوولی |

| | | |
|---|---|---|
| ١٨-٢٢ | دەمەگری خۆشەویستەکەم – دەمەگری دڵ لەدەست چووەکەم ، ناڵەی دەروونی گومناوێک | |
| ٢٢-٢٥ | سکاڵایەک لە تەک مەلیکدا | عبدالکریم – سوتاو |
| ٢٥-٢٧ | ڕۆژی خۆش، خیر وێژ (شیعر) | |
| ٢٧-٣٠ | دیسان (شیعر) | |
| ٣٠-٣٥ | مردنی بە ئازار (چیرۆک) | ووردی |
| ٣٥-٣٨ | بڕۆ ئەی خۆشەویستی | دڵشاد |
| ٣٨-٤١ | پارساڵ | دڵشاد ڕەسوولی |
| ٤١-٤٣ | بۆ منداڵان (چیرۆک) | |
| ٤٣-٤٤ | پڕشنگی کچی قانع (شیعر) | قانع |
| ٤٤-٤٧ | بەرەو ئازادی | یحیی چروستانی |
| ٤٧-٥٨ | خۆبەخت کردنی خۆڕایی (شیعر) | |
| ٥٨-٦٣ | ئەڕۆین و هەر ئەڕۆین تا دەگەینە ئازادی و دیموکراسی | |

### ٣-٢-٣/ گۆڤاری هەڵاڵە

ژمارە یەک/ ساڵی یەک/ ڕەشەمێ ١٣٢٤

| لاپەڕە | بابەت | ناوی نوسەر |
|---|---|---|
| ١ | ڕۆژمێری مانگی خاکەلێوە | |
| ٢-٣ | سەربەخۆیی وەک ئەستاندنی زەحەمەتە ڕاگرتنیشی زەحمەتە | ڕەحمن اغای ایلخانی زادە |
| ٤-٦ | (هەڵاڵە) | ع. هەژار |
| ٦-٧ | دو دەنگ (ایستاش گویی سووک) دەزرنگینەوە | ع.قزڵجی |
| ٧ | قسەی ژییرەکان | |
| ٨-٩ | بە شرعی اسلام کوردستان هی خومانە | م.ص. قزڵجی |
| ٩-١٤ | هەڵکردنی الای پیرۆزی کوردستان | |
| ١٤-١٥ | کۆمەڵ و احزابی سیاسی کوردە ڕابردوودا (باسێکی مێژویی) | امین زەکی بگ |
| ١٦-١٧ | دیسان دیسان | ح. قزڵجی |
| ١٧ | ڕۆژنامە دە ڕوسیەدا | |

| | | |
|---|---|---|
| ١٨ | بەهاری زانین (شیعر) | هێمن |
| ١٩–٢٠ | پیرۆز بی جێژنی ساڵی بیست و هاشتەمی هێزی سوور | |
| ٢٠ | امین سیف الدین مکری | |
| ٢١–٢٢ | ئەوەش هەر بە قڕانیک بنوسم | م. نژادی |
| ٢٢–٢٣ | هەڵکردنی الای پیرۆزی کوردستان لە شاری بۆکان | |
| ٢٣ | شیعر | سید کامل |
| ٢٤ | شیعر | حقیقی |
| ٢٥ | بە قوربان و فیدای کوردم | |
| ٢٥–٢٦ | دیسان | |
| ٢٦–٢٧ | چاکە (وەرگێران) هەڵاڵە | ح. قزڵجی |
| ٢٨ | گوواری بون خۆشی هەڵاڵە | ح. قزڵجی |
| ٢٩ | مسابقە | |
| ٢٩ | سوپاس | |
| ٢٩ | نیوونیشانی هەڵاڵە | |

## گۆڤاری هەڵاڵە

ژمارە ٢/ ساڵی یەک/ خاکەلێوە ١٣٢٥ – ١٩٤٦


| لاپەڕە | بابەت | نای نوسەر |
| --- | --- | --- |
| ١ | ڕۆژمێری بانەمەڕی ١٣٢٥ | |
| ١–٣ | پێشەوای بەرزی کوردستان جەنابی قازی محەمەد | |
| ٣–٤ | سفری دەریا | ح. قزڵجی |
| ٥–٦ | هەڵاڵە وبەهار (شیعر) | سید کامل امامی |
| ٦–٨ | خەونیکی خۆش | ابوبکری ایلخانی |
| ٨ | شیوەی هەورامی | مەولەوی |
| ٩ | وێنەی مرحومی ابوالحسن سیف قاضی | |
| ١٠–١٣ | شاعری ملی و بەناوبانگ مرحومی (سیف القضاة) | |

| | | |
|---|---|---|
| ١٤-١٥ | بیروباوەڕی زانایانی ڕوس لە بابەت دوستایەتی ملتانەوە | |
| ١٥ | بەختەوەری (سعادت) | |
| ١٦-١٨ | گەزی چی و جاوی چی؟ | هەژار |
| ١٨ | خیوی گول و وەنەوشە | هەژار |
| ١٩-٢٢ | گوڵاڵە سورە | ح. قزلْجی |
| ٢٢-٢٤ | عزیز خان - سەرداری موکری خانوادەی موکری | |
| ٢٥-٢٧ | نامەی لادیی بو شارستانی | هێمن |
| ٢٧-٢٩ | الف وبی - کلیلی دەرکی بهشتە | حسن مدرسی |
| ٢٩-٣٠ | تازە بووە ساڵ (شیعر) | عباس حقیقی |
| ٣١-٣٢ | بو خزمەتی الا (شیعر) | |
| ٣٢ | مسابقە | |
| ٣٣ | نیوونیشانی هەڵاڵە | |
| ٣٣ | ابونە | |

## گۆڤاری هەڵاڵە

ژمارە ٣/ساڵی یەک/ بانەمەڕی ١٣٢٥ – ١٩٤٦

| لاپەڕە | بابەت | نای نوسەر |
| --- | --- | --- |
| ١ | رۆژمێری مانگی جۆزەردانی ١٣٢٥ | |
| ١-٤ | کوردستانی ئەمڕۆ- پیمانی کورد و ازربایںجان | م. قزڵجی |
| ٤-٧ | متنی پیمانی یەکەتیو برایەتی حکومتی ملی کوردستان و ازربایجان | |
| ٨-١٠ | سوپاس لە گوواری هەڵاڵە (شیعر) | شاعیریکی گەرمیانی |
| ١٠-١١ | بۆ خۆشەویستم وادت هریک | ح. قزڵجی |
| ١١-١٢ | ئەی هومیدی آزادی | حسن مدرسی |
| ١٢-١٣ | عزیز خان سەرداری موکری (وەرگێڕان) | |
| ١٤-١٥ | تازە بووە ساڵ (شیعر) | عباس حقیقی |
| ١٦-١٩ | شاعری ملی و بەناوبانگی کورد هەژار | ح. قزڵجی |

| | | |
|---|---|---|
| ١٩ | دولتی شوروی لە تیشکی ڕۆژ بەهرە وەردەگری (وەرگێڕان) | |
| ٢٠-٢١ | کورد و ازربایىنجان (شیعر) | هەژار |
| ٢٢-٢٤ | شینی ژنە کوردێک | م. هێمن |
| ٢٤-٢٦ | گوناحکار (وەرگێڕان) | م. ت |
| ٢٦ | قسەی ناستەق | شوان |
| ٢٧-٢٨ | هەی لێفە شڕە (شیعر) | هەژار |
| ٢٨ | قسەی ناستەق | شوان |
| ٢٩ | جێژنی نصبی تابلوی مدرسەی بوکان | |
| ٣٠ | جدول | |
| ٣٠ | تکا | |
| ٣٠ | نیونیشانی هەڵاڵە | |

### ٣-٢-٤/ گۆڤاری گڕوگاڵی منداڵانی کورد

ژماره ١/ بانەمەری ١٣٢٥ - ٢١ نیسانی ١٩٤٦

| لاپەڕە | بابەت | ناوی نوسەر |
|---|---|---|
| ١-٢ | کوردستان ماڵی کوردە | وهاب بلوریان |
| ٢-٣ | گویزەبانەی حەوتوی پێغمبەر اسلام (ص.ع) | پیرەمێرد |
| ٣ | نیشتمان پەروەری یونانیەکان | |
| ٤-٥ | قەڵەم (شیعر) | هەژار |
| ٥-٦ | آزادی کیهیە؟ | ص. ب |
| ٦-٧ | کەوتویی | ق. م |
| ٧ | بۆ کچان (شیعر) | هێمن |
| ٨ | دەستوری زمانی کوردی (دەرسی یەکەم) | |
| ٨ | وتەی پیاوە ژیرەکان | |
| ٩ | بالوردی کچە کوردیک (شیعر) | زیوەر |
| ١٠ | اواتی منداڵیک | دڵشاد ڕەسولی |
| ١٠ | هەبل دەلی | |
| ١١ | شار بو هەمو کوردیک | |
| ١٢ | مسابقە | |

## گۆڤاری گڕوگاڵی منداڵانی کورد

ژماره ۲/ ۱ی جوزەردانی ۱۳۲۵ – ۲ مایسی ١٩٤٦

| لاپەڕە | بابەت | ناوی نوسەر |
|---|---|---|
| ١ | ستایشی خودا (شیعر) | حاجی قادر کویی |
| ۲-۳ | دادگای حیوانات | ق. مدرسی |
| ۳ | دەستوری زمانی کوردی (دەرسی یەکەم) | مدرسی |
| ٤ | دەرسیک لە جغرافیای کوردستان (سنوری کوردستان) | ووردی |
| ٥ | کوڕی کوردم لە بو ژێردەستی نابم (شیعر) | سعیدزرگەیی (هومید) |
| ٦ | آزاد . حبسی | محەمەد عطری گڵوڵانی |
| ٧ | بەشی پزیشکی: کوخە ڕەشە | ق. مدرسی |
| ۸-۱۰ | کورد شوانی ڕەشید | م.ص. قزڵجی |
| ١١ | مسابقە - فیلی فەرماندە | |
| ١١ | جوابی مسابقەکانی پێشوو | |
| ١٢ | مەسئەلەی حساب | |

## گۆڤاری گڕوگاڵی منداڵانی کورد

ژماره ٣/ ١ی پوشپەڕی ١٣٢٥ – ٢٢ی حوزەیرانی ١٩٤٦

| لاپەڕە | بابەت | ناوی نوسەر |
|---|---|---|
| ١–٢ | حب الوطنی من الایمانی | صدیق: بکری |
| ٢ | قسەی هەڵبژێراو | |
| ٣ | دەستوری زمانی کوردی | ووردی |
| ٤–٥ | ارەزو (شیعر) | |
| ٥ | خودا (شیعر) | هێمن |
| ٦–٧ | دەرسی دوەم جغرافیای کوردستان (چومەکانی کوردستان) | ووردی |
| ٨–٩ | ایمە ڕۆڵەی کوردین | محمد ازر |
| ٩–١٠ | دزی امین | حسین فقه زادە |
| ١٠ | بۆ زانین | ق. مدرسی |
| ١١ | لە خوێندن و زانست چم دەست دەکەوی | ق. مدرسی |
| ١٢ | ڕزگاری لە زندان | ق. مدرسی |

### ٣-٢-٥/ گۆڤاری هاواری نیشتمان

ژمارە ١/ ساڵی هەوەڵ/ ١ی خاکەلێوە ١٣٢٥ - ٢٩ مارسی ١٩٤٦

| لاپەڕە | بابەت | ناوی نوسەر |
|---|---|---|
| ١-٣ | ساڵی تازە | م. عیشقی |
| ٣ | قسەی پیاوە ژیرەکان | |
| ٤-٨ | لە ڕۆژهەڵاتی میانە چە خەبەرە؟ | صدیق. ا. ازر |
| ٩ | چرای سور !؟ | ص. ا |
| ٩ | چرچیل و انتخابات | |
| ١٠-١١ | نە مردین و بەهار هات (شیعر) | |
| ١٢-١٣ | خودا ڕوی استعمار یون ڕەش کا | ص. ا. ازر |
| ١٤-١٥ | فرد کە بە وظیفەی خوی عمل کرد جامعە پیشرفت دەکا | م.م. عیشقی |
| ١٦-١٩ | من لە مدرسە هیچ فێر نەبوم | و: ص. ا. ازر |

| | | |
|---|---|---|
| ١٩-٢٢ | مصاحبه لەگەڵ: جنابی مەلا مصطفی بارزانی | |
| ٢٣-٢٧ | لەنین دانشجو | و: محمد شاه پسندی |
| ٢٨-٣٠ | فرمانفرمانی بریتانی گەورە لە هندوستان | و: ص. ا |
| ٣١-٣٢ | قاوت و دوشاو | ص. ا |
| ٣٢ | جەوانانی دیموکرات وان | م. مجدی |
| ٣٢-٣٥ | بی بەش کران حتی لە حقوقی مدنی | سعیدی همایونی |
| ٣٥ | دوو مانگ | |
| ٣٦ | دەمە تەقەی دوو خوین مژ (شیعر) | هێمن |
| ٣٨ | جا ئەو میللەتە چۆن دەفەوتی | |
| ٣٩-٤٠ | اهمیتی معلم لە دونیای ئەوڕودا | م مولائی |
| ٤٠ | بۆ پێکەنین | |
| ٤٠ | اگاداری | |

## ٣-٢-٦/ گۆڤاری هاواری کورد

ژماره ١/ ڕەزبەری ١٣٢٤ – ١٩٤٥

| لاپەڕە | بابەت | ناوی نوسەر |
|---|---|---|
| ٢-٦ | ترس | |
| ٦-٧ | دەرمانی خوێندنی لە قوتابخانە وەرگرە | |
| ٦-٧ | بۆ پیاو لە کلیلی دەردی نەزانی خراپترە | |
| ٧-٨ | مەلا معروف کولی | م. ح |
| ٩ | گوڵە میلاقەو وەنەوشە (شیعر) | هێمن |
| ١٠ | تاکەی وەکو دیوانە ئەژی (شیعر) | فانی |
| ١١-١٣ | گووناهم چی بوو؟ بەم دەردەت بردم (شیعر) | بی کەس |
| ١٣ | ئەزانیت | |
| ١٤-١٥ | ڕە نجبەر (شیعر) | |
| ١٦-١٧ | هەی لای لایە (شیعر) | هەژار |
| ١٨ | قەت نابەزم (شیعر) | هێمن |
| ١٨-٢٤ | نویسندەگان فارسی بخوانند | م. ح |

| | | |
|---|---|---|
| ٢٤-٢٨ | عەقڵ و بەخت (شیعر) | هەژار |
| ٢٨ | بو خانەوادە کان (شیعر) | |
| ٢٨-٢٩ | بۆ زانین | |
| ٢٩ | ئازادکەرەکان (وەرگێران) | ب. پڕشنگ |

**ئەنجام:**

١- کۆماری مهاباد وەکو گۆڕانێکی کۆمەڵایەتی و سیاسی لە شاخەکانەوە بۆ شارەکان لەگەڵ ئەوەی تەمەنی کەم بوە، بەڵام وەک دەستکەوتێکی گەورەو حوکمڕانی سەرکەوتو دەناسرێت لە مێژوی کورددا تاوەکو ئێستا.

٢- دامەزراندنی کوماری کوردستان بۆ هەتا هەتایە لە مێژوی نەتەوەیی کورددا تۆمارکراوەو سەربەرزو زیندو درەوشاوە دەمێنێتەوە کوردی هەمو پارچەکانی کوردستان شانازی پێوە دەکەن.

٣- کۆماری کوردستان لە ماوەی یانزە مانگی تەمەنیدا کۆمەڵی دەستکەوتی گەورەی لە بوارەکانی کردنەوەی قوتابخانە، خوێندن بە زمانی کوردی، چاپکردنیناملکە، ڕۆژنامە، گۆڤار، کتێبخانەی میللی، دەزگای ڕادیۆ، شانۆی کوردی، دانانی بنچینەی سینەمایی لە کوردستاندا.

٤- بۆ یەکەمجار لە مێژوی ڕۆژنامەنوسی گۆڤارێکی تایبەت بە منداڵان بڵاوکراوەتەوە، ژمارەیەکی زۆر لە شاعیرو نوسەرانی سەردەمی کۆمار بەشدارییان لە نوسینیدا کردوە.

٥- نوسەرو شاعیرو نیشتمانپەروەرانی کوردستانی باشور دەوری دیاریان لە بەڕێوەبردنی کاروباری ڕۆشنبیری و پەروەردەیی کۆماردا نواندوەو ئەرکی نوسینی وتارە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئەدەبی و ئاینییان لەئەستۆگرتوە.

٦- بەرزکردنەوەی ئاڵای کوردستان و گرنگیدان بە مافەڕەواکانی کورد.

# سەرچاوە

## أ. ناوی کتیب بە زمانی کوردی

١- ئارچی ڕۆزفلت، کۆمارە کوردییەکەی مهاباد، وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە ئەکرەم قەرەداخی، چاپ و ئۆفسێتی دەزگای سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٢.

٢- ئەبولحەسەن تەفرەشیان، بارزانییەکان و چەند لاپەڕەیەک لە خەباتی سەربازە ونبووەکانی کۆماری دیموکراتی کوردستان، وەرگێرانی لە فارسییەوە بەختیاری شەدەیی، چاپی یەکەم، هۆڵەندە، ١٩٩٦.

٣- جەمال خەزنەدار، ڕابەری ڕۆژنامەگەری کوردی، وەزارەتی ڕاگەیاندن، ١٩٧٣.

٤- جوتیار تۆفیق، بیبلۆگرافیای ڕۆژنامەگەری کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان - دەرەوەیدا ١٩٠٨ - ١٩٨٨، سلێمانی، ٢٠٠٧.

٥- حەسەن ئەرفەع، کوردەکان (لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی و سیاسی)، وەرگێڕانی سەردار محەمەد، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠١.

٦- حوسێن مەدەنی، کوردستان و ستراتیژی دەوڵەتان، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، چاپی یەکەم، بەرگی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠١.

٧- حیکمەت محمەد کەریم (مەلا بەختیار)، شۆڕشی کوردستان و گوڕانکارییەکانی سەردەم (خەباتی شارەکان یان ڕاپەڕینی شارەکان؟)، سوید، ١٩٩٣.

٨- خدر سەرمۆردی - نەوزاد مەجید، کۆماری کوردستان – مهاباد (١٩٤٦)، بڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیرو هۆشیاری، سلێمانی، ٢٠٠٤.

٩- دیڤید مەکداول، مێژوی هاوچەرخی کورد، وەرگێڕانی ئەبوو بەکر خوشناو، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٣.

١٠- ڕەفیق صاڵح - صدیق صاڵح، ڕۆژنامەی کوردستان، بنکەی ژین، سلێمانی، ٢٠٠٥.

١١- سەعید مەموزینی، بەرکولێک لە مێژوی کورد و کوردستان، چاپخانەی منارە، هەولێر، ٢٠٠٧.

١٢- سەیران حیکمەت - سەردار شەمزاو، دیوانی هێمن موکریانی، کوردستان، ٢٠٠٥.

١٣- عەبدورەحمان شەرەفکەندی (هەژار)، چێشتی مجێور، چاپی یەکەم، پاریس، ١٩٩٧.

١٤- عەزیز شەمزینی، جوڵانەوەی ڕزگاریی نیشتمانی کوردستان (سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، وەرگێڕانی فەرید ئەسەسەرد، چاپی چوارەم، سلێمانی، ٢٠٠٦.

١٥- عەلائەدین سەجادی، شۆڕشەکانی کورد و کۆماری عێراق، چاپخانەی مەعاریف، بەغداد، ٢٦٥٩ ی کوردی ١٩٥٩ ی فەرەنگی.

١٦- عەلائەدین سەجادی، مێژوی ڕاپەڕینی کورد، ئینتشاراتی محەمەدی - سەقر، چاپخانەی ئێران، چاپی دوەم، ١٩٩٦.

١٧- عومەر بالەکی، مهاباد و کورتە مێژویەک، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری کوردی، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٤.

١٨- کەمال مەزهەر ئەحمەد، تێگەیشتنی ڕاستی و شوێنی لە ڕۆژنامەنوسی کوردیدا، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بغداد، ١٩٧٨.

١٩- محمود زامدار، شیعر و بەرهەڵستی و ڕاچەنین لە کوردستانی ئێران دا، مطبعه الجاحظ، بغداد، ١٩٨٩.

٢٠- مەحمود مەلا عززەت، جەمهوریەتی کوردستان (لێکۆڵینەوەیەکی مێژویی و سیاسییە)، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠١.

٢١- نەوشیروان مستەفا ئەمین، حکومەتی کوردستان (کورد لە گەمەی سۆڤیەتی دا)، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستان، چاپی دوەم، هەولێر، ١٩٩٣.

٢٢- هیمداد حوسێن، ڕۆژنامەنوسیی کوردی سەردەمی کۆماری دیموکراتی کوردستان ١٩٤٢-١٩٤٧، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٢.

٢٣- یاسین سەردەشتی، کوردستانی ئێران لێکۆڵینەوەیەکی مێژویی لە جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی گەلی کورد ١٩٣٩-١٩٧٩، سلێمانی، ٢٠٠٣.

**ب- ناوی کتێب بە زمانی عەرەبی**

٢٤- كمال مظهر احمد، دراسات في تاريخ ايران الحديث والمعاصر، في المكتبه الوطنية، بغداد، ١٠٨٥.

**پ- ڕۆژنامە**

٢٥- ڕۆژنامەی کوردستان، ژمارە ١، ساڵی یەکەم، پێنج شەممە، ٢٠ی بەفرانباری ١٣٢٤، چاپخانەی کوردستان، مهاباد.

٢٦- ڕۆژنامەی کوردستان، ژمارە ٣، ساڵی یەکەم، دوو شەممە، ٢٤ی بەفرانباری ١٣٢٤، چاپخانەی کوردستان، مهاباد.

٢٧- ڕۆژنامەی کوردستان، ژمارە ٥، ساڵی یەکەم، شە ممە، ٢٩ی بەفرانباری ١٣٢٤، چاپخانەی کوردستان، مهاباد.

٢٨- ڕۆژنامەی کوردستان، ژمارە ١٠، ساڵی یەکەم، دووشەممە، ١٥ی ڕێبەندانی ١٣٢٤، چاپخانەی کوردستان، مهاباد.

٢٩- ڕۆژنامەی کوردستان، ژمارە ١٤، ساڵی یەکەم، پێنج شەممە، ٢٥ی ڕێبەندانی ١٣٢٤، چاپخانەی کوردستان، مهاباد.

٣٠- ڕۆژنامەی کوردستان، ژمارە ١٥، ساڵی یەکەم، شەممە، ٢٧ی ڕێبەندانی ١٣٢٤، چاپخانەی کوردستان، مهاباد.

٣١- ڕۆژنامەی کوردستان، ژمارە ٢٥، ساڵی یەکەم، یەک شەممە، ٢٦ی ڕەشەمێ ١٣٢٤، چاپخانەی کوردستان، مهاباد.

٣٢- ڕۆژنامەی کوردستان، ژمارە ٤٠، ساڵی یەکەم، شەممە، ٧ی بانەمەڕی ١٣٢٥، چاپخانەی کوردستان، مهاباد.

٣٣- ڕۆژنامەی کوردستان، ژمارە ٤١، ساڵی یەکەم، دووشەممە، ٩ی بانەمەڕی ١٣٢٥، چاپخانەی کوردستان، مهاباد.

٣٤- ڕۆژنامەی کوردستان، ژمارە ٤٤، ساڵی یەکەم، دووشەممە، ١١ی بانەمەڕی ١٣٢٥، چاپخانەی کوردستان، مهاباد.

٣٥- ڕۆژنامەی کوردستان، ژمارە ٥٦، ساڵی یەکەم، دووشەممە، ٢٠ی جۆزەردان ١٣٢٥، چاپخانەی کوردستان، مهاباد.

٣٦- ڕۆژنامەی کوردستان، ژمارە ٦٠، ساڵی یەکەم، پێنج شەممە، ٢٩ی جۆزەردان ١٣٢٥، چاپخانەی کوردستان، مهاباد.

٣٧- ڕۆژنامەی کوردستان، ژمارە ٦١، ساڵی یەکەم، چوارشەممە، ٥ی پوشپەڕی ١٣٢٥، چاپخانەی کوردستان، مهاباد.

٣٨- ڕۆژنامەی کوردستان، ژمارە ٦٢، ساڵی یەکەم، چوارشەممە، ٥ی پوشپەڕی ١٣٢٥، چاپخانەی کوردستان، مهاباد.

٣٩- ڕۆژنامەی کوردستان، ژمارە ٦٤، ساڵی یەکەم، سێ شەممە، ١١ی پوشپەڕی ١٣٢٥، چاپخانەی کوردستان، مهاباد.

٤٠- ڕۆژنامەی کوردستان، ژمارە ٢٥٧، ٢ی بانەمەڕی ١٣٧٧، ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان.

٤١- ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە ١٥٩٩، ساڵی حەوتەم، پێنج شەممە، ١٩٩٨/٤/٢٣، ڕۆژنامەیەکی سیاسی ڕۆژانی یەکیەتی نیشتمانی کوردستان دەریدەکات.

٤٢- ڕۆژنامەی هاواری نیشتمان، ژمارە ١، ساڵی یەکەم، پێنج شەممە، ١٩ی بانەمەڕی ١٣٢٥، چاپخانەی کوردستان، مهاباد.

٤٣- ڕۆژنامەی هاواری نیشتمان، ژمارە ٣، ساڵی یەکەم، پێنج شەممە، ٧ی جۆزەردان ١٣٢٥، چاپخانەی کوردستان، مهاباد.

٤٤- ڕۆژنامەی هاواری نیشتمان، ژمارە ٤، ساڵی یەکەم، شەممە، ١٧ی جۆزەردان ١٣٢٥، چاپخانەی کوردستان، مهاباد.

**ت- گۆڤار**

٤٥- گۆڤاری ئاسۆی پەروەردە، ژمارە ٢٥، تشرینی دوەمی ٢٠٠٢، گۆڤارێکی پەروەردەیی و ڕۆشنبیری مانگانەی گشتییە، وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەریدەکات.

٤٦- گۆڤاری کاروان، ژمارە ١٢٠، هەولێر، ١٩٩٨، گۆڤارێکی ڕۆشنبیری مانگانەی گشتییە، وەزارەتی ڕۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستان دەریدەکات.

٤٧- گۆڤاری کوردستان، ژمارە ١، ساڵی یەکەم، سەرماوەرزی، ١٣٢٤، چاپخانەی کوردستان، مهاباد.

٤٨- گۆڤاری کوردستان، ژمارە ٢، ساڵی یەکەم، ٣٠ی سەرماوەرزی ١٣٢٤، چاپخانەی کوردستان، مهاباد.

٤٩- گۆڤاری کوردستان، ژماره ٣، ساڵی یەکەم، خاکەلێوەی ١٣٢٤، چاپخانەی کوردستان، مهاباد.

٥٠- گۆڤاری کوردستان، ژماره ٤، ساڵی یەکەم، بانەمەڕی ١٣٢٤، چاپخانەی کوردستان، مهاباد.

٥١- گۆڤاری گڕوگانی منداڵانی کورد، ژماره ١، ساڵی یەکەم، ١ی بانەمەڕی ١٣٢٥، چاپخانەی کوردستان، مهاباد.

٥٢- گۆڤاری گڕوگانی منداڵانی کورد، ژماره ٢، ساڵی یەکەم، ١ی جۆزەردانی ١٣٢٥، چاپخانەی کوردستان، مهاباد.

٥٣- گۆڤاری گڕوگانی منداڵانی کورد، ژماره ٣، ساڵی یەکەم، ١ی پوشپەڕی ١٣٢٥، چاپخانەی کوردستان، مهاباد.

٥٤- گۆڤاری هەڵاڵە، ژماره ١، ساڵی یەکەم، ڕەشەمێی ١٣٢٥، چاپخانەی بۆکان، بۆکان.

٥٥- گۆڤاری هەڵاڵە، ژماره ٢، ساڵی یەکەم، خاکەلێوە ١٣٢٥، چاپخانەی بۆکان، بۆکان.

٥٦- گۆڤاری هەڵاڵە، ژماره ٣، ساڵی یەکەم، بانەمەڕی ١٣٢٥، چاپخانەی بۆکان، بۆکان.

٥٧- گۆڤاری هەواری کورد، ژمارە ١، ساڵی یەکەم، ڕەزبەری ١٣٢٤، چاپخانەی کوردستان، مهاباد.

٥٨- گۆڤاری هاواری نیشتیمان، ژمارە ١، ساڵی یەکەم، ١ی خاکەلێوەی١٣٢٥، چاپخانەی کوردستان، مهاباد.

**د- نامیلکە**

٥٩- دیاری مەلا محەمەدی کۆیی ١، ١٣٢٢.

٦٠- گوڵبژێرێک لە دیوانی حاجی قادری کۆیی، بلبلی نیشتمانی کوردستان ٢، ١٣٢٢.

٦١- دەستە گوڵێکی جوان و بۆنخۆش لە باغی نیشتیمان ٣، ١٣٢٢.

# پاشكۆ



جێژنی سەرماو بەرزبوو حاوتا

# کوردوستان

کوردوستان لە لایەن هەیئەتی تحریریە دەردەچێ

آبونمان
ساڵێ ٣٠٠ ریال
شەش مانگ ١٦٠ ریال
دانەی ١ ریال

بلاو کەرەوەی بیری حزبی دیموکراتی کوردوستان

ژمارەی ١ — ساڵی یەکەم — چاپ ئەمڕۆ ٢٠ – ١٠ – ١٣٢٤ — ١١ – ژانویە ١٩٤٦

## آمانجی ایمه


## ژنرالیسموس ستالین

(بەبۆنەی شصت وشەشەمین ساڵی لەدایك بونی)

## گفتوگوی جنابی قاضی محمد

پیشوای بەرزی کوردوستان دە گەڵ ماوەنێرانی رۆژنامەی تاران

وێنەی رۆژنامەی کوردوستان- ١٩٤٦



# هەلالە

ژمارە ١

سالی یەکەم

رەشەمەی ١٣٢٤

چاپخانەی بوکان

وێنەی بەرگی گۆڤاری هەلالە

بەنیوی خودای بەرزی بی هاوتا        بژی کوردو کوردستانی مەزن

# گروگالی مندالانی
## کورد

بیری کارگەرانی چاپخانەی کوردستان

ژمارە ٢

سالی ١


١ جوزردان ١٣٢٥

مهاباد ـ چاپخانەی کوردستان

وێنەی بەرگی گۆڤاری گڕوگاڵی منداڵانی کورد




وێنەی ڕۆژنامەی کوردوستان- ١٩٤٦


* هاواری کورد *

ژماره

١


ژ • ز به رة

١٣٢٤

شمسی

وێنەی بەرگی گۆڤاری هاواری کورد





پیشەواو کۆمەڵێک لەکاربەدەستانی کۆمار



پێشەوا لەحاڵەتی سلاوی کۆماری بۆ پێشمەرگەکان

## ناوەڕۆک


| بابەت | لاپەڕە |
| --- | --- |
| پێشەکی | ٥- ٨ |
| بەشی یەکەم | ٩ |
| ١-١/ مێژوی دروستبونی کۆماری کوردستان | ١٠- ٢٨ |
| ١-٢/ پەیوەندییەکانی کۆماری کوردستان | ٢٨ |
| ١-٢-١/ پەیوەندی کۆمار لەگەڵ حیزبی هیوادا | ٢٨- ٣١ |
| ١-٢-٢/ پەیوەندی کۆمار لەگەڵ حیزبی سۆڤییەتدا | ٣١- ٣٣ |
| ١-٢-٣/ پەیوەندی کۆمار لەگەڵ بارزانییەکان | ٣٣ |
| بەشی دوەم | ٣٤ |
| ٢-١/ بڵاوکراوەکانی کۆماری کوردستان | ٣٥- ٤٢ |
| ٢-٢/ بڵاوکراوەکانی پێش کۆماری کوردستان و دوای ڕوخانی کۆماری کوردستان. | ٤٣ |
| ٢-٢-١/ بلاوکردنەوەی دەنگی راستی | ٤٣ |
| ٢-٢-٢/ بڵاوکردنەوەی ٩ ژمارەی گۆڤاری نیشتمان | ٤٣- ٤٦ |

| | |
|---|---|
| ٢-٢-٣/ گۆڤاری نیشتیمان ژمارەی ٩ | ٤٦- ٤٧ |
| ٢-٢-٤/ ڕۆژنامەی کوردستان | ٤٧- ٤٨ |
| ٢-٢-٥/ ڕۆژنامەی ڕێگا | ٤٨ |
| ٢-٣/ باس و بابەتەکانی نێو ڕۆژنامەو گۆڤارەکانی سەردەمی کۆماری کوردستان | ٤٩ |
| ٢-٣-١/ ڕۆژنامەی کوردستان | ٤٩- ٦٠ |
| ٢-٣-٢/ ڕۆژنامەی هاواری نیشتمان | ٦٠- ٦٥ |
| ٢-٣-٣/ گۆڤاری کوردستان | ٦٦- ٧٣ |
| ٢-٣-٤/ گۆڤاری هەڵاڵە | ٧٣- ٨١ |
| ٢-٣-٥/ گۆڤاری گڕوگاڵی منداڵانی کورد | ٨١- ٨٩ |
| ٢-٣-٦/ گۆڤاری هاواری نیشتمان | ٨٩- ٩٤ |
| ٢-٣-٧/ گۆڤاری هاواری کورد | ٩٤- ١٠٠ |
| ٢-٣-٨/ گۆڤاری ئاوات | ١٠٠- ١٠٣ |
| ٢-٤/ چالاکییە ڕۆشنبیریەکانی سەردەمی کۆماری کوردستان | ١٠٣- ١٣٤ |

| | |
|---|---|
| بەشی سێیەم | ١٣٥ |
| ٣-١/ بیبلۆگرافیای ڕۆژنامەگەری پێش دامەزراندنی کۆماری کوردستان | ١٣٦ |
| گۆڤاری نیشتمان | ١٣٦- ١٤٧ |
| ٣-٢/  بیبلۆگرافیای ڕۆژنامەگەری سەردەمی کۆماری کوردستان | ١٤٨ |
| ٣-٢-١/ ڕۆژنامەی هاواری نیشتمان | ١٤٨ -١٥٢ |
| ٣-٢-٢/ گۆڤاری کوردستان | ١٥٣- ١٦٠ |
| ٣-٢-٣/ گۆڤاری هەڵاڵە | ١٦١- ١٦٦ |
| ٣-٢-٤/ گۆڤاری گڕوگاڵی منداڵانی کورد | ١٦٧-١٦٩ |
| ٣-٢-٥/ گۆڤاری هاواری نیشتمان | ١٧٠- ١٧١ |
| ٣-٢-٦/ گۆڤاری هاواری کورد | ١٧٢- ١٧٣ |
| ئەنجام | ١٧٤ -١٧٥ |
| سەرچاوە | ١٧٦- ١٨٥ |
| پاشکۆ | ١٨٦-١٩٣ |